# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (391) دووشەممە 2016/1/11 – 21ی بەفرانبار 2715 (750) دینار


## تۆڕی هەژارانی عێراق پڕە لە ناوی بەرپرس

**ڕووداو– سلێمانی**

ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت چوار ملیۆن و 500 هەزار عێراقی ناویان لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا هەیە کە مانگانە مووچەیەکی ڕەمزی وەردەگرن، لە لیستی مووچەکانی ئەو تۆڕەدا ناوی ژمارەیەکی زۆر بەرپرسیش هەن.

تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە و مانگانە مووچە بەو ژنانە دەدات کە مێرد، یان بەخێوکەری خێزانیان نەماوە، هەروەها ئەوانەی کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن و ئەوانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی بژێویان نییە.

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە ئەنجامی بەدواداچوونیان دەرکەوتووە چوار ملیۆن و 500 هەزار کەس لەو تۆڕە مووچە وەردەگرن، گوتیشی " بەداخەوە لەو ژمارەیە نزیکەی 40 هەزار فەرمانبەر و بەرپرسی حکومی و پلەداری سەربازی و کەسوکاری ئەوانەی تێدایە".

عادل نووری گوتی "لەوەش سەیرتر هەندێکیان بازرگان و پزیشک و ئەندازیارن".

هەروەها ئاشکرای کرد کە بەهۆی ئەو بەدواداچوونەی لە شەش مانگی کۆتایی 2015دا بۆ کارەکانی تۆڕەکە کردوویانە، نزیکەی 126 ملیار دیناریان بۆ خەزێنەی دەوڵەت گەڕاندووەتەوە.

2 »



**ئوسامە نوجێفی، بۆ ڕووداو:**

### پێویست ناکات پێشمەرگە بچنە نێو مووسڵ

5

### سەرمای هێلسنکی کۆچبەرانی کورد ڕاودەنێت

11

**بە مەزندەی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا**

### لە 20 ساڵی داهاتوودا چی چاوەڕێی جیهان دەکات؟

17-16


# یەکێتی پێشنیازی دابەشکردنی سێ سەرۆکایەتییەکە دەخاتە بەردەم پارتی

3 »






رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (391) دووشەممە 2016/1/11



## بەڕێوەبەری تەندروستیی ئامێدی دەگۆڕدرێت

**روودا‌و – دهۆک**

لەسەر داوای لێژنەی تەندروستیی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک و دوای پێکهێنانی لێژنەیەکی بەدواداچوون، بەڕێوەبەری تەندوستی ئامێدی لە پۆستەکەی لادەدرێت. شیلان حوسێن، ئەندامی لێژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە (روودا‌و)ی راگەیاند پێشتر ئەو بەڕێوەبەرەیان وەکو میوان بانگهێشتی ئەنجوومەن دەرکەوت کەموکوڕی زۆر لە کارەکەیدا هەبووە. ناوبراو هەروەها گوتی "لەسەر ئەو بابەتە قسەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی دهۆک کردووە، ئەویش پێیڕاگەیاندین، لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکاندا، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندورستی ئامێدی دەگۆڕین".

# تۆڕی هەژارانی عێراق پڕە لە ناوی بەرپرس

### ئەندامێکی لێژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق:

## 40 هەزار بەرپرس و کەسوکاریان مووچەی هەژاری وەردەگرن

**پشتیوان جەمال**
**روودا‌و– سلێمانی**

ئەندامێکی لێژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت چوار ملیۆن و 500 هەزار عێراقی ناویان لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا هەیە کە مانگانە مووچەیەکی رەمزی وەردەگرن، لە لیستی مووچەکانی ئەو تۆڕەدا ناوی ژمارەیەکی زۆر بەرپرسیش هەن.

تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە و مانگانە مووچە بەو ژنانە دەدات کە مێرد، یان بەخێوکەری خێزانیان نەماوە، هەروەها ئەوانەی کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن و ئەوانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی بژێویان نییە، مووچەی مانگانەی ئەو کەسانە لە 110 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات.

عادل نووری، گوتەبێژی لێژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (روودا‌و)ی راگەیاند، دوای گەیشتنی چەندین زانیاری و بەڵگە لەسەر "کاری نایاسایی" ئەو تۆڕە، لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی 2015دا دەستیان بە بەدواداچوون بۆ کارەکانی تۆڕەکە کردووە و گوتی "بەپێی بەدواداچوونەکانمان دەرکەوت چوار ملیۆن و 500 هەزار کەس لەلای ئەوان مووچە وەردەگرن، بەڵام بەداخەوە لەو ژمارەیە نزیکەی 40 هەزار فەرمانبەر و بەرپرسی حکومی و پلەداری سەربازی و کەسوکاری ئەوانەی تێدایە".

گوتەبێژەکەی لێژنەی دەستپاکی سەرسوڕمانی خۆی لە هەندێک ناوی ناو ئەو تۆڕە دەربڕی و گوتی "جگە لەو بەرپرسانە، هەندێکی دیکەیان فەرمانبەری خانەنشین و بەشێکیشیان ئەو ژنانەن کە پێشتر جیابوونەتەوە و لەو تۆڕە سوودمەند بوون، بەڵام دواتر شوویان کردووەتەوە و تا ئێستاش ئەو مووچەیە وەردەگرن، یاخود هەندێکیان مردوون و ناویان نەکوژاوەتەوە، لەوەش سەیرتر هەندێکیان بازرگان و پزیشک و ئەندازیارن".

### 126 ملیار بۆ حکومەت گەڕاوەتەوە

وەکو عادل نووری ئاشکرای کرد، بەهۆی ئەو بەدوادا چوونەی لە شەش مانگی کۆتایی 2015دا بۆ کارەکانی تۆڕەکە کردوویانە، نزیکەی 126 ملیار دیناریان بۆ خەزێنەی دەوڵەت گەڕاندووەتەوە و گوتی "تائێستا تەنیا کارمان لەسەر بەرپرسە باڵاکان کردووە، هێشتا لە بەدواداچوونیش بەردەوامین، چونکە سەرەتا زانیاریمان لە وەزارەتەکان وەرگرتووە و پاشان لەگەڵ ئەو ناوانەی لە تۆڕەکەدا هەن بەراوردیان دەکەین و ئەگەر ناوی دووبارەی تێدا بوو دەریدەکەین و دوای لێسەندنەوەی ئەو پارەیەی وەریانگرتووە، دەیاندەینە دادگا".

بەبۆچوونی گوتەبێژەکەی لێژنەی دەستپاکی، تۆمارکردنی ناوی 4 ملیۆن و 500 هەزار کەس لەو تۆڕە زۆر زۆرە و گوتی "گومانمان لە 70%ی ئەو ناوانە هەیە".

رێزان شێخ دلێر، ئەندامی لێژنەی ژنان و خێزان و منداڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە سەرپەرشتی کارەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەو ژمارەیەی لێژنەی دەستپاکی بۆ (روودا‌و) پشتڕاست کردەوە و گوتی "کارەکانی لێژنەی دەستپاکی وردن و ئەو ژمارەیە زۆر زۆرە، بێگومان خەڵکی وەهمیش لەنێو تۆڕەکەدا هەن و داوا دەکەین ئەو کەسانە بدرێنە دادگا".

هەرچەندە بەهۆی شەڕ و توندوتیژی لە عێراقدا، ژمارەی ئەو ژنانەی مێردیان کوژراوە یان بێ سەروشوێن بوونە زیاتر بوون، بەڵام وەکو رێزان شێخ دلێر گوتی "تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو ژنانە بە تەواوی نازانین، بەڵام پێدەچێت زیاتر لە ملیۆنێک بن".



چوار ملیۆن و 500 هەزار عێراقی ناویان لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا هەیە

# دوو هاووڵاتی پرۆژەیەکی 600 مێگاواتی کارەبا رادەگرن



**تەیار عادل گۆران**
**روودا‌و– هەولێر**

بەهۆی هەڕەشە لێکردنییەوە لەلایەن دوو کەسەوە، کۆمپانیایەکی تورکی ناچار دەبێت کارکردن لە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لە شاری هەولێر رابگرێت و کرێکارەکانی بنێرێتەوە ماڵەوە، پۆلیسیش ئەو دوو کەسە دەستگیر دەکات.

کۆمپانیای پوسوی کۆری لە رێگەی کۆمپانیای گامای تورکییەوە، کار لە دروستکردنی پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بەبڕی 600 مێگاوات لە سنووری قەزای خەبات دەکات، بەڵام لەلایەن دوو دانیشتووی گوندێکی گردەڕەشەی قەزاکە کێشەیان بۆ دروست دەکرێ و ناچار دەبن کارەکانیان رابگرن.

رزگار مستەفا، قایمقامی قەزای خەبات بە (روودا‌و)ی راگەیاند، ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرنگە و قۆناغی یەکەمی 300 مێگاواتە و کاری تێدا دەکرا، نزیکەی 1700 کرێکار کاریان تێدا دەکرد، بەڵام بەهۆی کێشەی دوو هاووڵاتی گوندی گردەڕەشە لەگەڵ کۆمپانیاکە، کارەکانیان راگرتووە و کرێکارەکانیشیان ناردووەتەوە ماڵەوە. گوتیشی "هەفتەی رابردوو ئەو دوو هاووڵاتییە هێرشیان کردووەتە سەر کۆمپانیاکە".

بە گوتەی رزگار مستەفا، ئەو دوو کەسە هەر لە سەرەتاوە کێشەیان بۆ کۆمپانیاکە دروستکردووەو داوایان کردووە خۆیان کار لە کۆمپانیاکەدا بکەن و هەر ئەوانیش کرێکار بۆ کۆمپانیاکە دابین بکەن، کۆمپانیاکە بە داواکارییەکەیان رازی بووە و چەندین کرێکار و کارمەندی بۆ دامەزراندوون.

رزگار مستەفا گوتی "ئەو دوو کەسە (ح و خ) کۆمپانیایەکیان دامەزراندبوو کاریان بۆ کۆمپانیای گاما دەکرد، بەڵام چەندین کێشەیان بۆ کۆمپانیاکە دروست کرد". گوتیشی "کۆمپانیای گاما سکاڵای لەسەر ئەو دوو کەسە لە دادگای خەبات تۆمار کردووە، بە تۆمەتی ئەوەی پارەیان لە کۆمپانیاکە وەرگرتووە، ئێستا هەردووکیان دەستگیرکراون".

رزگار مستەفا دەڵێت ئەو دوو کەسە بە مەنتقی هێز هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمپانیاکە دەکرد، دواجار تەقەیان لە کۆمپانیاکە کردبوو، بۆیە کۆمپانیاکە کارەکەی راگرت. گوتیشی "تەنانەت پۆلیسی ناوچەکەش دەرەقەتی ئەوان نەدەهات، دوای سکاڵای کۆمپانیاکە هێزێکی تایبەت لە وەزارەتی ناوخۆ هاتن و ئەو دوو کەسەیان دەستگیرکرد".

حەسەن عەلی بابۆ موختاری گوندی گردەڕەشە کە ئامۆزای (ح و خ)یە، گوتی "ئەو دوو کەسە لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان زیانیان بە بەرژەوەندیی گشتی گەیاندووە، چونکە بەهۆی ئەوانەوە پرۆژەیەکی 600 مێگاواتی راگیراوە".

حەسەن عەلی ئاشکرای کرد کە "(ح) هێرشی کردووەتە سەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای گاما و بە زللە لێیداوە، هەروەها جامی ئۆتۆمبێلەکەشی شکاندووە، ئەوەش هەمووی بە بیانووی ئەوەی کۆمپانیاکە مافی ئەوانی خواردووە، بەڵام من ئاگادارم نزیکەی 6 ملیۆن دۆلاریان بەنێوی بەڵێندەرایەتی وەرگرتووە. 16 کەسی نزیکی خۆی لە کۆمپانیاکە دامەزراندبوو، دەیانویست هەموو دەسەڵاتێکیان لە کۆمپانیاکەدا هەبێ، بە کەیفی خۆیان خەڵک دەربکەن و دابمەزرێنن".

بە گوتەی حەسەن، کۆمپانیاکە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کرێکار کردووە و چەندین ئۆتۆمبێلیشی بەکرێ گرتبوو، بەهۆی ئەو کێشەیەوە ئێستا کرێکارەکان بەبێ ئیش ماونەتەوە.

پرۆژەکە لەسەر زەوی 16 جوتیاری گوندەکە دروستکراوە، حەسەن دەڵێت هەر 16 جوتیارەکە قەرەبوویان وەرگرتووە.

بەڵام هاووڵاتیانی گوندەکە قسەی خۆیان هەیە و دەڵێن کۆمپانیاکە غەدری لێکردوون. بەدرەدین سەعید کە گەنجێکی گوندەیەکە و لە دووکانێکی گوندەکە دۆمینەی دەکرد، گوتی "من شوفێری شۆفڵی کۆمپانیاکەی (ح.خ) بووم، بەڵام چەند مانگێکە پارەم وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکە پارەی نەداوین، بۆیە ئێمەش خۆپیشاندانمان کرد و چووینە بەردەم کۆمپانیاکە و داوای پارەی خۆمان کرد و کاک (ح)یش بە کۆمپانیاکەی گوت نابێت کار بکەن تاوەکو پارەی ئێمە نەدەن، بەڵام ئەوان تەقەیان لێکردین و کارمەندە تورکەکانیش بە ئێمەیان گوت نابێت کرێکاری کورد لەم کۆمپانیایە کار بکات".

# پیاوێک 300 ئافرەتی کوردی ئێزدی رزگار دەکات

**ناسر عەلی**
**روودا‌و– دهۆک**

پیاوێکی کوردی ئێزدی دەڵێت لە دوای گرتنی شنگالەوە لەلایەن داعش و بردنی ئافرەتانی ئێزدی لەلایەن چەکدارانی ئەو رێکخراوە، 300 لەو ئافرەتانەی رزگار کردووە کە هەر یەکێکیان چیرۆکێکی هەیە.

موراد بەرجەس، کوردێکی ئێزدییە و لە شاری دهۆک نیشتەجێیە، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دوو تەلەفۆنی لەبەردەم خۆی داناوە و زوو زوو زەنگی مۆبایلەکانی لێدەدات، هەندێکجار بە عەرەبی و هەندێکجاریش بە کوردی وەڵام دەداتەوە. هەموو پەیوەندییەکانیشی دەربارەی رزگارکردنی ئافرەتانی کوردی ئێزدی بوو لە دەستی داعش.

موراد دەڵێت "دوای سێ هەفتە لە هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، چەند کەسێک کە ئێزدی بوون، لە شاری رەققەی سووریاوە تەلەفۆنیان بۆ کرد و داوایان کرد رزگاریان بکەم، منیش یەکسەر هەوڵەکانی خۆم خستەگەڕ و سەرەتا توانیم سێ کچی ئێزدی رزگار بکەم".

رزگارکردنی ئەو سێ کچە بەس بوو بۆ ئەوەی موراد وەکو فریادڕەسی ئافرەتە ئێزدییەکانی لای داعش ناو دەربکات و زۆربەی ئەوانەی رۆڵەکانیان کەوتبووە دەست داعش، پەیوەندیی پێوە بکەن.

موراد دەڵێت 13 کەس لە کەسە نزیکەکانی کەوتوونەتە دەست داعش، هەندێکیان تاوەکو ئێستا چارەنووسیان دیار نییە "تەنیا لە خێزانەکەی خۆم دوو ژنبرا و دوو خوشک و چوار برازام بێ سەروشوێنن، من زۆر بەباشی لە ئازاری ئەوانە تێدەگەم کە رۆڵەکانیان کەوتوونەتە دەست داعش، بۆیە هەر کەسێک پەیوەندیم پێوە بکات، ئەوەی لە توانامدا بێت بۆی دەکەم".

هەریەک لەوانەی موراد رزگاری کردوون، چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام موراد زۆر کاریگەر بووە بە چیرۆکی کچێکی تەمەن 12 ساڵان. موراد چیرۆکی ئەو کچەی گێڕایەوە و گوتی "ئەو کچە چوار مانگ لەمەوبەر لە رەققەوە پەیوەندی پێوەکردم و باسی ژیانی خۆی کرد کە چۆن لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، هاواری دەکرد دەیگوت توخوا رزگارم بکە لە دەست ئەو چەکدارانە، تا ئێستا 16 کەس دەستدرێژییان کردووەمەتە سەر".

موراد کاتێک گوێی لە هاواری ئەو کچە دەبێت، هەوڵ دەدات بە هەر نرخێک بێت ئازادی بکات. موراد گوتی "ئەو کچە سەرجەم کەسوکارەکەی کەوتبوونە دەستی داعش، کەس داوای لێنەکردم، بڕیارم دا لە پێناوی خودا رزگاری بکەم، ماوەی یەک مانگ هەوڵم دا تاوەکو توانیم رزگاری بکەم، چیرۆکەکەی زۆر کاری تێکردم، بەڵام کە رزگارم کرد زۆر ئاسوودە بووم، لەو باوەڕەدا نیم قەت چیرۆکی ئەو کچەم لەبیر بچێت".

موراد هەر یەکێک لەو ئافرەتانەی لەبەرامبەر بڕێک پارە رزگار کردوون، بەڵام ئامادە نەبوو بڕی ئەو پارەیە ئاشکرا بکات کە لە رزگارکردنی ئەواندا خەرجی کردووە. ئەو گوتی "ئافرەت هەبووە بە 500 دۆلار رزگار کراوە، هەبووە 10 هەزار دۆلارمان خەرج کردووە تاوەکو رزگارمان کردووە".

سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی بۆ رزگارکردنی ئەو ئافرەتانە، موراد گوتی "سەرجەم ئەوانەی بەرێگای ئێمە رزگارکراون، بە هاوکاریی نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئاوارەکان بووە و تا ئێستاش هەر ئەوان هاوکاریمان دەکەن".

مۆبایلەکانی موراد پڕن لە وێنەی ئەو ئافرەت و منداڵانەی لەلایەن داعشەوە بردراون کە موراد بە 2000 وێنە مەزندەیان دەکات. ئەو دەڵێت شوێنی بەشێکیان پێدەزانم، بەڵام ئەوانی دیکە زۆربەیان بێ سەروشوێنن".

ئەو کاتەی لە ماڵەکەی موراد بووین، دوو کوردی ئێزدی هاتن و ناو و وێنەی چەند کەسێکیان هێنابوو تاوەکو موراد سۆراغیان بکات و ئەگەر لە ژیاندا مابن رزگاریان بکات. موراد گوتی "من بەڵێنم بە خۆم داوە، هەتا یەک کوردی ئێزدی لە دەستی داعشدا مابێت، هەوڵی رزگارکردنیان دەدەم". گوتیشی "تا ئێستا 300 ئافرەتی کوردی ئێزدیم لە دەستی داعش رزگار کردووە".

موراد لەبەر پاراستنی ژیانی ئەو کەسانەی هێشتا لە دەستی داعشدا ماون، ئامادە نەبوو باسی چۆنیەتی رزگارکردنی ئەو ئافرەتە ئێزدیانە بکات، بەڵام گوتی زۆربەی ئەوانەی رزگاری کردوون لە تەلەعفەر بوون، بەشێکیش لە مووسڵ و رەققە و درێرەزوور بوون.

سەبارەت بەو کەسانەی هاوکارییان کردووە، موراد گوتی "زۆربەی ئەو ئافرەتانەم بە هاوکاریی عەرەبی ئەو ناوچانەی ئافرەتەکانی لێبووە رزگار کردووە، بۆیە ناکرێ بڵێین هەموو عەرەب خراپن، چونکە عەرەبی وا هەیە لە زۆر کورد دڵسۆزتر بووە، لە پێناوی ئەو ئافرەتانە ژیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە".



یەکێک لەو کچانەی کە موراد لەدەستی داعش رزگاری کردووە

ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە(391)  دووشەممە  2016/1/11

## یەکگرتوو: لە مانگی ئایاردا کۆنگرە دەبەستین

**ڕووداو- سلێمانی**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕیاریداوە لەکاتی خۆیدا کۆنگرەی حەوتەمی ببەستێ. مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر دواخستنی کۆنگرەکەیان نابێت، لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا لەکاتی خۆیدا کۆنگرە دەبەستین". سەبارەت بە کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر بەستنی کۆنگرە، مستەفا عەبدوڵڵا گوتی "قەیرانەکە کاریگەری لەسەر هەموو کوردستان هەیە، بەڵام کۆنگرەکانی ئێمە تێچوویەکی زۆریان ناوێ". یەکگرتوو ئیسلامی کوردستان لە ساڵی 2012 کۆنگرەی شەشەمی بەست و محەممەد فەرەج وەک ئەمیندار هەڵبژێردرا.

# یەکێتی پێشنیازی دابەشکردنی سێ سەرۆکایەتییەکە دەخاتە بەردەم پارتی



ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی:

### هەموو دەرگایەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی کراوەیە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی خۆی ئامادە کردووە بۆئەوەی پرۆژە نوێیەکەی بخاتە بەردەم پارتی. پێش ئەوەی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە بکرێ (ڕووداو) بەشی سەرەکیی پرۆژەکەی دەستکەوتووە کە بەگوێرەی ئەوە چیدی پارتی نابێ لەیەک کاتدا دوو سەرۆکایەتی کوردستانی بەدەستەوە بێت. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیش دەڵێ "هەموو دەرگایەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی کراوەیە".

ڕەنگە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا مەیدانی سیاسەت لە کوردستان گەرموگوڕیی زۆری تێبکەوێ، بە تایبەتی پەیوەندی نێوان یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

یەکێتی پرۆژەیەکی ئامادە کردووە بیخاتە بەردەم پارتی کە ڕەزامەندی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە (مەلا بەختیار، عومەر فەتاح و حاکم قادر)ی لەسەرە، هەروەها کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە سەرکردەی باڵی دەستڕۆشتووی نێو یەکێتییە، بە پرۆژەکە ڕازین.

مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی پرۆژەی حیزبەکەی بۆ پارتی ئاشکرا بکات، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دوێنێ (یەکشەممە) ڕایگەیاند "یەکێتی و پارتی دەبێ ڕێککەوتنێکی نوێ بکەن". هەروەها گوتی "پرۆژەکە ئامادە کراوە و لەلایەن جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی و دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسییەوە ڕەزامەندی لەسەر دراوە".

پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ دواکەوتووە. مەحموود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیار بوو دوای کۆبوونەوەی یەکێتی لەگەڵ پارتی لە هەولێر، یەکێتی بگەڕێتەوە و لەنێوخۆیاندا هەندێ پێشنیاز تاوتوێ بکەن و دواتر لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆببنەوە و بگەڕێنەوە، بەڵام کۆبوونەوەکە دواکەوت کە ڕەنگە هەندێکی پەیوەندی بە دۆخی نێوخۆی یەکێتییەوە هەبێ".

پێدەچی پارتی پەرۆشی ئەنجامدانی کۆبوونەوە و ڕێککەوتن بێ لەگەڵ یەکێتی، بۆیە مەحموود محەممەد کە ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری پارتییە لەگەڵ حیزبەکان، دەڵێت "چاوەڕێی هاتنی یەکێتی دەکەین".

دەربارەی ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ یەکێتی، ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت "هەموو بژارەیەک لەگەڵ یەکێتی کراوەیە، چ ڕێککەوتنێکی نوێ بێت، یان دەستکاری ڕێککەوتنی پێشوو بکەین یان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام کارای بکەین".

یەکێتی و پارتی لە 2007/7/27 ڕێککەوتنێکی ستراتیژییان واژۆ کرد، بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە تاوەکو هەڵبژاردنەکانی 2014 حوکمڕانی هەرێمی کوردستان 50 بە 50 لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا دابەش کرابوو.

سەرچاوەیەکی باڵا لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە پرۆژەکەی یەکێتی بینیوە، بەشێکی پرۆژەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "یەکێتی پرۆژەکەی لەسەر بنەمای تەوافوق دارشتووە، چونکە کوردستان پێویستی بە تەوافوقە و ڕەنسیپی زۆرینە لە کوردستان سەرناگرێ".

ئەو سەرچاوە باڵایەی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، لەبارەی ناوەڕۆکی پرۆژەکە گوتی "تایتڵی پرۆژەکەی یەکێتی سێ خاڵە: یەکەم لیستی زۆرینە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بەربکەوێ. دووەم لیستی براوە سەرۆکی حکومەت و لیستی سێیەمیش سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان".

بەڵام پێناچێت ئەو پێشنیازەی یەکێتی وا بەئاسانی لەلایەن پارتییەوە قبووڵ بکرێ کە پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی لە دوو هەڵبژاردنی لێکجیاوازدا وەرگرتووە.

هیچ یاسایەک لە هەرێمی کوردستان نییە کە لیستی براوە لە هەڵبژاردندا دەبێ سەرۆکی حکومەت بگرێتە دەست، پێشتریش گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "ڕاستە هیچ یاسایەک نییە بۆ ئەوە، بەڵام بووەتە عورف کە لیستی براوە کابینەی حکومەت پێکدێنێ".

دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی پرۆژەکەی یەکێتی بە (ڕوواو)ی ڕاگەیاند "بەبڕوای من ئەم دابەشکردنە بەو شێوازە گونجاو نییە، چونکە ئەمە پاشەکشەیەکی گەورەیە لە پرۆسەی دیموکراسی".

دڵشاد شەهاب کە ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری پارتییە لەگەڵ حیزبەکان، پێیوایە "پرۆژەکەی یەکێتی دژی بنەما یاساییەکانە و ناکرێ ئەمە ببێتە بڕیار، چونکە ئەمە جێگەی دەستوور دەگرێتەوە و پێشێلکردنی یاساکانە و نامانەوێ وەکو عێراق بین".

ئەندامەکەی سەرکردایەتی پارتی تەواوی بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە ڕەتناکاتەوە "مومکینە پێشنیازێکی لەو شێوەیە لە دوای هەڵبژاردن یاخود لەکاتی هەڵبژاردن و بۆ کاتێکی دیاریکراو گفتوگۆی لەسەر بکەین".

پارتی و یەکێتی ئێستا لەهەموو کات زیاتر هەوڵ دەدەن لە یەکدی نزیک ببنەوە. مەلا بەختیار لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر پارتی لەگەڵ گۆڕان یان ئیسلامییەکان یان هەر حیزبێکی دیکە کێشەی هەبێ، کاریگەری ئەوتۆی نابێ، یەکێتیش هەروا، جگە لە پارتی کێشەی لەگەڵ کام لایەنی دیکە هەبێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هەرێمی کوردستان نابێ، بەڵام هەر کاتێ نێوانی پارتی و یەکێتی تێکچوو یان کێشەی تێکەوت، ئەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو هەرێمی کوردستان دەبێ".

### بارزانی و هێرۆ ئیبراهیم کۆدەبنەوە

جگە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کە چاوەڕێ دەکرێ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بکرێ، بڕیارە لەم ڕۆژانەدا کۆبوونەوەیەک لە نێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەهەمانکاتدا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەڕێوەبچێ کە ڕابەرایەتی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی دەکات.

مەحموود محەممەد لە بارەی کۆبوونەوەی نێوان بارزانی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت "ئامادەکاری دەکرێ بۆ دیداری نێوان بارزانی و هێرۆخان و بڕیارە لەم ڕۆژانەدا ئەو کۆبوونەوەیە بکرێ".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لەسەر باڵی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی هەژمار دەکرێ، لەبارەی کۆبوونەوەی نێوان بارزانی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت "هێرۆخان ئاراستەی کارکردنی لەگەڵ بەغدایە و جیاوازە لەگەڵ ئاراستەی بارزانی، بەڵام لە بنەڕەتدا هێرۆخان ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی و بارزانی هەیە، باڵی هێرۆخان لە حکومەت هیچ کێشەیان نییە، کاک قوباد جێگری سەرۆکی حکومەتە و دەوامی خۆی دەکات و بەیەکەوە نەوت دەفرۆشن".

سالێک بەسەر وادەی بەستنیدا تێپەڕیوە

# پارتی دەیەوێ بەدیلی کۆنگرە بدۆزێتەوە

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی:

### 99.99 %ی کادیرانی پارتی گلەییان لە دواکەوتنی کۆنگرە نییە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو شەرعیەتەی کۆنگرەی 13ی پارتی بە سەرکردایەتی حیزبی دابوو، کۆتایی هاتووە، ئێستا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدوای ڕێگە چارەیەکەوەن بۆئەوەی بڕیارێک بدەن جێی کۆنگرە بگرێتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتیش دەڵێ دواکەوتنی کۆنگرە نەبووەتە کێشە، چونکە 99.99%ی کادیرانی پارتی گلەییان لە دواکەوتنی کۆنگرە نییە.

کۆتای ساڵی 2010 پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە گەورەترین حیزبی باشووری کوردستان هەژمار دەکرێ، سێزدەمین کۆنگرەی خۆی لە هەولێر بەست، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە کە لە دوایین کۆنگرە دەنگی لەسەر دراوە، دەبێ هەر چوار ساڵ جارێک، پارتی کۆنگرە ببەستێ. بەو پێیەش دەبووایە لە کۆتایی ساڵی 2014دا چواردەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام ساڵێک زیاتر بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوە.

مەحموود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی دواکەوتنی کۆنگرەی 14 بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی بۆی هەیە دوای چوار ساڵ بەگوێرەی بارودۆخی حیزب و کوردستان و ناوچەکە، کۆنگرە بۆ ساڵێک دوابخات، ساڵێکمان دواخست، ساڵەکەش تەواو بووە، ئێستا بڕیارە هەر لەم مانگەدا سەرکردایەتیی پارتی کۆببێتەوە و تێیدا بڕیار بدرێ کە چی بکرێ".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی باسی چۆنیەتی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دەکات دوای تەواوبوونی وادەی دیاریکراو بۆ کۆنگرە "لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حیزب کە سەرۆک بارزانی تێیدا بەشدار دەبێ، لەوێ بڕیار دەدرێ کە چی بکەین، چونکە دەبێ تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکە بکەین، پێشتریش حاڵەتی وا ڕوویداوە".

پارتی دیموکراتی کوردستان لە 1946/8/16 بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوە. سەرەتا ناوی (پارتی دیموکراتی کورد) بووە و لە کۆنگرەی سێیەمدا کە لە 1953/1/26 لە شاری کەرکووک بەسترا، بڕیار درا ناوەکەی بکرێتە (پارتی دیموکراتی کوردستان).

تاوەکو ئێستا لە کۆی 13 کۆنگرە کە پارتی بەستوویەتی تەنیا دوو جار دوای چوار ساڵ کۆنگرەی خۆی بەستووە، ئەویش لەنێوان کۆنگرەی پێنجەم و شەشەم کە لە ساڵانی 1960 بۆ ساڵی 1964 بووە، هەروەها لەنێوان کۆنگرەی هەشت و نۆ کە لە ساڵانی 1966 بۆ 1970 بووە. بەڵام جاری وا هەبووە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک پارتی کۆنگرەی بەستووە، جاری واش هەبووە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ و جاریش هەبووە نێوانی کۆنگرە بۆ کۆنگرە گەیشتووەتە 9 بۆ 11 ساڵ.

عەلی حوسێن، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لەبارەی دواکەوتنی کۆنگرە بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیارە لەم مانگەدا کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بکرێ". گوتیشی "ئەگەر پارتی کۆنفرانسیش بکات دەسەڵاتی نییە کۆنگرە دوابخات، بەڵام ماددەیەکی قانونی هەیە بەناوی (القدره القاهره) کە ئەگەر شتێک لەدەسەڵاتی تۆدا نەبێ، ناچاری بڕیار بدەی و بەگوێرەی دۆخەکەبێ ناتوانین کۆنگرە ببەستین".

عەلی حوسێن ئاشکرای دەکات کە ئێستا حیزبەکەی بارودۆخەکە دیراسە دەکات "بەڵام دەکرێ سەرکردایەتی پارتی بڕیاری کۆنگرە بدات، ئەگەر تاوەکو کۆتایی ئەمساڵیش بێ".

ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی پارتی، هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی کۆنگرەی پارتی بۆ شەڕی داعش دەگێڕێتەوە و ڕەتیدەکاتەوە کە گومان لە شەرعیەتی سەرکردایەتی حیزبەکەی هەبێ.

عەلی تەتەر، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "پێمان خۆش نییە بۆ بەرپرسیارێتی و سەرکردایەتی پارتی لە دوای چوار ساڵ یەک ڕۆژیش تێپەڕێ، بەڵام بارودۆخ ناچاری کردین کۆنگرە دوابخەین، چونکە بەشێکی زۆری ئەندامانی پارتی لە بەرەکانی شەڕدان لەگەڵ داعش و ناکرێ بەرەکانی شەڕ چۆڵ بکەین تاوەکو کۆنگرە بکەین".

هەرچەندە هیچ ئامارێک یان ڕای کادیرانی پارتی وەرنەگیراوە لەسەر دواکەوتنی کۆنگرە، بەڵام بە بڕوای عەلی تەتەر "99،99%ی کادیرانی پارتی لەم دۆخەدا گلەییان نییە لە دواکەوتنی کۆنگرە و بچوکترین گومانیش لە شەرعیەتی سەرکردایەتی پارتی نییە".

گوتیشی "ئەگەر دەرفەتی کۆنگرە هەبێ و نەکرێ، ئەندامانی کۆنگرە مافی خۆیانە داوا بکەن، بەڵام کە ئێستا دەرفەت نییە، بڕوا ناکەم داوای بەستنی کۆنگرە بکەن".




**کۆنگرەکانی پارتی:**

کۆنگرەی یەک: لە 1946/8/16 بە نهێنی لە شاری بەغدا، لە ماڵی سەعید فەهیم بەسترا.
کۆنگرەی دوو: لە مانگی ئاداری 1951 لە شاری بەغدا لە ماڵی عەلی حەمدی، بەسترا.
کۆنگرەی سێ: لە 1953/1/26 لە شاری کەرکووک بەسترا.
کۆنگرەی چوار: 4-1959/10/7، لە شاری بەغدا بەسترا.
کۆنگرەی پێنج: لە ئایاری 1960 لە شاری بەغدا بەسترا.
کۆنگرەی شەش: لە تەممووزی 1964 لە شارۆچکەی قەڵادزێ بەسترا.
کۆنگرەی حەوت: لە 1966/11/15 لە گەڵاڵە بەسترا.
کۆنگرەی هەشت: لە 1970/7/1 لە ناوپردان بەسترا.
کۆنگرەی نۆ: لە 1979/10/4، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسترا.
کۆنگرەی دە: لە 2-1989/12/12، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسترا.
کۆنگرەی یازدە: لە 1993 لە هەولێر بەسترا.
کۆنگرەی دوازدە: لە 6-1999/10/14، لە هەولێر بەسترا.
کۆنگرەی سێزدە: لە 11-2010/12/18 لە هەولێر بەسترا.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (391)  دووشەممە  2016/1/11



## شێخ جەعفەر: نەوشیروان مستەفا بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە

**رووداو- هەولێر**

جەعفەر شێخ مستەفا لەبارەی سەردانەکەی بۆ لای نەوشیروان مستەفا رایگەیاند، پێیوانییە نەوشیروان مستەفا بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە کوردستان. شێخ جەعفەر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی رووداو رایگەیاند "سەردانی ئێمە بۆ لای نەوشیروان مستەفا، سەردانێکی شەخسی بووە، هیچ پەیوەندییەکی بە دۆخی سیاسییەوە نەبوو، بەڵام لەگەڵ جەنابیان قسە و باسی زۆرمان لەسەر رووداوەکانی کوردستان کرد". لەبارەی پەیامی نەوشیروان مستەفا لەکاتی گەڕانەوە، شێخ جەعفەر گوتی "پێموانییە بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە کوردستان".


### مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# پێشنیازمان کردووە سەرۆکی پەرلەمان بۆ دوو مانگ بگەڕێتەوە

**پارتی ناتوانێ بە تەنیا دەوڵەت رابگەیەنێ**

**ئەمریکا پشتگیری دەوڵەتی کوردستان ناکات**

**لە دوای مام جەلالەوە بڕوام بە پۆستی سکرتێری گشتی نییە**



**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دیبەیتێکی تەلەڤزیۆنی رووداودا کە لەلایەن (رەنج سەنگاوی)یەوە لە زانکۆی چەرمۆ لە چەمچەماڵ ساز کرا و رۆژی یەکشەممەی رابردوو پەخش کرا، باسی کۆمەڵێک پرس و بابەتی تایبەت بە باشووری کوردستان و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی کرد و گوتی کە پارتی ناتوانێ بە تەنیا دەوڵەت رابگەیەنێ.

مەلا بەختیار سەبارەت بە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان گوتی "چەند ساڵێکە قسە لەسەر پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان کراوە، بەڵام قسە لەسەر کاتی راگەیاندنەکەی نەکراوە، ئەمەش پێویستی بە بڕیاری سیاسیی هاوبەش هەیە". مەلا بەختیار دەڵێت "وەکو یەکێتی لاریمان لەسەر ریفراندۆم نییە، بەڵام لەسەر وردەکاری و شێوازەکەی و ئایندەی ناوچە کێشە لەسەرەکان هێشتا قسە لەسەر ئەو بابەتانە نەکراوە".

بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی جگە لە شیکارییەکی وردی تیۆری بە دەوڵەتبوون، لە هەمانکاتدا راشکاوانە دەڵێ: "لە دوایین سەفەری جەنابی کاک مەسعود بۆ ئەمریکا بە روونی رایانگەیاندووە کە ئێستا کاتی راگەیاندنی دەوڵەت نییە، ئەگەریش رایدەگەیەنن لاریمان نییە، بەڵام پشتگیریی ناکەین".

سەبارەت بە هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان لە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانیش گوتی "نەمزانیوە گۆڕان دژی ئەو بابەتە بێت، ئەوان و لایەنەکانی دیکەش لەو بڕیارە سیاسییە هاوبەش و بەشدار دەبن".

ئێستا پارتی زیاتر لە لایەنەکانی دیکە پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەوروژێنێ، بەڵام یەکێتی تاراددەیەک بێدەنگە، مەلا بەختیار لەوبارەیەوە دەڵێت "پارتی ناتوانێت بە تەنیا دەوڵەت رابگەیەنێت، ئێمەش ناتوانین، بە هەردووکیشمان ناتوانین رایبگەیەنین، دەبێت هەموو لایەنەکان و زۆرینەی خەڵک لەگەڵ ئەوە بن".

### قەیرانی سیاسی

هەر لەو دیبەیتەدا، مەلا بەختیار پێشنیازەکانی حیزبەکەی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ئاشکراکرد و گوتی "پێشنیازمان کردووە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی بۆ دوو مانگ، زیاتر یان شتێک کەمتر بگەڕێتەوە، تاوەکو کێشەکان چارەسەر دەکرێن و دەستەیەکی دیکەی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێردرێت، پارتی بەوە رازییە، تەنانەت لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغداش رازی بووە، بەڵام گۆڕان تاوەکو ئێستا بەلایەوە قورسە بەوە رازی بێت و ئەم خولەی پەرلەمان تەواو نەکات".

### رێککەوتننامەی ستراتیژی

هەر لەو دیبەیتەدا مەلا بەختیار ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی دا و گوتی "ئێستا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پارتی لە رووی سیاسییەوە باش نییە، نەمانتوانیوە گەشە بە رێککەوتنی ستراتیژی بدەین، بۆیە پێویستمان بە رێککەوتنێکی دیکە لەگەڵ پارتی هەیە، چونکە لە پەرلەمان لێکترازاوین و لەسەر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا و رۆژئاوا و باکووری کوردستان لەگەڵ پارتی جیاوازین".

### پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

مەلا بەختیار سەبارەت بە شەرعیەتی مانەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستەکەیدا، گوتی "لەلای من ئێستا کاک مەسعود بە عەمەلی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام کێشەی یاسایی هەیە و ناتوانین دوا بڕیار بدەین، دەبێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی پێیوایە بارزانی وەک فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە تاوەکو ئێستا سەرکەوتووە، هەروەها لە سیاسەتی دەرەوە و سەردانەکانی ئەم دواییەشی بە سەرکەوتوو وەسف کرد، بەڵام بۆ کێشە نێوخۆییەکان مەلا بەختیار دەڵێ "رەخنەمان هەیە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە سوورین لەسەر چارەسەرێکی یاسایی هاوچەرخ، لە پاڵیشیدا سازانی سیاسی لەسەر بکەین".

### دۆسیەی نەوت

دەربارەی دۆسیەی نەوت و رێککەوتنی یەکێتی و پارتی لەسەر ئەو بابەتە، مەلا بەختیار لەو دیبەیتەدا گوتی "کاک قوباد نوێنەری ئێمەیە و ئاگاداری دۆسیەی نەوتە لە رووی گرێبەست". گوتیشی "لە تورکیا رێککەوتنەکە بە فەرمی چۆن کراوە و لە بەغدا گفتوگۆکان چۆن کراوە، رێژەی هەناردەکردنی نەوت و داهاتەکەی لە بانک هەموویمان ئاگا لێیە".

سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت بەبێ ئاگاداریی یەکێتی، مەلا بەختیار دەڵێت "باسی فرۆشتنی نەوت لە بادینان و کەرکووک بەبێ ئاگاداری ئێمە دەکرێت، ئەگەر ئەوە لەلایەن لیژنەیەکی بێلایەن سەلمێنرا، هەرگیز قبووڵی ناکەین".

### قەیرانی دارایی

پێشتر مەلا بەختیار لە لێدوانێکدا گوتبووی "ژێرزەمینی بەرپرسەکان پڕە لە پارە". مەلا بەختیار لەو دیبەتەشدا ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە و گوتی "ئێستاش دەڵێم ژێرزەمینی بەرپرسەکان پڕە لە پارە، کاتێک ئەو قسەیەم کردووە حکومەت بە ملیار دۆلار قەرزدار نەبووە، ئێستا 14 بۆ 15 ملیار قەرزارە، ئەمەش لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکان و لاوازیی ژێرخانی ئابووری و چاوچنۆکی لە بازاڕی ئازاد و لاوازیی سیستەمی باج بووە".

مەلا بەختیار هەروەها گوتی "خۆزگە بەو رۆژە دەخوازم کە فاسیدەکان دادگایی دەکرێن".

### ئاڵای کوردستان

بەم دواییە قسەی زۆر لەسەر ئاڵای کوردستان کرا، بە تایبەتی دوای ئەوەی بارزانی سەردانی تورکیای کرد و ئاڵای کوردستان لە پرۆتۆکۆڵی پێشوازی دانرا.

**پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پارتی لەڕووی سیاسییەوە باش نییە**

**کاک مەسعود بە عەمەلی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە**

مەلا بەختیار سەبارەت بە دانانی ئاڵای کوردستان لە تورکیا گوتی "بینینی ئاڵای کوردستان لە تورکیا مایەی دڵخۆشی و سەرکەوتنە، ئەمەش بەدۆکیومێنت کرا و تورکیا ناتوانێت پاشەکشەی لێ بکات، چەند ساڵێک لەمەوبەریش کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو کارەی کرد، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە".

سەبارەت بە مامەڵەکردنی پەیەدە لەگەڵ ئاڵای کوردستان و رێگری لە بەرزکردنەوەی لە رۆژی ئاڵای کوردستاندا لە رۆژئاوای کوردستان، مەلا بەختیار گوتی "ئەوەی بەرامبەر ئاڵای کوردستان کرا، خراپ بوو، دژی بووم، بەڕاستی پێم ناخۆش بوو، بە بەرپرسانی پەیەدەشم گوتووە".

### تورکیا و ئێران

هەریەک لە تورکیا و ئێران هەڵوێستی جیایان بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەیە، مەلا بەختیار بەراوردی هەڵوێستی هەردوولا دەکات و زۆرتر پەسنی ئێران دەدات و دەڵێت "بە ویژدانەوە بڵێم لەکاتی کمیابارانی هەڵەبجە و تا ئەزموونی فیدراڵی هەرێمی کوردستان ئێران لە تورکیا باشتر بووە، تاوەکو سێ ساڵ لەمەوبەریش ئێمە لەلای تورکیا سەرۆک خێڵ بووین، خۆ پێش سێ ساڵەکە لەلای ئێران سەرۆک خێڵ نەبووین".

سەبارەت بە پەیوەندیی یەکێتیش لەگەڵ تورکیا، مەلا بەختیار دەڵێت "پەیوەندیمان باشە، بڕیارە لە ئایندەدا شاندێکی ئێمە بچێتە تورکیا و ئاکەپە و جەهەپە ببینین".

### کێشەکانی نێوخۆی یەکێتی

مەلا بەختیار، سەبارەت بە دروستکردنی مینبەر لەنێو یەکێتی وەک ئەوەی لە میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە کە جێگرانی تاڵەبانی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێوخۆییەکان پەنای بۆ دەبەن، گوتی "بڕوام بە دروستکردنی مینبەر نییە و بە هەڵەی دەزانم، چونکە دوو ئەزموون هەیە: دروستکردنی سێ مینبەر لەنێو بزووتنەوەی فەتح لە فەلەستین کە حەماس لێی بردنەوە لە هەڵبژاردن، دووەم مینبەر لەنێو حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسی کە لە هەڵبژاردن دۆڕاندیان. مینبەر چۆن دروست بکەین کە هێشتا کێشەی جیاکردنەوەی گۆڕانمان چارەسەر نەکردووە، جگە لەوەش دروستکردنی مینبەر تەنیا لە دەسەڵاتی کۆنگرەیەدایە".

دەربارەی ئەگەری رابەرایەتیکردنی یەکێتی لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە، مەلا بەختیار گوتی "لە دوای مام جەلالەوە بڕوام بە پۆستی سکرتێری گشتی نییە، لە کۆنگرەی چوارەمیش بۆچوونی تایبەتی خۆم دەبێ".

سەبارەت بە ئەگەری جیابوونەوەی باڵێکی یەکێتی و سەرکەوتنیان، مەلا بەختیار گوتی "هەموو ئینشیقاقەکانی نێو یەکێتی شکستیان هێناوە، بە ئینشیقاقەکەی خۆشمەوە، ناکۆکییەکانی نێو یەکێتی ئایدیۆلۆژی نین، زیاتر لەسەر سیاسەت و ئیدارەکردنە و بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانیش دەڕوات".

# پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا داوا دەکات کورد هەر ئەمڕۆ سەربەخۆیی رابگەیێنێ

### موفتی سوننەکانی عێراق:

## هەر لایەک بیەوێ سەربەخۆیی رابگەیێنێ پشتیوانیی دەکەین



بارزانی بە کۆنسوڵی وڵاتانی گوت خواستی خەڵکی کوردستان لە کاتی گونجاودا جێبەجێ دەکەین

**ئەهرۆ محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا داوا دەکات هەر ئەمڕۆ دەوڵەتی کوردی رابگەیێنرێت و نەخرێتە سبەی، بەڵام پێیوایە ئەو بەردە بە بارزانی ناهاوێژرێ. پەرلەمانتارێکی مواتنیش کاتەکە بە گونجاو نازانێت بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی و پێیوایە وروژاندنی ئەو باسە رەوشەکە بەرەو خراپتر دەبات. بەڵام موفتی سوننەکانی عێراق دەڵێت هەر لایەنێک سەربەخۆیی رابگەیێنێ پشتیوانیی دەکەن.

هەموو ساڵێک لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژنی نەورۆزدا، باسی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان گەرم دەبێتەوە، ئەو دەوڵەتەی ئەگەر رابگەیەنرێت، رەنگە دوژمنەکانی لە پشتیوانانی زۆر زیاتر بن، بە تایبەتی لە نێوخۆی عێراق و وڵاتانی دراوسێدا.

جاسم محەممەد جەعفەر، پەرلەمانتاری ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی، سەبارەت بە هەڵوێستی ئەوان لە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بە (رووداو) گوت "هیوادارین سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر ئەمڕۆ دەوڵەتی کوردی رابگەیێنێت و نەیخاتە سبەی".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا چەند جارێک بە راشکاوی باسی ئەوەی کردووە کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێ، لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەشیدا باسی ئامادەکاریی بۆ رێفراندۆم کردبوو.

جاسم محەممەد جەعفەر کە پێشتر وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق بوو، پێیوایە ئەو لێدوانانەی لەبارەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەدرێن "موزایەدەی سیاسین" و بەشێکی بۆ ململانێی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و زیاتر قووڵکردنەوەی کێشەکان گەڕاندەوە.

ئەو پەرلەمانتارە گوتی "ئەو بەردە گەورەیە لە توانای بارزانیدا نییە بیهاوێت، چونکە نەک دۆخی عێراق، بەڵکو دۆخی ناوچەکەش رێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نادات، بە تایبەتی تورکیا و ئێران رێگە بە دامەزراندنی نادەن".

رۆژی 2016/1/6 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرایەتیی وڵاتان لە هەولێر، پێداگریی لەسەر گشتپرسی کرد و گوتی "بۆ ئەوەی هەموو جیهان بزانێ کە گەلی کوردستان چی دەوێت و چۆن بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات، جێبەجێکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە کاتی گونجاو و بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی دەبێت".


حەبیب تەرفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی مواتن بەسەرۆکایەتی عەمار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بە (رووداو) گوت "ئەوەی باسکراوە کە بە دیالۆگ و گفتوگۆکردن ئەو پرسە لەگەڵ حکومەتی عێراق یەکلایی بکرێتەوە بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی، هەنگاوێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئێمە ئەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە پشتگیریی لێدەکەین، بەڵام ئەم هەنگاوە لەم کاتەدا ئەستەم و ترسناکە".

بەبڕوای ئەو کات گونجاو نییە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان "چونکە وڵات لە قەیرانێکی قووڵی ئابووری و ئەمنیدایە، وروژاندنی ئەو پرسە رەوشەکە بەرەو خراپتر دەبات و بارودۆخی ناوچەکەش بۆ هەنگاوێکی لەم شێوەیە گونجاو نییە، بەتایبەتی تورکیا، ئێران، سووریا و عێراق بە هەنگاوی لەم شێوەیە رازی نابن".

بەڵام رافع روفاعی کە موفتی سوننەکانی عێراقە، لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە. روفاعی بە (رووداو)ی گوت "هیوای خێر و چاکە بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق دەخوازین، ئەگەر نەتەوە و تائیفەیەکی دیاریکراو دەیەوێت پەرە بەخۆی بدات و بەرەوپێش بچێت، جا بە سەربەخۆیی یاخود هەر کارێکی دیکە بێت، ئێمە پشتگیری و پشتیوانیی دەکەین".

## ئوسامە نوجێفی، جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق:

# پێویست ناکات پێشمەرگە بچنە نێو مووسڵ



ئوسامە نوجێفی، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە وەکو کەسایەتییەکی سوننە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەرکەوت، لە خولی ڕابردوودا سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، لەم خولەشدا جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بوو، پێش ئەوەی بە بڕیاری سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە چوارچێوەی چاکسازییە ئیدارییەکاندا پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار هەڵوەشێنرێتەوە، بەڵام نوجێفی تانەی لە بڕیارەکەی عەبادی داوە و چاوەڕێی وەڵامی دادگا دەکات.

نوجێفی لە بایەخی چاکسازییەکانی عەبادی کەم دەکاتەوە و دەڵێت تەنیا بۆ لادانی ئەو کەسانە بووە کە عەبادی کێشەی لەگەڵیان هەبوو. سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەش، نوجێفی پێیوایە عێراق بێ لایەن نییە و خۆی لەسەر جەمسەری ڕووسی-ئێرانی، یەکلایی کردووەتەوە.

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
وەرگێران: سروە هەورامی

### هێزەکەی تورکیا بە ئاگاداری و هەماهەنگیی حکومەتی عێراق هاتوون

### ئەگەر کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیر دەبێت

### تورکیا یارمەتیی سەربازی بۆ سوپای عێراقیش ناردووە

### چاکسازییەکەی عەبادی بۆ پاکتاوکردنی سوننەکان بوو

### ئێستا عێراق لەسەر جەمسەری ئێرانی-ڕووسی هەژمار دەکرێ

### هیچ لایەنێکی سوننە لەگەڵ هەرێمی سوننەدا نییە

**ڕووداو: نوری مالیکی هێشتا پێداگری دەکات لەسەرئەوەی کە جێگری سەرۆک کۆمارە، ئێوەش ئەوە بۆ جاری دووەمە تانە لە بڕیارەکە دەدەن، ئێوە چۆن بانگ بکەم؟ بە چ پۆستێک بتانناسێنم؟**

**ئوسامە نوجێفی:** من ناوم ئوسامە نوجێفییە و هەر بەو ناوە خۆم دەناسێنم، داوا دەکەم خەڵکیش هەر بە ناوی خۆمەوە بانگم بکەن. سەبارەت بە بابەتی جێگری سەرۆک کۆماریش، من پێشتر سکاڵایەکم لە دادگای فیدراڵی تۆمارکرد، بەڵام سکاڵاکە ڕەتکرایەوە، داوایان کرد سکاڵاکەم بەشێوەیەکی شەخسی بێت، نەک وەزیفی. ئێستا ئەم دۆسیەیە لە دادگایە، دادگا هەر بڕیارێک بدات، ڕێزی لێ دەگرین.

**ڕووداو: داعش هەتا کەی لە مووسڵ دەمێنێتەوە؟ کەی دەردەکرێت؟**

**ئوسامە نوجێفی:** مەسەلەی داعش لە مووسڵ پەیوەندی بەکاتەوە هەیە، هیوادارم کاتەکە درێژە نەکێشێ. پرسەکە پێویستی بە لێکگەیشتنی سیاسی هەیە لە نێوخۆی وڵات و هەماهەنگیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە نێوان چەند لایەنێک و لە نێویشیاندا حەشدی نیشتیمانی، پێشمەرگە، سوپای عێراق و بە یارمەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی. بڕیارەکە بڕیارێکی عێراقیە و لە هەمانکاتیشدا نێودەوڵەتییە. بە بۆچوونی من کاتەکەی دوور نییە. ئەگەر ئامادەکاری باش کرا بۆ شەڕەکە، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا یەکلایی دەبێتەوە.

**ڕووداو: باسی حەشدی شەعبیت نەکرد، ڕێگە دەدەن حەشدی شەعبی بەشداری لە گرتنەوەی مووسڵدا بکات؟**

**ئوسامە نوجێفی:** حەشدی شەعبی لەنێو مووسڵدا جێی ڕەزامەندی نییە و هیچ پێویستیش ناکات، هێزی ناوخۆ هەیە لە ڕۆڵەکانی مووسڵ و هێزی پێشمەرگەی دراوسێ و هاوڕێ هەیە کە یارمەتیمان دەدەن. جگە لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە ڕووماڵی شەڕەکە دەکات لە ئاسمانەوە و بە شارەزایی و چەکی پێویست، لەگەڵ سوپای عێراق کە زۆر پشتی پێدەبەستین، هەموو ئەم لایەنانە دەتوانن کۆنترۆڵی مووسڵ بکەنەوە و هیچ پێویستمان بە بەشداریی حەشدی شەعبی نییە.

**ڕووداو: بە مەرجیش ناهێڵن بەشداری بکات؟ بۆ نموونە بەشداری کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بکات و دواتر بگەڕێتەوە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ئەوە سەبارەت بە ئێمە هیچ ڕێگەپێدراو نییە. حەشدی شەعبی ڕەزامەندیی خەڵکی نەینەوای لەسەر نییە. بوونیشی لە هەندێک شوێن کاریگەریی خراپی هەبووە هەر لە گەڕانەوەی ئاوارەکان تاوەکو وێرانکردن و سووتاندنی ئەو ناوچانە، هەر بۆیە دەبێت هەماهەنگی هەبێت و ئەو هێزانەی کە دەبێت بچنە ناو شارەکەوە پێویستە لە خەڵکی شارەکە خۆی بن و ناسراو بن لەلایەن خەڵکەوە.

**ڕووداو: بەڵام حەشدی شەعبی دەڵێن بەشداری دەکەین، بەتایبەتی لە هەندی ناوچەی وەکو تەلەعفەر و ئەوانەی شیعەیان تێدا هەیە، ئەوە پێکدادان دروست ناکات؟**

**ئوسامە نوجێفی:** حەشدی شەعبی دەیویست بەشداری لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوی ڕومادیشدا بکات، بەڵام بڕیارێکی عێراقی و نێودەوڵەتی هەبوو کە بەشداری نەکات. هەروەک ئاماژەم پێکرد لەبەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە داهاتوودا. مووسڵ پێویستی بە پیاو نییە، بەڵکو تەنیا پێویستی بە پڕچەککردن و بە هەماهەنگی هەیە لە نێوان خەڵکی مووسڵ و پێشمەرگە و سوپای عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان.

**ڕووداو: لەگەڵ عەبادی ڕێککەوتوون کە حەشدی شەعبی بەشداری نەکات، یان خۆتان بڕیارتان داوە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ئەم پرسە تا ئێستا نەخراوەتە بەرباس، حکومەت هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ. ئەوەی هەیە هەوڵی حەشدی نیشتیمانییە کە حکومەتی عێراق وەکو پێویست پاڵپشتیی نەکردووە. هەوڵی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی، هەوڵی پێشمەرگەیە کە نزیک بووەوە لە شاری مووسڵ.

**ڕووداو: هۆکار چییە کە حکومەتی عەبادی نایەوێت مووسڵ کۆنترۆڵ بکرێتەوە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** پێموایە تەنیا دوو لیوا لە سەربازگەیەکی نزیک بەغدا بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ ئامادەکراون، بەڵام کارەکانیان تەواو نەبووە. بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ پێوستمان بە هێزێکی گەورە هەیە. ئێستا حەشدی نیشتیمانی لە نەینەوا لەگەڵ هەزاران خۆبەخشی دیکە مەشقیان تەواو کردووە، تەنیا پێویستیان بە پڕچەککردنە، ئەگەر چەک هەبێت دەتوانن دەست بە شەڕ بکەن. ئەرکی حکومەتە بایەخ بە مووسڵ بدات، بەڵام کەمتەرخەم بووە.

**ڕووداو: پێشتر ئەمریکاییەکان گوتیان ڕەنگە دوای پێنج ساڵی دیکە بتوانن مووسڵ کۆنترۆڵ بکەنەوە، دەتوانرێت پێش ئەوە ئەم کارە بکرێت؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ئەوە کاتێکی دوورە و ئێمە ڕازی نابین شارەکەمان بە دیلکراوی بمێنێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەو هەوڵانەی ئێستا هەن، لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی بە شەڕەکە دەهێنن. هیواداریین ئەمساڵ ئۆپەراسیۆنەکە بکرێ.

**ڕووداو: ئەی ڕاتان چییە لەسەر بەشداریی پێشمەرگە لە گرتنەوەی مووسڵدا؟**

**ئوسامە نوجێفی:** پێشمەرگە هێزێکی هاوڕێ و هاوپەیمانە، بێگومان ئێستا هەماهەنگی لەگەڵ دەکرێت. پێشمەرگە شەڕی گەورە و گرنگی لە دەوروبەری مووسڵ کردووە. پێموایە ئەم هەوڵانە گرنگن و دەبێت پاڵپشتی پێشمەرگە بکرێت وەکو هێزێکی پاڵپشت بۆ شەڕەکە، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم پێوست بێت بچنە ناو شاری مووسڵ.

**ڕووداو: هیچ ڕێککەوتنێکی نووسراو لەنێوان پێشمەرگە و ئێوەدا نییە بۆ گرتنەوەی مووسڵ؟ ئەگەر پێشمەرگە هاتە ناو شاری مووسڵەوە چی ڕوودەدات؟**

**ئوسامە نوجێفی:** هیچ ڕێککەوتنێکی لەم جۆرە نییە کە نووسراو بێت، بەڵام هەماهەنگی هەیە لە نێوان ئۆپەراسیۆنەکاندا، لە نێوان حەشدی نیشتیمانی و پێشمەرگە گفتوگۆی هەیە، هەروەها لەنێوان من و سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەم پرسە و شێوازی شەڕەکە و ئەو هێزانەی کە بەشدار دەبن و چۆنیەتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ تورکیا لە چ ئاستێکدایە؟ ئاگاداری هاتنی هێزی تورکیا بوون بۆ نزیک مووسڵ؟**

**ئوسامە نوجێفی:** هێزەکانی تورکیا بەشدارن لە مەشقپێکردن لە سەربازگەی حەشدی نیشتیمانی لە باشیک، ئەمەش بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق بووە پێش زیاتر لە ساڵێک. تورکیا پشتیوانیی دارایی نەکردووین، تەنیا ڕاهێنەریان هەیە و ئەوانیش ژمارەیان کەمە و ڕاهێنان بە چەند هەزار کەسێک لە حەشدی نیشتمانی دەکەن. بەڵام لەبارەی بوونی هێزی شەڕکەر لە ناوچەکە، ئەوە ئەسڵی نییە. ڕەنگە لە ناوچەی دیکەی هەرێمی کوردستان هەبن. پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکەکان زۆر ڕوونە و بە ئاگاداری و هەماهەنگیی حکومەتی عێراق بووە، هەرچەندە بەم دواییە حکومەتی عێراق ڕەتیکردەوە ئاگاداری ئەم بابەتە بێت، بەڵام من ئاگاداری وردەکارییەکانم و ئەو کارە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق کراوە.

**ڕووداو: کەواتە پێش ئەوەی بێن هەماهەنگییان لەگەڵ ئێوە کردووە وەکوو سوننە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کراوە، ئەمە لە کاتی سەردانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو بۆ بەغدا و سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ئەنقەرە. تورکیا ڕاهێنەری بۆ پێشمەرگە و حەشدی نیشتیمانی ناردووە، یارمەتی سەربازیشی بۆ سوپای عێراق ناردووە.

**ڕووداو: حەشدی نیشتیمانی دەڵێن تەنیا ناوە، ژمارەی حەشدی نیشتیمانی چەندە؟ ئایا دەتوانن پشتیان پێ ببەستن بۆ گرتنەوەی مووسڵ؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ژمارەی حەشدی نیشتیمانی شەش هەزار سەربازە، هەزار سەربازیان مەشقیان پێکراوە و هێزی پێشەنگن و چەند هەزارێکیش ڕاهێنانی چڕوپڕیان تەواو کردووە و چاوەڕێی فەرمانی پەیوەندیکردنن بە یەکەکانیانەوە لە کاتێکی دیاریکراودا.

**ڕووداو: هیچ کاتێک دیاری کراوە بۆ دەسپێکردنی هێرش بۆ مووسڵ؟**

**ئوسامە نوجێفی:** بە قەناعەتی من ئەمساڵ شەڕی مووسڵ یەکلایی دەکرێتەوە.

**ڕووداو: شەڕی مووسڵ چەند دەخایێنێ؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ئەمە لەسەر پلانەکە دەوەستێ. لە کاتی هێرشدا بە پلە یەک گرنگی بە دانیشتووانەکەی دەدەین تا ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و کوشتن نەبنەوە. ئەگەر ناچاربوون شارەکە بەجێبهێڵن، ئەوە دەبێت لە ڕێی ڕێڕەوی پارێزراوەوە بێت و خێوەتگەیان بۆ ئامادە بکرێت. هەروەها دەبێت فەرهەنگ و کولتووری مێژوویی شارەکە بپارێزین و نابێت پرسەکە وا بێت کە ئەمە خاکی دوژمنە و هەموو شتێک لەناو ببەین تاوەکو تیرۆرستان لەناو بچن.

**ڕووداو: مالیکی ئیدعای ئەوە دەکات کە پارێزگاری پێشووی مووسڵ، بەر لەگرتنی مووسڵ لەگەڵ قاعیدە و بەعسییەکان کۆبووەتەوە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** هیچ شتێکی ڕەسمی لەو بارەیەوە نییە، هەندێک ڕکابەری سیاسی و تایفی هەن ئەم قسانە دەکەن. ئەوانەی دەگوترێن پڕوپاگەندەن، ئێمە دژی قاعیدە و داعش و هەموو تیرۆرێکین جا لە عێراق بێت یان لە دەرەوەی عێراق.

**ڕووداو: ڕای ئێوە لەسەر گرتنەوەی ڕومادی چییە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ڕومادی بە تەواوی ئازاد نەکراوە، پێشڕەوی هەیە، بەڵام هێشتا تیرۆر هەیە. پێویستە بەشداری بە هێزی ناوخۆیی بکەین کە مەشق و ڕاهێنانیان لە سەربازگەی حەبانیە تەواو کرد لە هۆزەکانی ئەنبار، پێویستە ئەو هۆزانە پڕچەک بکرێن، بەڵام خەمساردییەک لە مەشق و پڕچەککردنی هۆزە سوننەکانی ڕومادی هەیە، هەر ئەوەش هۆکاری دواکەوتنی شەڕەکە بوو.

**ڕووداو: پڕچەکنەکردنی ئەو هۆزانە بە ئەنقەستە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** بەڵێ ئاراستەیەکی سیاسی لە بەغدا هەیە نایەوێ هۆزە سوننەکان پڕچەک بکرێن، هەر ئەوەش تەمەنی تیرۆری لە عێراق درێژکردووەتەوە. باشترین کەس بۆ شەڕ دەبێ خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان بن لە هۆزە سوننەکان و خەڵکی شارە سوننەکان.

**ڕووداو: ئێستا کێ سەرکردایەتی سوننەکان دەکات لە ناوچەکەدا؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ڕاستییەکەی سوننە پێکهاتەیەکی گەورەیە و تەنیا یەک سەرکردەیان نییە، بەڵام ئەوەی کە سوننە لە نێو پەرلەمان کۆدەکاتەوە، هاوپەیمانێتی هێزە عێراقییەکانە کە پێکهاتەیەکی سیاسیی پەرلەمانییە. من نوێنەری یەکێک لە گەورەترین فراکسیۆنی سوننەم کە هاوپەیمانێتی موتەحیدوون بۆ چاکسازی. هەندێک کەسی میانڕەو هەن لە دەرەوەی عێراق ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی پرۆسەی سیاسی، بەڵام ئێمە پەیوەندیدارین بەوەی کە لەنێو وڵاتەکەدا دەگوزەرێت.

**ڕووداو: مەرجەعیەتێکی دیاریکراو هەیە بۆ سوننەکانی عێراق؟**

**ئوسامە نوجێفی:** مەرجەعیەتی سوننەکان هاوپەیمانێتی هێزە عێراقییەکانە و بەم دواییە لێژنەی هەماهەنگیی باڵا دروستبوو لە هێزە سوننەکان، من یەکێکم لە ئەندامانی ئەم لێژنەیە کە لە 13 ئەندام پێکهاتووە. ئەرکی ئەو لێژنەیە هەماهەنگیکردنە لەگەڵ وڵاتانی جیهان و هێزە سیاسییەکانی عێراق.

**ڕووداو: هەست ناکەن لە عێراق لە بەرژەوەندییەکانی نوجێفییەکان دراوە، ئەسیل نوجێفی برات لە پارێزگاری دوورخرایەوە و بەڕێزتان لە جێگری سەرۆک کۆماری؟**

**ئوسامە نوجێفی:** بەڵێ ئەوە ڕاستییەکی بەرچاوە. ئەو کارە بە ئەجێندای دەرەکی دەکرێت، هەوڵ دەدات بە زۆرداری سوننەکان لاواز بکات. ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونی پێگەی عێراق و دەرکەوتنی بیری توندڕەوی لە نێو کۆمەڵگەی سوننەدا. دەبێت ڕووبەڕووی ئەو کارە ببینەوە، بە ئامانجکردنی سوننە هیچ سوودێکی نییە. ئەوەی هەوڵی بۆ بدات دەدۆڕێت.

**ڕووداو: هەست ناکەن وڵاتانی سوننە پشتگیری تەواوی سوننەی عێراق ناکەن؟**

**ئوسامە نوجێفی:** بەڵێ کەمتەرخەمیی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە بەرانبەر بە سوننەی عێراق و پاڵپشتیان نەبوون لە کاتی تەنگانەدا. جگە لەوەش دەستێوەردانی هەرێمی هەیە لە عێراق، بە تایبەتی لەلایەن ئێرانەوە.

**ڕووداو: هەست دەکەن وڵاتێکی وەکو تورکیا یان سعودیە پشتی ئێوەی بەرداوە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** پێشتر ئاماژەم بە پاڵپشتییەکانی تورکیا کرد، سوپاسی دەکەین و هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە. سعودیەش هاوپەیمانی ئیسلامی دژی تیرۆر پێکهێنا و ڕایگەیاند کە داعش دەکاتە ئامانج، ئەمە پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ ئێمە، چونکە ئێستا تیرۆر ناوچە سوننەکانی داگیرکردووە و سوننە زۆرترین زیانی بەرکەوتووە لەم تیرۆرە، هەر بۆیە پێموایە ئەم هاوپەیمانییە ڕەوشی سوننە ئاسایی دەکاتەوە و لەڕووی سیاسییەوە یارمەتیدەری دەبێت.

**ڕووداو: ئەو هاوپەیمانێتییەی باست کرد، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ هەرێمی سوننە دروست دەکەن؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ڕاستییەکەی هیچ لایەنێکی سیاسیی سوننە نییە پرسی هەرێمی سوننە بخاتەڕوو، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بەهەرێمکردنی پارێزگاکانی نەینەوا، ڕومادی، سەلاحەددین و کەرکووکە. ئێمە باسمان لە هەرێمێکی تایفی نەکردووە، چونکە ئەوە بەپێی دەستوور قەدەغەیە. باوەڕ ناکەم هیچ هێزێکی سوننی هەبێ، ئەو بەرپرسیارێتییە بخاتە ئەستۆی خۆی.

**ڕووداو: لەبەر ناکۆکیی سوننەکان خۆیانە کە ناتوانن، یان تەنیا مادە دەستوورییەکەیە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** نەخێر، ئەوەی کە لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسییە هەندێک هێز هەن لەگەڵ ئێمە ناکۆکن لەسەر بەشداربوونمان لە پرۆسەی سیاسیدا و پێیانوایە پرۆسەی سیاسی شکستی هێناوە و نابێتە هۆی وەرگرتنەوەی مافەکان و گەڕانەوەی عێراق بۆ ڕەوشی ئاسایی خۆی، بەڵام ئێمە دەڵێین هێشتا کات ماوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی. ئەو پێشنیازەی خستوومانەتەڕوو، دەستوورییە و باس لە بە هەرێمکردنی پارێزگاکان دەکات.

**ڕووداو: هیچ وڵاتێک هەیە پشتگیری هەرێمێکی سوننە بکات؟**

**ئوسامە نوجێفی:** نەمبیستووە هیچ دەوڵەتێک ئەوە بڵێت. بگرە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان و تورکیاش لەگەڵ یەکێتی عێراقدان. دروستکردنی هەرێمەکان بەپێی سنووری پارێزگاکان بۆ پاراستنی یەکێتیی عێراقە نەک دابەشکردنی. مانەوەی پرسەکان بەمشێوەیە بەدەسەڵاتێکی لاوازەوە و بە لاوازکردنی پێکهاتەکان و بە ئامانجکردنیان و زەوتکردنی ڕۆڵی ئاساییان دەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق.

**ڕووداو: گوتت کەرکووکیش بکرێتە هەرێم وەکو پارێزگایەک، مەبەستت لەمە چی بوو؟**

**ئوسامە نوجێفی:** پێشنیازێک هەیە کە کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و ئەم بابەتە لە دەستووردا هاتووە و دەستنیشانی دەکات کە کەرکووک و بەغدا بارودۆخێکی تایبەتیان بۆ دابنرێت وەکو پارێزگاکانی دیکە نەبن، بە قەناعەتی من ئەگەر کەرکووک بووە هەرێم ئەوە لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیر دەبێت.

**ڕووداو: لە دوای ڕووخانی سەدامەوە، ژمارەیەک گرووپی توندڕەو لە ناوچە سوننەکان سەریان هەڵدا، چی دەکەن بۆ ئەوەی ناوچەی سوننە لەم گرووپە توندڕەوانە پاک بکرێتەوە؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ئەو سیاسەتە تایفییەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پەیڕەوکرا، هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی گرووپی وەکو داعش، ئەمەش عێراقی تووشی وێرانکاری کرد. ئەو کارە بە لەیەکگەیشتنی سیاسی نەبێت چارەسەر ناکرێت لە نێوان شیعە و سوننە و کورد کە عێراق سەقامگیر دەکات.

**ڕووداو: بەردەوام وڵاتانی دەوروبەر کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی ناوخۆی عێراق هەبووە، ئایا لەسێدارەدانی نەمر ئەلەنمر کە گرژی لە نێوان سعودیە و ئێران دروست کردووە، ئەم گرژییە ناگوازرێتەوە بۆ نێو شیعە و سوننە لە عێراق؟**

**ئوسامە نوجێفی:** هەندێک هێزی شیعەی توندڕەو لەبەرامبەر ئەو کارەی سعودیە، چەند مزگەوتێکی سوننەکانیان لە حیللە تەقاندەوە، ئەوە تاوانێکی گەورەیە و نابێت بەهیچ شێوەیەک بە تایفەگەری مامەڵە لەگەڵ پرسە سیاسییەکان بکەین. سعودیە وڵاتێکی سەربەخۆیە و دادگای هەیە و سیاسەتی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێت ڕێز لەو سیاسەتەی بگرین. هەروەها داوایان لێدەکەین ڕێز لە بارودۆخی عێراق بگرن، دەستتێوەردان لە کاروباری ئەوانی دیکە و دروستکردنی مەوقیف لەسەر بنەمای تایفەگەری و لایەنگری وڵاتان لەسەر ئەم بنەمایە، ئاڵۆزی زیاتری لێدەکەوێتەوە. داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین بە جۆرێک مامەڵە بکات تەنیا لە بەرژەوەندیی عێراقدا بێت و لایەنگری ئێران یان تایفەیەکی دیاریکراو نەبێت. بگرە هەر نابێت وەکو حکومەتێکی تایفی مامەڵە بکات، بەڵام ڕاستییەکەی حکومەتی عێراق بێلایەن نییە، ئەو هەڵوێستە سیاسیانەی کە سەرۆک وەزیران دەریبڕین، یان ئەوانەی وەزیری دەرەوە، بێلایەن نەبوو. ئێمە نامانەوێت عێراق لەسەر جەمسەرەکان حیساب کرێ، بەڵام ئێستا عێراق لەسەر جەمسەری ئێرانی، ڕووسی، سووری هەژمار دەکرێت، ئەمەش مەسەلەیەکی ترسناکە.

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ ئەوەن عێراق بۆ سێ ناوچە دابەش بکرێ؟**

**ئوسامە نوجێفی:** قەناعەتمان بەوە نییە. ئێمە عێراقێکی یەکگرتوومان دەوێت، بەڵام لەسەر شێوازی هەرێمی پارێزگاکان و بەدەسەڵاتی زۆرەوە و حکومەتێکی ئیتیحادی لە بەغدا بە دەسەڵاتێکی دیاریکراوەوە.

**ڕووداو: مادام عێراقێکی یەکگرتووتان دەوێت، ڕاتان چییە لەسەر چاکسازییەکانی حەیدەر عەبادی؟**

**ئوسامە نوجێفی:** ئێمە پشتگیری بەڕێز حەیدەر عەبادیمان کرد کاتێک چاکسازی ڕاگەیاند، بەڵام تووشی سەرسوڕمان بووین کە چاکسازیی ڕاستەقینە دەرنەچوو، بەڵکو پرۆسەی پاکتاوی سیاسی بوو بەرامبەر بە ڕکابەرەکان و پێکهاتە و تواناکان بەشێوەیەکی نابەرپرسیاریانە کە زۆربەیان سوننەمەزهەب بوون، واتە پرۆسەی زیاتری لەناوبردنی سوننە و هێرشکردنە سەریان بوو لە ژێر ناونیشانی چاکسازی. بەڕێز عەبادی لەگەڵ ئێمە ڕێککەوتنی سیاسی ئیمزا کردووە و پابەند بووە بە ڕێککەوتنی سیاسی کە وردەکاریی زۆری تێدایە، بەڵام پێشێلکاریی تێدا کرا و ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ نەکرد و ڕوویکردە ئەوەی پێیدەگوترێ چاکسازی کە هیچ ئەنجامێکی نەبووە و زۆربەی جێبەجێ نەکرا.

**ڕووداو: ئەگەر ئەمەی نەکردبا، دەبووایە عەبادی چی بکات؟**

**ئوسامە نوجێفی:** دەبووایە ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات کە کرایە بنەمای پێکهێنانی حکومەتەکەی. بەڵام سەرۆک وەزیران ڕێککەوتنەکەی پێشێل کرد و دەستی بۆ شتێک برد بەنێوی چاکسازی کە ڕێککەوتنی لەسەر نەکرابوو. بۆ هەموو لایەک شتێکی زۆر کتوپڕ بوو. بەڕێز عەبادی متمانەی گەورەی پەرلەمانی بەدەست نەهێناوە، بەڵام گوشاری شەقامی بەکارهێنا و ئەو ئەنجامەی لێکەوتەوە.

**ڕووداو: چاکسازی دەبێت هەنگاوی بۆ بنرێت، ئەمە هەنگاوێکی سەرەتایی نییە بۆ چاکسازی؟**

**ئوسامە نوجێفی:** پێموانییە هەنگاوی کاریگەر بن، بۆ نموونە کاتێک گوتی پاسەوانانی بەرپرسەکان کەم دەکاتەوە، تەنیا لەسەر ئەوانەی جێبەجێ کرد کە کێشەی لەگەڵیان هەیە. لە وەزارەتی پیشەسازی 34 بەڕێوەبەری گشتی دەرکرد کە 32یان سوننە بوون. ئەوە پاکتاوی تایفەگەری و سیاسی بوو.

**ڕووداو: بەڵام بۆچی لەناو پەرلەمانیش بەشێکی زۆری پەرلەمانتارەکان لەگەڵ ئەم چاکسازییە بوون؟**

**ئوسامە نوجێفی:** چاکسازییەکان ڕۆژی شەممە ڕاگەیێندران و ڕۆژی دووشەممە پێشکەشی پەرلەمان کران، بەبێ ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، ڕاستییەکەی بە جۆرێک لە تیرۆری فکری مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانتاران کرا و ئیحراج کران. 160 پەرلەمانتار داوایان کرد گفتوگۆ لەسەر چاکسازییەکان بکرێ، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەتیکردەوە. ڕاستییەکەی جۆرێک لە گوشار سەپێندرا، ئەمەش لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ناگونجێ.

**ڕووداو: جگە لەوەی کە نرخی نەوت دابەزیوە، بەڵام بۆ خۆی عێراق نوقمی گەندەڵی بووە، چۆن ئەمە چارەسەر دەکرێت؟**

**ئوسامە نوجێفی:** بەڕێز عەبادی نەیتوانی ڕووبەڕووی گەندەڵکارە ڕاستەقینەکان ببێتەوە بە هۆکاری سیاسی و تایفەگەری کە ڕاستییەکانی ون کرد، ئەو خۆپێشاندانانە کە کران و داوای چاکسازییان کرد و بەردەوامن، نیشانەی ئەوەیە گەندەڵی بەردەوامە و بگرە دەڵێم زیاترە لە جاران، چونکە حکومەت نەیتوانی بگاتە گەندەڵکارە ڕاستەقینەکان کە پاڵپشتی سیاسی دەکرێن و لە پۆستە هەستیارەکانی دەوڵەتدان.

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (391) دووشەممە 2016/1/11



## هەدەپە: تورکیا 161 هاووڵاتی کوشتووە

**ڕووداو- ئامەد**

ڕۆژی یەکشەممە 2016/1/10 ڕێکخستنەکانی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد، حکومەتی تورکیا بەهۆی ئۆپەراسیۆن و گەمارۆ سەربازییەکان لە باکووری کوردستان 161 هاووڵاتی کوشتوون، لەنێو کوژراوەکانیشدا 30 ئافرەت هەن. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ماوەی 280 ڕۆژە ئۆپەراسیۆن و گەمارۆی سەربازی، سیاسەتی قەدەخەکردنی هاتوچۆ و ئۆپەراسیۆنی سەربازی و هەڵمەتی هەڵکوتان بۆ سەر ماڵان لە 7 شار و 20 شارۆچکە جێبەجێکراوە و تائێســتاش بەردەوامن، هەروەها 56 جار قەدەخەکردنی هاتوچۆ نوێکراوەتەوە، وێڕای هەڵوەشــاندنەوەی لە بەشێکی شارۆچکەکان، بەڵام بە کرداری تائێستاش پەیڕەو دەکرێ".

# ڕۆژنامەنووسان لەنێو ئاگری شەڕی دەوڵەت و پەکەکەدا دەسووتێن

### "ڕۆژنامەکان هەواڵەکانمان بەجۆرێک دەستکاری دەکەن کە نایناسینەوە"

**ڕووداو- هەولێر**

"ئەگــەر بەدواداچــوون بــۆ هەواڵێک بکەی، پۆلیس چەک دەخاتە ســەر سەرت. بەرەنگاری ببیتەوە دەســتگیرت دەکات. کاتێک وێنەیەک دەگــری دەبێ زۆر ســەیری دەوروبەرت بکەی، نەوەکــو گوللەیەکــی وێــڵ بتپێکــێ. نابێــت وێنــەی پۆلیس بگری، چونکــە لێدان دەخۆی، وێنەکــەت پــێ ڕەش دەکەنەوە. نابــێ وێنەی خۆپیشاندەران بگری، چونکە ئەوانیش بە بەرد سەرت دەشکێنن". ئەوە حاڵی ڕۆژنامەنووسانی باکــووری کوردســتانە لــە زاری یەکێــک لــە ڕۆژنامەنووسەکانەوە.

شەڕ و توندوتیژییەکانی باکووری کوردستان، ژیانــی هەمووانــی بێ واتا کــردووە، بەڵام هیچ بەهایەکــی بــۆ ڕۆژنامەنووســان نەهێشــتووە کە لەنێو ئاگری شــەڕی دەوڵــەت و پەکەکەدا دەسووتێن.

ئیســماعیل ئاڤجــی، نوێنــەری ڕۆژنامــەی زەمــان لــە ئامەد دەڵێت "وەکــو ڕابردوو نییە، ڕۆژنامەنووســی بووەتە پیشەیەکی مەترسیدار. چونکە لە وڵاتێک کە دادپەروەری و یاسا نەبوو، کارکردن لە پیشــەیەک کە ئامانجی ســەرەکی کۆکردنــەوەی زانیــاری و گواســتنەوەیەتی، زەحمــەت دەبێــت. هەمــوو شــەڕێک خراپــە، بــەڵام شــەڕێک کــە مامەڵــەی خــراپ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکات، خراپترە".

قەدەغــەی هاتوچــۆ هێنــدەی دیکــە کاری ڕۆژنامەنووسانی زەحمەت کردووە، ئەوان دەڵێن بە زەحمەت دەستیان بە زانیارییەکان دەگات.

مەحمــود ئــۆراڵ، نوێنــەری ڕۆژنامــەی جمهوریــەت لــە ئامــەد، دەڵێــت زۆربــەی ڕۆژنامەنووســان لەناوچەکــە لەژێر هەڕەشــەی چەکدا کارەکانیان دەکەن. ئۆراڵ بە (ڕووداو)ی گوت "چوونە هەندێک شــوێن بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆوە مەترسیدارە، گەیشتن بە ناسنامەی کەسانی مەدەنی کە بەهۆی شەڕەوە دەکوژرێن، زەحمەتتریــن ئەرکــە. ئیــدی لێــرە هەمــوو ڕۆژنامەنووسان بوونەتە پەیامنێری شەڕ".

ئــۆراڵ لــە درێــژەی قســەکانیدا دەڵێــت "هەڵوێستی پۆلیس لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان زۆر توندبووە. ناتوانین لەکاتی خۆپیشــاندانداندا دەمامک ببەستین، چونکە خۆپیشاندەران وەکو پۆلیس حیسابمان بۆ دەکەن. زۆربەی کاتەکان لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەراندا دەمێنینەوە. هەردوو لایەنیش سووکایەتیمان پێدەکەن".

کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی ڕۆژنامەنووسانی باکــووری کوردســتانی گرتــووە، کێشــەی گواستنەوەی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی ناڕاست. حکومەتی تورکیا لەم ماوەیەدا هەموو ئەو دەزگا و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە سزا دەدات کە هەواڵ لــەدژی حکومــەت بڵاودەکەنەوە. لــە باکووری کوردســتان هەواڵەکان تەنیا بە پشتبەستن بە لێــدوان و زانیاریی یەکلایەنــە بڵاودەکرێنەوە، ئەوەش ئیعتیباری ڕۆژنامەنووســان دەشکێنێ و تووشی کێشەیان دەکات لەگەڵ هاووڵاتیاندا.

ڕۆژنامەنووســێکی باکووری کوردســتان کە بەهۆی هەســتیاریی بابەتەکە نەیویســت ناوی بڵاوبکرێتــەوە، ئاماژە بە ڕووداوی ســووتاندنی مزگەوتی مێژوویی قورشــونلو دەکات کە ساڵی 1520 دروستکراوە.

ئــەو ڕۆژنامەنووســە دەڵێــت "دوو ڕۆژ دوای ئــەوەی مزگەوتــی قورشــونلو لــە ئامەد ســووتێنرا، ڕێگا بە ڕۆژنامەنووســان درا بچنە شــوێنی ڕووداوەکــە. کاتێک ڕۆژنامەنووســان خەریکــی وێنەگرتن بــوون، ژنێک خۆی نزیکی ڕۆژنامەنووســێک کردەوە و بەســەریدا قیڕاند: بۆچی هەواڵەکان بەڕاستی ناگوازیتەوە. پەکەکە ئەم مزگەوتەی نەسووتاندووە، تۆ باش دەزانی کێ ئەو مزگەوتەی سووتاند".

ڕۆژنامەنووســەکە کە لەیەکێک لــە ڕۆژنامە سێبەرەکانی دەسەڵات کار دەکات، هیچ وەڵامی ئەو ژنەی نەدایــەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ ئەوی نەبێ. دواتر خەڵک دەوری ڕۆژنامەنووسەکەیان دا. ڕۆژنامەنووســەکانی دیکــەش بەبــێ دەنگ ســەیری هەڵچوونــی خەڵکیان دەکــرد. دواتر پۆلیــس گەیشــتنە شــوێنەکە و بــە گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان بە خەڵک کرد.

ڕۆژنامەنووسێکی دیکە دەڵێ "لەو هەواڵانەی ســاڵانی 1990 ئەگــەر کەمێــک شــێوێندرابا لــە ڕۆژنامــە بڵاودەکرایــەوە. بــەڵام ئەمــڕۆ ناوەندەکانی میدیا بۆ ئــەوەی دەوڵەت تاوانبار نەکرێت، هەواڵــەکان دەگۆڕن. کاتێک هەندێک لــە هەواڵەکانمــان لــە ڕۆژنامــە و ســایتەکان دەبینین، تووشــی سەرسوڕمان دەبین. چونکە هیــچ پەیوەندی بــەو هەواڵەوە نییــە کە ئێمە نووسیومانە".

ئــەو ڕۆژنامەنووســە هەروەهــا دەڵێــت، دەســتکاریکردنی هەواڵەکانیان کێشەی زۆریان بۆ دروست دەکات "ئێستا وەکو نەوەتەکان نییە پەکەکە ئاگاداری هەموو شتێک نەبێ، تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە، کاتێک دەچینە شوێنێک تووشی ڕەخنە و گازاندەی ئەوان دەبین".

ڕۆژنامەنووسان دەڵێن حکومەت جیاوازییەکی زۆر لــە نێــوان دەزگاکانی ڕاگەیانــدن دەکات و تەنیا پەیامنێرانی ئاژانســی (ئانادۆڵو کە سەر بە دەوڵەتە) ڕێگایان پێدەدرێت بچنە شــوێنی ڕووداوەکان. تەنانەت پەیامنێرانی ئاژانسەکە بە ئۆتۆمبێلــی گوللەنەبڕی پۆلیس و هەمەرەکانی ئەمنیەت دەگوازرێنەوە شوێنی ڕووداوەکان.

بەهار کلچگەدیک کە ڕۆژنامەنووسێکی دیاری ناوچەکەیە و ماوەی چوار ساڵە لە ئیستانبوڵەوە بــۆ کاری ڕۆژنامەنووســی هاتووەتە ئامەد و لە ماڵپــەڕی (خەبەردار) کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "تەنیا ڕێگا بە ڕۆژنامەنووسانی سێبەر دەدرێت بچنە سوور و جەزیرە وێنە و دیمەنەکان بگــرن. کاتێــک مزگەوتی قورشــونلو ســووتا، بەبیانــووی نەبوونــی ئاســایش ڕێگایــان نەدا تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە بچنە شوێنەکە، بەڵام هەر ئەوکات پەیامنێرانی ئانادۆڵو دوو ســەعات زیاتر وێنەی سووتانەکەیان گواستەوە".

ئەو کچە ڕۆژنامەنووسە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت "بەداخەوە میدیای سێبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاســتی کردووەتە پیشە. بۆ نموونە، کوشتنی خەڵکی پیر و مەدەنی لە جزیرە وەکو کوشتنی ئەندامانی پەکەکە لەقەڵەم دەدەن".

بەشــی زۆری ئــەو ڕۆژنامەنووســانەی لــە شــارەکانی باکــووری کوردســتان کاردەکەن، خەڵکــی ناوچەکەن و کــوردن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئــەوەی هێزەکانی دەوڵەت متمانەیان پێ نەکات.

مەحمود بۆزئەرســلان، سکرتێری کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووســانی باشــووری ڕۆژهەڵات دەڵێت "ڕۆژنامەنووســی لــەو ناوچانــەی شــەڕی لێیە زەحمەتــە، بــەڵام کاتێــک شــەڕ لەناوچــە کوردییــەکان هەبــێ، ئــەو کارە زەحمەتتــرە. چونکــە لێــرەدا دەوڵەت و پەکەکە ئاســتەنگ دروســت دەکەن. زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی ئەو ناوچەیە کوردن، بۆیــە دەوڵەت زۆر متمانەیان پێ ناکات. بۆ نموونە لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ئیستانبوڵ و ئەنقەرەوە دێن، دەبەنە شــوێنی ڕووداوەکان، بەڵام کاتێک ڕۆژنامەنووسێک بۆ میدیایەکی کوردی کاربکات، زیاتر ڕووبەڕووی گوشار و ئاستەنگ دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە لایەنگرانی پەکەکەش متمانە بەو ڕۆژنامەنووســانە ناکەن کــە بۆ میدیاکانی تورکیا کاردەکەن".

بەهــار کلچگەدیــک، پێیوایــە بارودۆخــی ڕۆژنامەنووســی بەو شــێوە ناسروشــتییەی لە باکووری کوردســتان هەیە، کاریگەریی خراپی لەسەر میللەت دەبێت "خەڵک هیواخوازە دەنگی خۆی بەهۆی ئەو زوڵمەی لێی دەکرێ بگەیێنێتە دەرەوە، بــەڵام گواســتنەوەی ڕووداوەکان بەپێچەوانــەوە دەبێتە هۆی کاردانەوەی زیاتری میللەت".



ڕۆژنامەنووسانی باکوور: پەیامنێرانی ئەنادۆڵۆ بە هەمەری سوپا ڕوومالّی ڕووداوەکان دەکەن

# شەڕ ڕای گشتی لە باکووری کوردستان دابەش دەکات

### کوردێکی دانیشتووی دێرسیم: بەم زستانە کاتی شەڕ نەبوو

### دووکاندارێک: ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ چەسپاندنی خۆسەریی دیموکراتیک

**هێمن مامەند**
**ڕووداو- ئامەد**

لە مانگی تەممــوزی ڕابردووەوە دەنگی تەقــە لــە باکــووری کوردســتان نەبڕاوە. ئەو شــەڕە ڕای گشــتی بەسەر دوو بەرەدا دابەشــکردووە، بەرەکیــان پێیانوایــە ئەو شــەڕە جگە لە ماڵوێرانی بۆ کورد، هیچی دیکــەی لــێ شــین نابێــت، بەرەیەکیــش دەڵێــت نابێ چەکــەکان بێدەنــگ بکرێن، هەتــا خۆســەری دیموکراتیک بــە تەواوی نەچەسپێ.

ئالۆزییــەکان لــە باکووری کوردســتان درێژەیــان هەیــە، لــە چەندیــن شــار و شارۆچکە قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندراوە. هەندێک شوێن زیاتر لە مانگێکە قەدەغەی هاتوچــۆی تێدا ڕاگەیەنــراوە، بەو هۆیەوە بە هەفتە تەرم لەســەر شەقام دەکەوێ و کەس ناوێرێ بچێت هەڵیبگرێتەوە.

تاهیــر دۆغــان، کوردێکی دانیشــتووی شــاری دێرســیمی باکووری کوردســتانە، دەڵێت "ڕاســتییەکەی بەم زســتانە کاتی شــەڕ نەبوو، هــەزاران هاووڵاتــی ئاوارە و دەربەدەر بوون، خەڵکی کاسبکار زیانێکی زۆری بەرکەوتــووە، زۆربــەی دووکانەکان داخــراون، بەهــۆی قەدەغــەی هاتوچۆوە قوتابیان ناوێرن بچنە قوتابخانە".

بــە بڕوای تاهیر دۆغان، ئەو شــەڕە بە زیانی کورد تەواو دەبێت "خوێنی هەزاران هاووڵاتــی و گەریــلا بەفیــڕۆ دەڕوات، ئاخــر پێــم نالێــن کــێ دواجــار حەقــی خوێنیــان وەردەگرێتــەوە؟ ئاخر کێشــەی کورد بەکوشــتنی دوو ســەربازی تورک و شــەهیدبوونی دەیــان هاووڵاتــی مەدەنی چارەسەر دەبێت؟".

بــەڵام ئۆرهان محەممەد کــە گەنجێکی تەمــەن 28 ســاڵە، پێیوایە ئەمــڕۆ ڕۆژی کوردانە و کورد نابێت ئەو شــەڕە ڕابگرێ تاوەکو شــتێک بە شتێک دەکات. ئۆرهان کــە دووکانــدارە، دەڵێــت "مــن کــوردم، زمانی کــوردی نازانم، چونکە مافی ئەوەم پێنەدراوە بەزمانی دایک بخوێنم".

ئۆرهــان چەند ڕۆژێکە بەهۆی شــەڕەوە دووکانەکــەی نەکردووەتــەوە، بەڵام باکی بــە بەردەوامیــی شــەڕ نییــە و دەڵێــت "بەهۆی نەکردنەوەی دووکانەکەم زیانێکی زۆرم بەرکەوتــووە، بــەڵام مــن پێمــوایە ئێســتا باشــترین دەرفەتە بۆ چەسپاندنی خۆســەریی دیموکراتیــک. دەرفەتێکــی باش بــۆ کورد ڕەخســاوە، ئەوەتا تورکیا کێشــەی لەگەڵ ڕووسیا هەیە و بارودۆخی ســوپا شڵەژاوە، بۆیە باشترین کاتە و ئەم شــەڕەی ئێســتا دواجار لــە بەرژەوەندی کورد کۆتایی دێ".

ژنــان و منــداڵان قوربانیی یەکەمی ئەم شــەڕەن. نارین کەمــال ژنێکی تەمەن 35 ســاڵەی دانیشــتووی ســووری ئامــەدە و بەهۆی شــەڕەوە ئاوارەی شــاری بینگۆل بــووە کە نزیکەی ســێ کاژێــر لە ناوچەی ســووری ئامــەد دوورە، ئــەو دەڵێت "من ئێستا دووگیانم، بەو زستانە ئاوارە بووین و ماڵ و حاڵی خۆمان جێهێشتووە. نزیکەی مانگێکە هاتووینەتە ماڵی براکەم لە شاری بینگۆل و منداڵەکانــم لە خوێندن بێبەش بوون، مێردەکەم ئیشەکەی لەدەستداوە".

لە هەمووی ناخۆشــتر، ئەو هەواڵە بوو کــە بە تەلەفۆن بە نارین درا و پێی گوترا کە ماڵە چۆڵکراوەکەیان بەهۆی شــەڕەوە ڕووخــاوە. نارین گوتــی "تــازە من چۆن بچمــەوە نێــو خانــووە ڕووخاوەکــە؟ کێ قەرەبووم دەکاتەوە؟ بەو بێ پارەیی و بێ کارییــەی مێردەکەم، چــۆن خانووەکەمان چاک بکەینەوە".

عوســمان ئیبراهیــم، 70 ســاڵ، دانیشــتووی شاری ئامەدە، دەڵێت زۆربەی تەمەنی لە نێو شەڕدا ڕۆیشت، پێیوایە ئەو شــەڕەی کورد ئێستا دەیکات شەڕێکی بێ ئەنجامە "ئێمە دونیامان دیوە، شــەڕ جگە لەماڵوێرانی هیچی لێ سەوز نابێت، دواجار هــەر کورد زیانی پێــدەگات، چونکە کورد بێ کەس و بێ چەکــە، ناتوانێت بەرامبەر ســوپایەکی گــەورەی وەکــو تورک شــەڕ بکات، بۆیە ئاشتی باشترین چارەسەرە بۆ کورد، دەبێت کورد بە ئاشــتیانە مافەکانی بەدەست بێنێ".

مــام عوســمان چاوەڕێــی خراپتربوونی دۆخەکە دەکات و دەڵێت "بەداخەوە جاران بە قســەی ســەرۆک ئاپۆیان دەکرد، بەڵام ئێستا بە قسەی ئەویش ناکەن، کەس گوێ لە کەس ناگرێت، هەر کەس هەڵدەستێتەوە خۆی بە برا گەورە دەزانێت".

"دەمانکــوژن و بــە تیرۆرســتیش دەماننناســێنن "ئەمــە قســەی میرخانە کە کوڕە گەنجێکی تەمەن بیست ساڵەیە، ئەو دەڵێت "ســوپای تورک منداڵی سێ مانگی و پیرە پیاوی حەفتا ساڵی شەهید دەکات و دواتریش دەڵێ ئەوانە تیرۆرســتن، ئاخر مەعقولــە منداڵی ســێ مانگی تیرۆرســت بێ؟".

وەک چۆن شــەڕ هاووڵاتیانــی باکووری کوردستانی نیگەران کردووە، بە هەمانشێوە ئــەو تورکانەی لەباکووری کوردستانیشــن نیگەرانن لــە بارودۆخەکە، بەڵام پێیانوایە لە شەڕی ئەمجارەدا پەکەکە دەستپێشخەر بووە.

ئیحسان ئۆغلۆ کە کادیرێکی ئاکپارتییە و دانیشــتووی شــاری ئامــەدە، دەڵێــت "ڕاســتییەکەی ئێمــەش ئــەم بارودۆخەی کوردەکانمــان پــێ ناخۆشــە، ئــەوان بــۆ یەکەمجــار لــە ڕێگــەی هەدەپــەوە وەکــو لیســتێکی کــوردی گەیشــتنە پەرلەمــان و دەکــرا بەشــێوەی مەدەنــی لەپەرلەمان مافەکانی خۆیان وەربگرن، بەڵام بەداخەوە چەکدارانی پەکەکە و بەشێک لەکوردەکان خیانەتیــان کــرد لــە نیشــتیمان و ئەوان لەبــری بەرگریکــردن لەتورکیــا، چوونــە بــەرەی ڕووســیا و دژ بەحکومەتەکــەی خۆیــان وەســتانەوە، ئێمــە و خۆشــیان تووشی ماڵوێرانی کرد".

بــەڵام بێریڤان ئۆزجان کــە خوێندکاری زانکــۆی ئامــەدە و کادیــری هەدەپەیــە، پێیوایــە ئــەو شــەڕە بەمانــای شکســتی حکومەتەکــەی ئەردۆغانــە. ئــەو دەڵێــت "کورد هەرگیز حەزی لە شەڕ نەبووە، بەڵام ئــەوە ئەردۆغــان و حکومەتەکەیەتــی کە چاوی بەسەرکەوتنەکانی کورد هەڵنایەت و جارێک ویســتی هەدەپە نەچێتە پەرلەمان و هەڵبژاردنی دووبارە کردەوە، ئەمجارەیان کە هەدەپە گەیشتەوە پەرلەمان ئەوەی پێ قبوڵ نەکرا و شەڕی هەڵگیرساند".

بێریڤان گوتیشی "ئەردۆغان و ئاکپارتی تووشــی هیســتریا بوون، ڕۆژێک پەلاماری ڕووســیا دەدەن و ڕۆژێکیــش ئێمــە، بەڵام ئەمجارەیــان ئــەم ئاگــرە ناکوژێتــەوە و دواجار بەسەرکەوتنی کورد کۆتایی دێت".



# پارتی: یەکێتی 15 پۆستی ئێمەی لە پارێزگای کەرکووک بردووە

**بەرپرسێکی یەکێتی:** پارتی لە کەرکووک داوای پۆستمان لێدەکات وەک ئەوەی لە هەولێر و دهۆک پۆستی زۆری پێدابین

**بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک:** یەکێتی بەڵێنی پێداوین پۆستەکانمان بداتەوە

سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

پارتی دیموکراتی کوردستان گلەیی لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەکات لەسەر ئەوەی زۆربەی پۆستەکانی پارێزگای کەرکووکی بۆ خۆی بردووە، بەڵام بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن پارتی زیاتر لەوە داوا دەکات کە بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بەری دەکەوێت.

پارێزگای کەرکووک بەپێی دەستووری عێراق ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەرە و چارەسەرەکەشی بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی ئەو دەستوورە، بەڵام زۆربەی پۆستەکانی پارێزگاکە بەدەست کوردەوەیە. هەرچەندە پارە و بودجەشی لەلایەن بەغداوە بۆ دابین دەکرێ.

زۆربەی پۆستەکانی کەرکووک کە باڵاترینیان پۆستی پارێزگارە، لە دەست یەکێتیدایە، بەڵام پارتی گلەیی لە یەکێتی هەیە و دەڵێت پێشتر لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتوون لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکووک، بەڵام یەکێتی پابەند نەبووە بەو ڕێککەوتنە.

عەدنان کەرکووکی، گوتەبێژی سەرکردایەتی پارتی لە کەرکووک-گەرمیان وردەکاری ئەو ڕێککەوتنەی باسکرد کە لەگەڵ یەکێتی کردوویانە بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای کەرکووک. عەدنان کەرکووکی گوتی "دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، لقی سێی پارتی و مەڵبەندی دووی یەکێتی لە کەرکووک کۆبوونەوە بە مەبەستی دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای کەرکووک، لەسەر گرنگترین خاڵ ڕێککەوتین کە پۆستی پارێزگاری کەرکووک بدرێتە یەکێتی و لە بەرامبەریشدا پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک بدرێتە پارتی، مەحزەری ئەو ڕێککەوتنەش واژۆکرا".

عەدنان کەرکووکی زانیاری زیاتر لەبارەی پۆستەکانی کەرکووک ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لەگەڵ دەستبەکاربوونی نەجمەدین کەریم، وەکو پارێزگاری کەرکووک، هەر ئەوکات بە کاک مەسعود و پارتی گوت کە لە ماوەی سێ مانگدا پارتییەک دەکاتە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی کەرکووک، بارزانییش بەوە ڕازی بوو، بەڵام دواتر لیوا جەمال تاهیر لە پشکی یەکێتی کرایە بەڕێوەبەری پۆلیس و تا ئێستاش ئەو پۆستە نەدراوەتەوە بە پارتی".



بەرپرسێکی پارتی: ئێستا دەرفەتێکی گونجاوە بۆئەوەی پارتی داوای پۆستەکانی لە یەکێتی بکاتەوە. (فۆتۆ: AFP)

لادانی بەرپرسە ئەمنییەکان لە کەرکووک لە دەسەڵاتی بەغدایە، دانانی کەسێکیش هەر لەدەسەڵاتی ئەواندایە، بەڵام دوای ئەوەی کەسەکە لەلایەن هەرێمی کوردستان یان حیزبەکانەوە دیاری دەکرێ، وەک ئەوەی لە مەسەلەی لادانی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای کەرکووکدا ڕوویدا.

عەدنان کەرکووکی دەڵێت تاوەکو ئێستا چەندین جار لەکۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی باسی مافی خۆیان لە پۆستەکانی پارێزگای کەرکووک کردووە، بەڵام کێشەکە هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

سەبارەت بە ژمارەی ئەو پۆستانەی پارتی بە مافی خۆی دەزانێت لە کەرکووک، عەدنان کەرکووکی گوتی "جگە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک، پارتی 15 پۆستی دیکەش لە کەرکووک بە مافی خۆی دەزانێت، لەوانە بەڕێوەبەری وەرزش و لاوان، بەڕێوەبەری خۆراک، بەڕێوەبەری سایلۆی کەرکووک و بەڕێوەبەری شارەوانیی قەرەهەنجیر".

یەکێتی نایشارێتەوە کە ڕێککەوتنیان لەگەڵ پارتی هەبووە بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکووک، بەڵام ڕێککەوتنەکە کۆن بووە و ئێستا باڵانسی هێز لە کەرکووک گۆڕاوە.

ڕەوەند مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکووک دەڵێت "پارتی بەردەوام داوای پۆست لە پارێزگاکانی کەرکووک و هەڵەبجە دەکات، وەک ئەوەی هەموو مافێکیان لە هەولێر و دهۆک بە یەکێتی دابێت".

ڕەوەند مەحموود، باسی ئەو ڕێککەوتنەی کرد کە لەگەڵ پارتی هەیانبووە و دەڵێت "ئەو پۆستانەی بە پارتی درابوون، لە سەرەتاکانی ڕزگارکردنی کەرکووک بووە لەساڵی 2003، بەڵام لەو کاتەوە دوو هەڵبژاردن لە کەرکووک کراون و یەکێتی زۆرینەی دەنگی هێناوە. ئەو پۆستانەشی ئێستا بە پارتی دراون بەرکەوتەی خۆیەتی لە هەڵبژاردنەکان و ناکرێت پارتی داوای شتێک بکات کە لە ڕێژەی دەنگەکانی خۆی زیاتربێ".

لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە لە ساڵی 2014 کرا، لە کۆی 12 کورسی پارێزگای کەرکووک، یەکێتی شەش کورسی و پارتی دوو کورسی بەدەستهێنا.

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکێتی پۆستی بەڕێوەبەری شارەوانی قەرەهەنجیر بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "ئەو پۆستە مافی پارتی بوو، بەڵام بەڕێوەبەری شارەوانیی قەرەهەنجیر هاتە ریزەکانی یەکێتی، لەبری ئەوەش لە شوێنی دیکە پۆستیان پێدان. لە دووبزیش هەمان شت ڕوویدا، پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی دووبز مافی یەکێتی بوو، بەڵام بەڕێوەبەرەکەی بووە پارتی، ئێستا ئەو پۆستە لەلای پارتییە و نەدراوەتەوە یەکێتی".

محەممەد کەمال، بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێتی بەڵێنی داوە پۆستەکان بۆ پارتی بگەڕێنێتەوە، ئێستا چاوەڕێی کۆبوونەوەین لەگەڵ پارێزگاری کەرکووک و سەرکردایەتی یەکێتی".

بەرپرسێکی پارتی پێیوایە ئێستا دەرفەتێکی گونجاوە بۆئەوەی پارتی داوای پۆستەکانی لە یەکێتی بکاتەوە.

کامیل ساڵەیی، قایمقامی کەرکووک کە لە پشکی پارتی ئەو پۆستەی وەرگرتووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا نێوانی پارتی و یەکێتی لە کەرکووک بە باشترین کاتەکانیدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە کاتەکە گونجاوە بۆئەوەی پارتی داوای پۆستەکانی لە یەکێتی بکاتەوە".

# ڕێژەی کورد لە سوپای عێراقدا لە 20 %ەوە بۆ 1 % دابەزیوە

**پەرلەمانتارێکی کورد:** زەحمەتە پۆستی سوپاسالاری عێراق بدرێتەوە کورد

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاماژەی زۆرتر لە دوورکەوتنەوەی کورد لە حکومەتی عێراق دەردەکەون، بەتایبەتی ئەگەر بە سەردانێکی مەیدانی بەنێو لیوا و فەوجەکانی سوپای عێراقدا بگەڕێی، باشتر تێدەگەیت لەوەی کە بۆچی هاوبەشییەکەی عێراق لەگەڵ کورد، لەسەر کاغەزە نەک لەسەر زەوی. ئەندامێکی لیژنەی نێوخۆ و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ "ئێستا ڕێژەی سەرباز و پلەداران لە نێو سوپای عێراقدا 1% تێناپەڕێنێ".

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی نێوخۆ و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە دڵنیاییەوە دەڵێت "ئێستا ڕێژەی کورد لە نێو سوپای عێراقدا 1% زیاتر نییە، لە هەندێک شوێن تەنیا چەند ئەفسەرێکمان ماوە و هیچ سەربازی کورد نەماون، لە سنووری فیرقەیەکدا لەوانەیە یەک دوو سەرباز مابن".

ئەو ئەندامەی لیژنەی نێوخۆ و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، پێشبینی ناکات جارێکی دیکە کوردێک لەسەر ئەو کورسییەش دابنیشێتەوە کە ساڵانێک بابەکر زێباری، وەک سوپاسالار لەسەری دانیشتبوو "لە پەرلەمان بە عەبادیم گوت ئەو پۆستە ئیستیحقاقی کوردە، دواتر بە وەزیری بەرگریدا وەڵامی دامەوە کە دەیداتەوە بە کورد، بەڵام دەرکەوت عەرەبێکی داناوە".

پشکی کورد تادێ لە نێو سوپاکەدا کەمتر دەبێتەوە، بەشێوەیەک کە هەر هەست بە بوونی نەکرێ، بەڵام گلەییەکان وەک ساڵانی ڕابردوو زۆر نین. ئەوەش نامەیەکی دیکەی ڕوونی کوردە بۆ بەغدا کە مەیلی پەیوەستبوونی بەو وڵاتەوە لە سفر نزیک دەبێتەوە و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی شەڕ لەسەر جێکردنەوەی بەشە بودجەی 17% وەک ساڵان گەرم نەبێ.

ئەندامێکی دیکەی پەرلەمانی عێراق، هەرچەندە پێیوایە ڕێژەکە لە 2% دەبێ نەک 1%، بەڵام ئاوا پێناسەی سوپای عێراق دەکات: "سوپای هەموو عێراق و پێکهاتەکانی نییە و بووەتە مۆتەکەیەک بۆ هەموو عێراقییەکان، زیاتر سوپایەکی تایفییە و سەرچاوەی گەندەڵیشە، 500 ملیار دۆلاری تێدا خەرجکراوە و نەیتوانی 24 کاژێر بەرگری لە خۆی بکات لە بەرامبەر چەند سەد کەسێک".

د.بەختیار شاوەیس، کە ئەندامی فراکسیۆنی سەوزە لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ ئەوان لەو خولەی ئێستای پەرلەماندا، بەهۆی کێشە زۆرەکانەوە نەیانپەرژاوەتە سەر ئەوەی بەدواداچوون بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد بکەن لە نێو سوپاکەدا.

بەختیار شاوەیس، پێیوایە خەڵکی کوردستانیش زۆر بایەخ بە چوونە بەغدا نادەن. لەوبارەوە گلەییەکی تاڵەبانی بەبیر دێنێتەوە کە پێشبینی ئەوەی کردووە کورد بەوشێوەیە لەنێو سوپاکەدا کەم ببێتەوە "مام جەلالیش کاتی خۆی دەیگوت خەڵکی کوردستان نایەنە بەغدا ببنە سەرباز".

پێشتر کوردێک سوپاسالاری عێراق بوو، بەڵام چەند مانگێک پێش ئێستا لەسەر داوای خۆی خانەنشین کرا و گەڕایەوە کوردستان. بابەکر زێباری، پێشتر بۆ (ڕووداو) قسەی کرد و نەیشاردەوە کە نەیتوانیوە وەک سوپاسالار هەڵسوکەوت بکات "کاتێک مرۆڤ پۆستێکی وەرگرت و نەیتوانی دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت، پێویستە دابنیشێت".



بەپێی ئەو لیستی مووچەیەی لە بەشە بودجەی عێراقدا بۆیان دیاری کراوە، ژمارەی کارمەندانی وەزارەتی بەرگریی عێراق 250 هەزار کەسە، شاخەوان عەبدوڵلا دەڵێت پێویستە لەو ڕێژەیە سێ هەزار و 500 کەسیان کورد بن بۆ ئەوەی ڕێژەکە ببێتە 1% "بەڵام بە پاسەوانەکانی سەرۆک کۆماریشەوە ئینجا ڕێژەی کورد 1% دەبێت".

سەبارەت بە ئومێدی پێدانەوەی پۆستی سوپاسالاری عێراق بە کورد، شاخەوان عەبدوڵڵا گوتی "ئەوەندەی من بیزانم و ئاگادار بم، ئێستا سوننە و شیعە لەسەر پۆستی سوپاسالار شەڕیانە، بۆیە زەحمەتە جارێکی دیکە ئەو پۆستە بە کوردێک بسپێردرێ".

شاخەوان عەبدوڵڵا، داوا لە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان دەکات بە فەرمی بەیاننامەیەک دەربکەن و سوپای عێراق، بە سوپایەکی عەرەبی لەقەڵەم بدەن "چونکە کوردی تێدا نەماوە".

پێش دەستپێکردنی شەڕی داعش، دوو لیوای سوپای عێراق بە فەرماندەی لیوا و تێکڕای سەربازەکانیانەوە کورد بوون، بەڵام بەهۆی شکستی سوپای عێراق بەرامبەر بە داعش و چۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەن سوپاوە، سەربازە کوردەکانیش گەڕانەوە و لەنێو هێزی پێشمەرگەدا جێیان کرایەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا ڕەتیدەکاتەوە هۆیەکە ئەوەبێ کە کورد نایەوێ لە نێو ئەو سوپایەدا بمێنێتەوە "شوێنیان ناکرێتەوە و ڕێزیشیان لێناگیرێ و سووکایەتیشیان پێدەکەن". نموونەیەک دێنێتەوە و دەڵێ "لە دوایین موقابەلەی ئەفسەرانی پۆلیس، کاتێک موقابەلەی کوردێکیان کردووە، پێیانگوتووە تۆ دەچیتەوە لەوێ ماڵی عەرەب تاڵان دەکەیت".

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ دوای گەڕانەوەی ئەو کوردانەی لە نێو ئەو فیرقانەی سوپای عێراقدا بوون، ڕێژەی کورد بۆ 1% تاوەکو 2% کەمبووەتەوە و لەو بارەیەشەوە هیچ گفتوگۆیەک لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا نییە.

سوپای عێراق لە 6 کانوونی دووەمی 1921 لەژێر ئینتیدابی بەریتانیادا و لەسەردەمی حکومەتی پاشایەتیدا دامەزرا. یەکەم فەوجی سەربازی بەناوی فەوجی (موسا کازم) لە سەربازانی پێشووی سوپای عوسمانی لە کازمییەی بەغدای پایتەخت دامەزرا و حەوت کورد کە ئەفسەری پێشووی سوپای عوسمانی بوون، ڕۆڵی باڵایان لە دامەزراندنیدا گێڕا، بەڵام لە ساڵی 2003دا بە بڕیاری پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنیی عێراق، سوپاکە هەڵوەشێندراوە و دووبارە دامەزرێنرایەوە. شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێت "ئەوکات ڕێژەی کورد لەنێو ئەو سوپایەدا زیاتر لە 20% بوو، چونکە ئێمە وەک کورد ڕۆڵی باڵامان هەبوو لە پێکهێنانەوەی سوپاکەدا".



## دوو مەرز بۆ کۆڵبەرەکان دەکرێنەوە

**رووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لەم هەفتەیەدا دوو مەرزی دیکەی تایبەت بە کۆڵبەرەکان کە پێشتر لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە داخرابوون بکرێنەوە. سیروان محەممەد سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی کە ئێستا لە ئێرانە بە (رووداو)ی گوت لەگەڵ سەرۆکی ژووری بازرگانی کرماشان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ کردنەوەی هەردوو مەرزی پەروێزخان و تیلەکۆ بۆ کۆڵبەرەکان لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران کە لە ماوەی رابردودا ئێران دای خستبوون و لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا دەکرێنەوە.

# لە خۆراکە وشکەکاندا هەرێمی کوردستان تەنیا ئارد هاوردە ناکات

ئەندامێکی لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق:

### لەوانەیە بەغدا بۆ ئەمساڵ نەتوانێت تەواوی مانگەکان بەشە خۆراک دابین بکات

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی:

### هەرکاتێک بەغدا بەشە خۆراکی کوردستان ببڕێ گرفتی گەورەمان بۆ دروست دەبێت

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت، هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی 95%ی بەرهەمی خۆراکی وشکە پشت بە هاوردە دەبەستێت و تەنیا ئارد هاوردە ناکات، بەڕێژەیەکی کەمیش بەرهەمی خۆراکی وشکەی هەیە کە تەنیا بەشی چەند رۆژێک دەکات.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت، دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان تەنیا ئارد هاوردە ناکەین، ئەویش بەهۆی ئەوەیە لە بەرهەمهێنانی گەنمدا گەیشتووینەتە ئاستی خۆبژێوی بە زیادەوە، چونکە ساڵی رابردوو 912 هەزار تۆن بەرهەممان هەبوو، بەڵام پێویستیی کوردستان بە گەنم 700 هەزار تۆنە لە ساڵێکدا".

سەبارەت بە بڕی خۆراکی وشکە لە هەرێمی کوردستان، نەوزاد ئەدهەم گوتی "بەرهەمی خۆراکی وشکەمان هەیە، بەڵام 5% تێپەڕ ناکات، ئەویش بەشی تەنیا چەند رۆژێک دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین 95%ی خۆراکی وشکە هاوردە دەکەین".

زۆربەی وڵاتان بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ سێ سیستم پەیڕەو دەکەن، یەکەم: حکومەت ساڵانە بڕی پێویستیی هاووڵاتیان بۆ هەر خۆراکێک و توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆ بۆ ئەو خۆراکە دیاری دەکات، ئینجا بەپێی پێویست رێگە بەهاوردە دەدات. دووەم: باج و رەسمی گومرگی دەخرێتە سەر بەرهەمی بیانی، تاوەکو بەرهەمی خۆماڵی بتوانێ کێبڕکێ بکات. سێیەم: حکومەت لە رێگەی پاڵپشتیی جوتیاران و کارگەکان کار بۆ کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمی خۆماڵی دەکات، تاوەکو بتوانێ لەنرخ و کواڵیتی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکات.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "لێرە هیچ کام لەو سیستمانە پەیڕەو ناکرێت، بەڵکو پەیڕەوی سیاسەتی بازاڕی ئازاد دەکرێت کە بەشێوەیەکی کراوە رێگە بە هاوردەکردنی هەموو بەرهەمێکی خۆراکیی وشکە دەدرێ، بەئامانجی ئەوەی خواست و خستنەڕوو لەبازاڕ رۆڵ بگێڕێ، ئەمەش وای کردووە بەرهەمی خۆماڵی وەک پێویست گەشە نەکات".

### هاوردەی خۆراک 20% کەمی کردووە

هەرچەندە خۆراک پێویستییەکی رۆژانەیە و مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، بەڵام پێدەچێ قەیرانی دارایی کاریگەری لە گەدەی مرۆڤیش کردبێ و کەمتر خواردن بخۆن.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر هاوردەکردنی خۆراکیش هەبووە، بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستدان، هاوردەکردنی خۆراک لە هەردوو ساڵی 2014 و 2015 بەراورد بە ساڵی 2013 بە رێژەی 20% کەمی کردووە".

سەعدی عەلی، خاوەنی نووسینگەی جوتیار کە بریکاری سەرەکیی هەردوو کۆمپانیای نەورەس و خۆشەیە لە بازاڕی شێخەڵڵا و 100 بەرهەمی خۆراکی بەشێوەی کۆ دەفرۆشێت، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و هێرشەکانی داعشەوە لە ساڵی 2014دا فرۆشمان 20% دابەزی، بەهۆی بەردەوامیی قەیرانەکە و دواکەوتنی مووچەش، ساڵی رابردوو فرۆشمان بە رێژەی 50% کەمی کردووە. هەر بۆیەش کۆمپانیاکانی کەلوپەلی خۆراکیش بە بڕی جاران خۆراک لە دەرەوە ناهێنن".

ئەو بێ بازاڕییە تەنیا بە قازانجی دووکان و مارکێتەکان شکاوەتەوە، ئەوان وەکو جاران ناچنە بازاڕەکان خۆراک و کەلوپەل بکڕن، بەڵکو بۆیان دێتە بەردەرگا. سەعدی دەڵێت "ئێستا بەهۆی کەمبوونەوەی خواست لەسەر خۆراک، کۆمپانیاکان ئێستا خۆیان بەرهەمەکانیان بەسەر مارکێت و دووکانەکاندا دابەش دەکەن".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

سەعدی عەلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە توانای خەڵک بۆ کڕینی بەرهەمە خۆراکییەکان زۆر لاواز بووە، ئەگەر زۆر پێویستیان بە بەرهەمێک نەبێت نایکڕن. گوتیشی "بازاڕی ئێمە لەگەڵ دابەشکردنی مووچەیە، ئەگینا زۆربەی کاتەکانی دیکە بازاڕمان لاوازە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، 4 ملیۆن و 652 هەزار و 469 کەس لە کوردستان سوودمەندن لە وەرگرتنی بەشەخۆراکی مانگانە کە بریتییە لە (شەکر، زەیت، برنج و ئارد)، ئەویش لە رێگەی حکومەتی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی بودجەی حاکیمە دابین دەکرێت.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "تاوەکو ئێستا وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان پشت بەو بڕە خۆراکە دەبەستێ کە لەلایەن بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە دەکرێت، بۆیە لە ئەگەری بڕینی بەشە خۆراکدا، گرفتی گەورەمان بۆ دروست دەبێت".

پێشتر حکومەتی عێراق ساڵانە بڕی 4 تریلیۆن و 500 ملیار دیناری بۆ کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان دابین دەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت حکومەت تەنیا 2 تریلیۆن و 500 ملیار دیناری بۆ ئەم مەبەستە دابین کردووە. حکومەتی عێراق بۆ خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان پێویستی بە کڕینی 75 هەزار تۆن شەکر، 32 هەزار تۆن زەیت و 105 هەزار تۆن برنج هەیە.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "دابینکردنی ئەم بڕە کەمەی بودجە بۆ کڕینی بەشەخۆراک کاریگەریی خراپی لەسەر کواڵیتی و چەندێتی مادده خۆراکییەکان دەبێت، ئەگەری ئەوەش هەیە حکومەت بۆ ئەمساڵ نەتوانێت تەواوی مانگەکان بەشە خۆراک دابین بکات".

گوتیشی کە لە سەردانێکیاندا بۆ وەزارەتی بازرگانیی عێراق، بەرپرسی هاوردەکردن پێیڕاگەیاندوون عێراق بۆ دابینکردنی 99%ی خۆراکی وشک و سەرجەم کەلوپەلەکانی دیکە پشت بەهاوردە دەبەستێت، تەنیا نەوت و هەندێک خورما هەناردە دەکات.

بە گوتەی نەجیبە نەجیب، عێراق چیدی نایەوێ پارەکەی هەناردە بکات و لەوسەریش خۆراک هاوردە بکات، بەڵکو بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کڕینی پێداویستییە خۆراکییەکان لەگەڵ کارگەیەکی ناوخۆ لە حیلە گرێبەستی کردووە بۆ کڕینی 225 هەزار تۆن شەکر بۆ سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵ، هەروەها بۆ کڕینی زەیتیش گرێبەستێکی سەرەتایی کراوە، بۆ برنجیش حکومەت بڕیاری داوە برنجی عەنبەری جوتیاران بکڕێتەوە، بەڵام برنجەکە تەنیا بەشی یەک مانگی هاووڵاتیان دەکات.

کەرتی پیشەسازیی عێراق ئێستا 274 مادده بەرهەم دێنێ، بەڵام بە رێژەیەکی کەم، حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی چاکسازییە داراییەکانی بۆ گەشەپێدانی ئەم کەرتە و کەرتی کشتوکاڵ و دابینکردنی پێشینەی خانووبەرە، بڕی 5 تریلیۆن دیناری لەیەدەگی بانکی ناوەندی تەرخان کردووە.

نەجیبە نەجیب دەڵێت "لەو بڕە بۆ هەریەک لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، تریلیۆنێک و 700 ملیار دینار تەرخان کراوە، پارەکەش بە سوودی 2% لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دراوە بە بانکەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و وەبەرهێنان، ئەوانیش بەسوودی 4% دەیدەنە ئەو کەسەی قەرزەکە وەردەگرێ".

سەبارەت بە سوودمەندبوونی هەرێمی کوردستان لەو قەرزانە، نەجیبە نەجیب دەڵێت "بەپێی یاسا و دەستوور هیچ رێگرییەک نییە لەوەی هەرێمی کوردستانیش لەم قەرزە سوودمەند بێت، بەو مەرجەی لقی ئەو بانکانە لە هەرێمی کوردستان هەبن، بەڵام بە داخەوە تاوەکو ئێستا بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ کردنەوەی لقی ئەو بانکانە لە کوردستان".

دوای داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل

# گەشتکردن بە فڕۆکە بۆ تورکیا بە رێژەی 30%ی زیادی کردووە

### لە ساڵی 2014دا دوو ملیۆن و 89 هەزار کەس لە دوو فڕۆکەخانەکەی هەرێمی کوردستانەوە گەشتیان کردووە




رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار دەڵێت داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل جموجوڵێکی زۆری خستووەتە هێڵی فڕۆکەوانیی تورکی و ژمارەی گەشتیاران بۆ تورکیا بە فڕۆکە بەڕێژەی 30%ی زیادی کردووە.

بەهۆی ئەو ئاڵۆزییەی شارەکانی باکووری کوردستانی گرتووەتەوە، لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمەوە تورکیا دەروازەی ئیبراهیم خەلیلی داخستووە، ئەمەش زۆر لە گەشتیاران و بازرگانانی هەرێمی کوردستانی ناچار کردووە کە لەڕێی فڕۆکەوە گەشت بکەن. بەمەش خواست لەسەر گەشتی ئاسمانی بۆ ئەو وڵاتە زیاد بووە و نرخی بلیتی فڕۆکە هەڵکشاوە.

ئاری دزەیی، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای (P.S.A) بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار کە بریکاری سەرەکی هێڵی فڕۆکەوانی atlas globalی تورکییە، دەڵێت ئێستا بەهۆی داخستنی ئەو دەروازە سنوورییە گەشتەکانیان بە بەراورد بە رابردوو زۆر زیادی کردووە و رۆژانە 14 گەشتیان لە نێوان هەولێر و تورکیادا هەیە "دوای داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل فرۆشی بلیتی کۆمپانیاکەمان بۆ تورکیا بەڕێژەی 30% زیادی کردووە".

بەپێی زانیارییەکانی ئاری، بەر لە داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل 80%ی بازرگان و گەشتیارانی دهۆک و زاخۆ لە رێگەی ئیبراهیم خەلیلەوە دەچوونە شاری جەزیرە و لە فڕۆکەخانەی ئەو شارەوە گەشتیان بۆ شارەکانی تورکیا دەکرد، هەروەها نزیکەی 50%ی گەشتیار و کرێکارە تورکەکانیش لە رێگەی کۆمپانیای van بەپاس گەشتیان بۆ تورکیا دەکرد، بەڵام ئێستا ناچارن گەشت بەفڕۆکە بکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەی گەشتیاران بە فڕۆکە بۆ تورکیا زیاد بکا.

زیادبوونی خواست لەسەر گەشتی ئاسمانی بۆ تورکیا نرخی بلیتی بەرەو هەڵکشان بردووە، لەهەندێ رۆژدا نرخی بلیتی هاتن و چوون بۆ تورکیا دەگاتە نزیکەی 500 تاوەکو 600 دۆلار، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر نیوەی ئەم نرخە بوو.

شێروان موحسین کە دوکانی فرۆشتنی جلوبەرگی هەیە و ناوە ناوە بۆ کڕینی جلی تازەمۆدێل بە فڕۆکە گەشت بۆ تورکیا دەکات، دەڵێت "نووسینگە و کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی بەبیانووی زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران هەریەکەیان بەنرخێک بلیت دەفرۆشێ و بەئارەزووی خۆشیان نرخی بلیتەکان زیاد دەکەن".

بەڵام ئاری دزەیی رەتیکردەوە کۆمپانیاکەیان ئەو هەڵەی قۆستبێتەوە و گوتی "کۆمپانیاکەمان بە سیستەم کاردەکات و ئۆفەرەکانمان بۆ گەشتی تورکیا بەردەوامە و نرخەکانمان لەکلاسی ئاسایی لە 296 دۆلار دەست پێدەکات، بەڵام دوای تەواوبوونی هەر کلاسێک کە ژمارەیان 16 کلاسە و سەرنشینەکانی 12 گەشتیارە، نرخی 25% دۆلار زیاد دەکات، واتە لە کلاسی دووەم نرخ دەبێت بە321 دۆلار و بەوجۆرە بەرەو هەڵکشان دەڕوات تاوەکو دەگاتە 818 دۆلار، بۆیە لە هەندێک رۆژدا نرخی بلیتمان دەگاتە 496 دۆلار لە کلاسە ئاساییەکان، لە کلاسە تایبەتەکانیش هەندێکجار دەگاتە 1090 دۆلار".

بەپێی ئاماری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، لە ساڵی 2014دا ملیۆنێک و 570 هەزار گەشتیار لەو فڕۆکەخانەیەوە گەشتیان کردووە، بەڵام لە 11 مانگی ساڵی رابردوودا ملیۆنێک و 527 هەزار و 869 گەشتیار گەشتیان کردووە.

سەبارەت بە فڕۆکەخانەی سلێمانیش، لە ساڵی 2014دا 519 هەزار کەس لەڕێی ئەو فڕۆکەخانەیەوە گەشتیان کردووە، ساڵی رابردوو ژمارەکە زیادی کردووە بۆ 574 هەزار و 654 گەشتیار.

سەرچاوەیەک لە فڕۆکەخانەی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، بەهۆی داخستنی دەروازی ئیبراهیم خەلیل لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمەوە، ژمارەی گەشتیارانی تورکیا لە فڕۆکەخانەی هەولێر بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەڵام ژمارەی گەشتەکان وەک خۆی ماوەتەوە.

داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل کە هەفتەی رابردوو بەشێوەیەکی کاتی تەنیا بۆ بازرگانان کرایەوە، کاریگەریی لەسەر زیادبوونی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانیش هەبووە.

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "دوای داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، بەشێک لە خەڵک ناچاربوون بۆ راپەڕاندنی کارە بازرگانییەکانیان و گەڕانەوەیان بۆ ئەورووپا لەڕێی فڕۆکەوە گەشت بۆ تورکیا بکەن، ئەمەش وایکردووە ژمارەی گەشتیارانمان بە بەراورد بە مانگەکانی دیکە زیاد بکات".

دوای واڵابوونی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بەڕووی هێڵە فڕۆکەوانییە جیهانییەکاندا، ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی هێڵەکانی فڕۆکەوانی لەزیادبووندان، لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانیش بەدەیان کۆمپانیا و نووسینگەی فڕۆکەوانی بۆ فرۆشتنی بلیت کراونەتەوە و بەردەوامیش ژمارەیان لەزیادبووندایە.

زانا سابیر، بەڕێوبەری نووسینگەی کۆمپانیای TURKISH AIRLINES بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار، کە بریکاری سەرەکی هێڵی فڕۆکەوانی تورکیش ئێرلاینی تورکییە، بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل ژمارەی گەشتەکانمان بۆ تورکیا 15% زیادی کردووە، بەڵام ئەگەر داخستنەکە لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووز بووایە کە وەرزی گەشتوگوزارە، گەشتیارانمان بۆ تورکیا چوار بەرابەر زیادی دەکرد".

کۆمپانیاکان بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاران لە مانگی تشرینی یەکەم تاوەکو مانگی شوبات کە وەرزی گەشت نین و ژمارەی گەشتیاران بەڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێت، داشکاندن لە نرخی بلیت دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازییەکی زۆر لە نرخی ئۆفەری کۆمپانیاکاندا هەیە.

کۆمپانیاکەی زانا کە بلیت بە 78 نووسینگەی فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار دەفرۆشێت، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوودا ئۆفەرێکی راگەیاندووە تاوەکو کۆتایی مانگی شوبات دەخایەنێت، زانا سابیر دەڵێت "لەو ماوەیەدا نرخی بلیتمان بۆ ئەو کەسانەی دەکەونە نێو کلاسی ئۆفەرەکەوە بۆ فڕۆکەخانەی سەبیحە گوکچەن تەنیا 293 دۆلارە، بۆ فڕۆکەخانەی ئەتاتورکیش 334 دۆلارە بۆ چوون و هاتن".

سەبارەت بە ژمارەی گەشتیارانیان زانا گوتی "بەهۆی قەیرانی دارایی و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان ژمارەی گەشتیارانمان لەساڵی 2014 بەراورد بە ساڵی 2013 بەرێژەی 30% کەمی کرد، لە ساڵی 2015ش بەڕێژەی 20% کەمی کردووە".

هەولێر و ئەنقەرە رێککەوتوون.. مانگی داهاتوو دەست بە پرۆژەکە دەکرێ

# کوردستان دەبێتە فەرمانڕەوای نوێی گازی سرووشتی

دەریاز ساڵح
رووداو- هەولێر

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازە ئەمساڵ دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەی هەناردەکردنی گازی سرووشتی بکات، بەمەش دەبێتە فەرمانڕەوای نوێی گازی سرووشتی لە جیهاندا و ئەڵتەرناتیڤی رووسیا بۆ تورکیا.

بەگوێرەی زانیارییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کردووە و نیوەڕاستی مانگی داهاتوو دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەکرێت.

هەرێمی کوردستان جگە لە یەدەگێکی زۆری نەوت کە نزیکەی 160 ملیار بەرمیل نەوتی خاوە، بەپێی داتا بڵاوکراوەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بڕی 200 تریلیۆن پێ سێجا (5 تریلیۆن و 700 ملیار مەتر سێجا) یەدەگی گازی سرووشتیی هەیە، ئەمەش 3%ی تێکڕای یەدەگی گازی جیهانە کە رۆڵێکی گرنگ بە پێگەی کوردستان دەدات لە بازاڕەکانی گازی سرووشتیدا.

بە هەبوونی 200 تریلیۆن پێ سێجای گازی سرووشتی، هەرێمی کوردستان هاوسنووری تەوەری وزەی ئۆراسیایە و کەوتووەتە سەر چوارڕێیانی وزە. دابەزینی نرخی نەوت و قەیرانی دارایی کوردستان وایان لە بەرپرسە باڵاکانی کورد و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کردووە، پلان و بەرنامە بۆ بەرهەمهێنانی گاز و هەناردەکردنی دابنێن.

## دەرفەتێکی گرنگ بۆ کوردستان

پێویستیی تورکیا بە گازی کوردستان بەتایبەت دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا، هاوکات لەگەڵ کێشەی نێوان مۆسکۆ و ئەوروپا لەسەر نیمچە دوورگەی کریمیا، بۆ کوردستان خاڵی زۆر پۆزەتیڤن کە بایەخی گازی سرووشتییان زیاتر کردووە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی خاوەنکار لە کەرتی نەوت و گازی کوردستاندا، لە کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی نوێ، رۆژانە بڕی 10 ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی هەناردەی تورکیا بکات.

کۆتایی ساڵی رابردوو، میدیاکانی تورکیا بەشێوەیەکی فراوان باسیان لە دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی جێگرەوەی گازی سرووشتی رووسیا کرد و گازی باشووری کوردستانیان وەک ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزی رووسیا نێوبرد. میدیاکانی ئەو وڵاتە بە پشتبەست بە یەدەگی گازی کوردستان، بڵاویانکردەوە کە گازی سرووشتیی باشووری کوردستان پێداویستییەکانی 50 ساڵی تورکیا دابین دەکات.

بەپێی پلانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، چاوەڕێ دەکرێت کۆتایی ئەمساڵ بڕێکی زۆری گاز بە هێڵی بۆڕی هەناردەکردنی هەرێمی کوردستاندا لە خاڵی سنووری پێشخابوورەوە بەرەو تورکیا بنێردرێت، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و ئاڵۆزییەکانی باکووری کوردستان رەنگە پرۆژەکە دوابکەوێت.

بەپێی پرۆژەکە، دەبێت کۆمپانیایەکی تورکی و کۆمپانیایەکی خۆماڵی بەیەکەوە کار لەسەر کێڵگەکان بکەن. لە ساڵی 2013ەوە هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی بۆ ماوەی 26 ساڵ لەگەڵ کۆمپانیای بۆتاشی تورکی واژۆکردووە.



## راکێشانی بۆڕییەکە چەندی پێویستە؟

د.بێوار خنسی، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان بۆ وزە بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەگەر راکێشانی بۆڕی گاز وەک بۆڕی نەوت کاری لەسەر بکرێت، ئەوا پرۆژەکە بەخێرایی و بە ساڵێک تەواو دەبێت، بەجۆرێک لە کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتوودا، باشووری کوردستان دەتوانێت رۆژانە 10 ملیار مەتر سێجا گاز هەناردەی تورکیا بکات، تاوەکو ساڵی 2020 یش بڕەکە بگەیەنێتە 20 ملیار مەتر سێجا.

ئێستا ژمارەیەک کۆمپانیای خاوەنکار لە کەرتی نەوت و گازی کوردستاندا کاردەکەن، کۆمپانیاکانی گەنەڵ ئینێرجی، ئەنگلۆتورکی لە کێڵگەکانی تەقتەق، میران، تاوکێ و بنەباوی کار لە بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیدا دەکەن، ئەوە جگە لەو کێڵگانەی کۆمپانیای ریپسۆڵ کاریان تێدا دەکات.

لەساڵی 2007یشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆنسێرتیۆمی داناگاز بەست کە کۆمپانیای کریسێنت پێترۆلیۆمی ئیماراتیش تێیدا بەشدارە بۆ پەرەپێدانی کێڵگە گازییەکانی چەمچەماڵ و کۆرمۆر. هەر یەک لە کۆمپانیاکانی OMVی نەمسایی وMOL ی هەنگاریش هەر یەک 10% بەشدارن لەو کۆنسێرتیۆمە، بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا کێشە لەنێوان ئەو کۆمپانیایە و حکومەت دروست بوو، بەو هۆیە کۆمپانیاکە لە کوردستان کارەکانی راگرتوون.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان مانگی 11ی ساڵی رابردوو لەکاتی بەشداریکردنی لە کۆنگرەی ئەتلەنتیک بۆ وزە کە لە ئیستەنبوڵ بەڕێوەچوو، رایگەیاند "بۆ 9 مانگ دەڕوات ئێمە پەرەمان بە گازی سرووشتی داوە، ئەو گازە بەمەبەستی پێداویستی ناوخۆیی بەکاردەهێنین، هەروەها هەناردەی دەرەوەشی دەکەین، لە بەرنامەماندایە تاوەکو 2019، هەرێمی کوردستان 20 ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی هەناردە بکات".

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژی 2015/12/26 سەردانی ئەنقەرەی کرد. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) بارزانی لەو سەردانەیدا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کردووە بۆ راکێشانی بۆڕیی گاز.

سەرچاوەیەک لەبارەی نێوەڕۆکی رێککەوتنەکە بە (رووداو)ی راگەیاند، بەپێی رێککەوتنەکە ئەگەر هیچ گرفتێک نەیەتە پێش، سەرەتا یان نێوەڕاستی مانگی داهاتوو (مانگی شوبات) دەست بە پرۆژەکە دەکرێت، پرۆژەکەش لەماوەی 270 رۆژ (9) مانگ تەواو دەبێت، واتە کۆتایی ئەمساڵ دەتوانرێ دەست بە هەناردەکردنی گازی سرووشتی بکرێت، چونکە هەر مانگی شوباتی داهاتوو، لە دیوی باکووری کوردستانیش دەست بە پرۆژەکە دەکرێت.

## پرۆژەکە سەرکەوتوو دەبێت؟

نەخشەی وزەی جیهان لە سەدەی بیست بەدواوە تەنیا بە نەخشەی نەوت و خەڵووز نەناسراوە، بەڵکو گازی سرووشتی بەهەمانشێوەی نەوت لە نەخشەکەدا لە کێبڕکێدایە بۆ ئەوەی بەسەرچاوەیەکی سەرەکی وزە هەژمار بکرێت.

ئایا بیرۆکەی هەناردەکردنی گازی سرووشتی سەرکەوتوو دەبێت، یاخود مەترسی نییە نرخی گازیش وەکو نەوت دابەزێ؟ د.بێوار خنسی گوتی "ئەوەی ئێستا لە بازاڕی وزەدا روودەدات ناتەندروستە و بەهۆی سستبوونی پیشەسازیی جیهان، بەکارهێنانی وزە کەمتر بووەتەوە، بەڵام ئاستی بازاڕ بەمشێوەیە نامێنێتەوە".

ئێستا جیهان رۆژانە پێویستی بە 97 ملیۆن بەرمیل نەوتە، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان پێشبینی کرد لە 2020 بڕی ئەو پێویستییە بگاتە 150 ملیۆن بەرمیل، بۆیە بەهۆی پێویستیی جیهان بە وزە، پرۆژەکە شکست ناهێنێ.

بەگوێرەی ئاژانسەکانی پەیوەست بە وزە لەناوخۆی تورکیادا، ساڵانە تورکیا پێویستی بە 48 ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی هەیە، بەرەبەرەش ئەو پێویستییە زیاد دەکات، رووسیا لەو بڕە زیاتر لە 50% و ئێران 30%ی دابین دەکەن، بەشێکیشی لە ئازەربایجانەوە هاوردە دەکرێ. پێویستیی تورکیا بۆ گازی سرووشتی تاوەکو 2020 بۆ ترلیۆنێک و 900 ملیار پێ سێجا بەرز دەبێتەوە و هەرێمی کوردستانیش خاوەن یەدەگی 200 ترلیۆن پێی سێجایە، بۆیە دەتوانێت بەشی زۆری پێویستییەکانی ئەو وڵاتە پڕبکاتەوە.

وەک راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان بۆ وزە دەڵێت "بەهۆی نزیکییەوە، نرخی گواستنەوەی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا کەمتر دەبێت، ئەوەش مانای ئەوەیە تورکیا گازی بە نرخێکی هەرزانتر لە ئێران و رووسیا دەستدەکەوێت، هەروەها تورکیا دەیەوێت گوشاری رووسیا لەسەر خۆی کەمبکاتەوە و گاز لە کوردستان بکڕێ کە دەتوانێ 30%ی پێداویستییەکانی دابین بکات".

## داهاتی 20 ملیار دۆلار

لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، نرخی گازی سرووشتیش دابەزیوە. رۆژی 2015/12/17 نرخی گاز بە رادەیەک دابەزی کە لە 16 ساڵی رابردوودا وێنەی نەبووە. ئێستاش یەک مەتر سێجای گاز بە 2 دۆلار و چوار سەنت لە بازاڕەکاندا مامەڵەی پێوە دەکرێ. ئەگەر ئەو نرخە تا کاتی هەناردەکردنی گازی سرووشتیی کوردستان وەک خۆی بمێنێتەوە و هیچ هەڵکشان و داشکانێک بەخۆیەوە نەبینێ، لە دوو ساڵی داهاتوودا هەرێمی کوردستان ساڵانە زیاتر لە 20 ملیار دۆلاری تەنیا لە بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیدا دەستدەکەوێ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی راکێشانی بۆڕی گواستنەوەی گازی سرووشتیە کە لە کۆرمۆری ناوچەی گەرمیانەوە دەستپێدەکات و دەچێتە چەمچەماڵ و ئینجا بۆ خورمەڵە و دواتر پارێزگای دهۆک و لە کۆتاییشدا لە پێشخابورەوە دەچێتە خاکی باکووری کوردستان.

کۆمپانیای بۆتاش کە بەڕێوەبەری تۆڕەکانی نەوت و گازی تورکیایە، رایگەیاندووە کە تاوەکو مانگی شوباتی ئەمساڵ تەندەرێک رادەگەیەنێت بۆ راکێشانی بۆڕیی گازی سرووشتی لە سنووری هەرێمی کوردستانەوە بۆ پارێزگای ماردین کە پێشتر تاوەکو ئەو پارێزگایە تۆڕی گاز راکێشراوە. ئەو تەندەرە داوا لە کۆمپانیاکان دەکات پێشنیازەکانی خۆیان بۆ دروستکردنی 180 کیلۆمەتر بۆڕی کە توانای گواستنەوەی ساڵانە 20 ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتیی هەیە، رادەستی کۆمپانیاکە بکەن.

# دابەزینی نرخی نەوت گورز لە پێنج وڵات دەوەشێنێ

رووداو — cnn money

دابەزینی نرخی نەوت زیانێکی زۆری لەو وڵاتانە داوە کە بە بەرهەمهێنی نەوتی خاوی جیهان هەژمار دەکرێن، هەر بۆیەش ئەو وڵاتانەی پێشتر زیادەی بودجەیان هەبوو، ئێستا تووشی کورتهێنان هاتوون و سیستەمە دەستبڵاوە ئابوورییەکان شوێنی خۆیان داوە بە کۆمەڵێک سیستەم کە دەستپێوەگرتنی ئابووری و داشکاندنی تێچوونەکانی حکومەت لە خۆدەگرن.

هەتا ناوەڕاستی ساڵی 2014، نرخی نەوت زیاتر لە 100 دۆلار بوو، بەڵام لەو کاتەوە نرخی نەوت دابەزینی بەردەوامی بە خۆیەوە بینی و لە چەند مانگی رابردوودا بۆ خوار 37 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزی. لە بارودۆخێکی ئاوهادا ئۆپێکیش وەها مامەڵە دەکات وەکوو بڵێی هیچ سبەینێیەک لە ئارادا نەبێت، لە کاتێکدا داواکاری چین و وڵاتانی دیکە لەسەر نەوت دابەزیوە و ئەمەش لە پاڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان هۆکارێکی دیکەیە بۆ دابەزینی نرخی نەوت.

لەم نێوانەدا پێنج وڵات زۆرترین زیانیان بە هۆی دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت بەردەکەوێت کە بریتین لە ڤەنزوێلا، سعودیە، نایجیریا، رووسیا و عێراق.

## هەڵئاوسانی 200%

ڤەنزوێلا خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا، ساڵانێکی زۆرە حکومەتی ئەم وڵاتە پارەی نەوتەکەی بۆ پێدانی مووچەی خانەنشینی، چاودێریی پزیشکی، سوودە کۆمەڵایەتییەکان و سوپسیت بەکاردەهێنا. بەڵام لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا ئابووریی ڤەنزوێلا لە رووخان نزیکە.

ئەم وڵاتە کە ئێستا رۆژانە دوو ملیۆن و 689 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات، ئاستی هەڵئاوسانی ئابووری لە ساڵی 2015 هەتا 150% چوو، چاوەڕێش دەکرێت ئەمساڵ بگاتە 200%.

## 100 ملیار دۆلار کورتهێنان

نەوت 75%ی داهاتی سعودیە پێکدێنێ، بۆیە دابەزینی نرخی نەوت کاریگەریی قورسی لەسەر رەوشی ئابووریی ئەم وڵاتە داناوە. سعودیە لە ساڵی 2015دا رووبەڕووی 100 ملیار دۆلار کورتهێنانی بودجەی ساڵانە بووەتەوە. هەرچەندە ئێستا رۆژانە 11 ملیۆن و 624 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، بەڵام دابەزینی نرخی نەوت وای لەو وڵاتە کردووە بۆ ئەمساڵ رێوشوێنی توند بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی داهاتەکانی حکومەت بەرز بکرێتەوە و خەرجییەکانیش کەم بکاتەوە.

## نایجیریا توانای مووچەی نەماوە

نایجیریا گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنی نەوتی ئەفریقییە. ئێستا رۆژانە دوو ملیۆن و 427 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات. نەوت 75%ی کۆی داهاتی حکومەت و 90%ی هەناردەکردنەکانی نایجیریا پێکدێنێ، بەڵام لەگەڵ شکانی نرخی نەوت، حکومەت چیدی توانای پێدانی مووچەی فەرمانبەران و خەرجییەکانی خۆی نەماوە.

## رووسیا و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان

رووسیا لە دوای ئەمریکا و سعودیە بە گەورەترین وڵاتی هەناردەکاری نەوت دادەنرێت کە رۆژانە 10 ملیۆن و 853 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات. نزیکەی نیوەی داهاتی حکومەتی رووسیا لەڕێی هەناردەکردنی نەوت و غازەوە دێت. قەیرانی بەهای نەوت لە کاتێکدایە کە رووسیا لەگەڵ سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاشدا بەرەوڕووە، ئەویش بەهۆی دەستتێوەردان لە ئۆکراینا و داگیرکردنی کریمیاوە بەسەریدا سەپێنراوە.


بودجەی رووسیا لەسەر بنەمای 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دانراوە، بەڵام هەر بەرمیلێکی نەوت بە 37 دۆلار بازرگانیی پێوەدەکرێت، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی چاوەڕێ دەکات بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی رووسیا لە 2016دا بە رێژەی 4.4% دابەزێت.

## باری عێراق گرانە

دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا ئابووریی عێراقی داتەپاندووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە عێراق جگە لە خەرجیە ناوخۆییەکانی دیکە پێویستی بە پارەیە بۆ جەنگی دژی داعشیش.

ساڵی 2015، دەرهێنانی نەوت لە عێراق ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد و ئێستا رۆژانە 3 ملیۆن و 371 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، بەڵام ئەم بەرزبوونەوەیە لە بەرهەمهێناندا نەیتوانی قەرەبووی دابەزینی نرخی نەوت بۆ حکومەت بکاتەوە، ئەمانەش هەموو لە کاتێکدان کە عێراق بەهۆی نزمیی ئاستی تەکنۆلۆژیاکەی نەیتوانیوە وەکوو پێویست سوود لە یەدەگە نەوتییەکانی خۆی وەربگرێت.





## کەژاڵ دیوانە عەرەبییەکەی چاپ دەکات

**رووداو- سلێمانی**

دووەمین دیوانە شیعری ژنە شاعیری کورد کەژاڵ ئیبراهیم خدر ئێستا لە ژێر دیزایندایە و بەم نزیکانە چاپ و بڵاودەکرێتەوە. (لا احیاء بعگر انفاسک) ناوی دیوانە شیعریەکەی کەژاڵ ئیبراهیم خدرە. کەژاڵ بە (رووداو)ی گوت "دیوانەکە نزیکەی 120 هۆنراوە لەخۆدەگرێت و 500 لاپەڕەیە، شیعرەکان لەلایەن نووسەرانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی. ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیش باسی عەشق، خۆشەویستی نیشتیمانی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن". کەژاڵ گوتیشی "ئێستا دیوانەکە لەژێر دیزانە و بەم نزیکانە چاپ و بڵاودەکرێتەوە". کەژاڵ ئیبراهیم خدر، لەدایکبووی شارۆچکەی قەڵادزێیە، نزیکەی 29 ساڵە شیعر دەنووسێت و 19 دیوانی شیعریی هەیە، دوو لە دیوانەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی.

## هۆزان فاتیێ:

# سوپاسی باوکم دەکەم کە نەیهێشت فێری تورکی بم



دەمارێکی مێشکم پووکاوەتەوە و دەمەوێ لە کوردستان بمرم

ئەلبوومێک بۆ چوار پارچەی کوردستان ئامادە دەکەم

**گولبەهار ئاڵتاش**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی کوردی باکووری کوردستان هۆزان فاتێ ئەلبوومێکی بۆ چوار پارچەی کوردستان ئامادە کردووە کە گۆرانییە کلاسیکییە کوردییەکان لەخۆ دەگرێت. فاتێ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) کە لەرێی ئیمەیلەوە کراوە، خۆشحاڵی دەردەبڕێ لەوەی باوکی لە تورکیا نەیناردووەتە قوتابخانە، چونکە پێیوایە ئەگەر بچووبایە ئێستا نەیدەزانی بە کوردی قسە بکات و دەڵێ "ئێستا وەکو زۆربەی ئەو کوردانە دەبووم کە دەڵێن کوردین و زمانی کوردیش نازانن".

**رووداو: سەرەتای دەستکردنت بەکاری هونەری چۆن بوو؟**

**فاتێ:** لەگەڵ خێزانەکەم دەستم بە کاری موزیک کرد، چونکە خێزانەکەم هونەرمەند و موزیکژەنن. باوکم، باپیرم، باپیرە گەورەمان، مامم و خاڵم سەرجەمیان موزیکژەنن. ئەوان جگە لە موزیک سەرقاڵی هیچ کارێکی دیکە نەبوون. بەهۆی نەچوونم بۆ قوتابخانە، زمانی تورکی نازانم. سەرەتا گلەییم لە باوکم هەبوو کە بۆچی نەیناردم بۆ قوتابخانە، بەڵام دواتر ستایشم کرد، چونکە نەمدەویست وەکو زۆربەی کوردان بم، کورد بم، بەڵام زمانی کوردی نەزانم.

**رووداو: مەسەلەی قەدەغەی زمانی کوردی لەسەر گۆرانییەکانت رەنگی داوەتەوە؟**

**فاتێ:** بەڵێ بێگومان. یەکەم تیپی موزیک کە تێیدا بەشداربووم، تیپی "کۆما شیرڤان" بوو لە ساڵی 1986 و ئەوکات ئەلبوومێکمان دەرهێنا بەناونیشانی "زمانێ کوردی".

**رووداو: دوای زمانێ کوردی، چی؟**

**فاتێ:** ئەوسا منداڵ بووم. دواتر ئاستم باشتر بوو. یەکەم ئەلبوومی "سۆلۆ"م لە ساڵی 1993 بەناونیشانی "ئەز دیچیم" دروستکرد. ئەوسا دۆخی سیاسی تورکیا زۆر ناڵەبار بوو. لە ساڵی 1996 لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووم، تا ئەو کاتە خاوەنی 4 ئەلبووم بووم.

**رووداو: 15 ساڵی تەمەنت لە ئەڵمانیا بەڕێ کرد. ئەو ئەزموونە چۆن بوو؟**

**فاتێ:** راستییەکەی بۆ من زۆر خۆش بوو، چونکە توانیم سەردانی زۆر وڵات بکەم. دەتوانم بڵێم شوێنێک نەماوە گەشت و سەردانم بۆ نەکردبێت. وێڕای خۆشگوزەرانی لە ئەورووپا، بەڵام پاڵنەرێک هەیە دووبارە بۆ ئەم خاکەت دەگەڕێنێتەوە. ناتوانیت رێگری لەم هەست و پاڵنەرە بکەیت. ئەورووپا و ئەڵمانیا موڵکی من نین، بەڵام ئەم خاکە موڵکی منە. راستە ئەورووپا و ئەڵمانیا وەک مرۆڤ و وەک ئافرەتێک زۆر شتیان پێ بەخشیم، ناتوانم نکۆڵی لەمە بکەم. چۆن ئەڵمانێک و فەرەنسییەک ناتوانن هەموو شتێک لە کوردستان بکەن، کوردستانییەکیش ناتوانێ هەموو شتێک لە ئەورووپا بکات. دۆستایەتی و گرووپی هاوڕێیەتی و کرانەوەی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی پڕ بایەخە بۆ هەموو مرۆڤێک، بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤ بەدوای شوێنی لەدایکبوونی خۆیدا دەگەڕێت. بەتایبەتی کاتێک ناچار دەبێت شوێنی لەدایکبوونی خۆی بەجێبێڵێت و کۆچ بکات. وێڕای هەموو خۆشییەک، بەڵام هەستی تەنیایی مرۆڤ ناچار دەکات بیر لە رابردووی خۆی بکاتەوە.

پێمدەڵێن گوندی چونکە بە کوردی گۆرانی دەڵێم

کارکردنم لە TRT6 بە هەڵە نازانم و بۆ خزمەتی پرۆسەی ئاشتی چوومە ئەوێ

**رووداو: زۆربەی هونەرمەندانی کورد بەهۆی دۆخە سیاسییەوە گۆرانییان بە تورکی گوت، کەچی تۆ هەر بە کوردی گۆرانیت گوت، ئەمە چۆن بوو؟**

**فاتێ:** هەستێک بوو لەناخەوە هەڵقوڵابوو، هەروەها خۆشەویستیم بۆ زمانی کوردی رەنگدانەوەی لەسەر کارەکانم هەبوو. ئەمڕۆ خەبات و بەرخودان هەیە بۆ خاوەندارێتیکردنی زمانی کوردی. بۆیە هیچ کاتێک خۆم بە هونەرمەند نەزانیوە و بەردەوام پێم دەڵێن "گوندی". منیش شانازی بە گوندیبوونمەوە دەکەم.

**رووداو: زانیومانە دەستپێشخەر بوویت بۆ گەیاندنی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی کوردی ئێزدی، ئەمە چۆن بوو؟**

**فاتێ:** بەڵێ یارمەتیم پێشکەش کرد. بەڵام ناکرێ لەهەر شوێنێک بیدرکێنی. کوردی ئێزدی بەهۆی هێرش و پەلامارەوە ئاوارەو دەربەدەر بوون. ئەوەی ئەرکی سەرشانی ئێمە بوو کردمان. لەگەڵ هاوڕێیانم لە تیپی "کۆمکار" چالاکی هونەریی زۆرمان کرد و کۆمەکی زۆرمان کۆکردەوەو بۆ ماوەی دوو مانگ هاتینە هەرێمی کوردستان و یارمەتییەکانمان بەسەریاندا دابەش کرد. خۆزگە شتی گەورەتر و زۆرترمان دەکرد.

**رووداو: ماوەیەک لە کەناڵی TRT6 کارتان کرد. لەمبارەیەوە چیت هەیە بۆمان باس بکەیت؟**

**فاتێ:** لەبارەی کارە هونەرییەکان هیچ بڕیارێکی هەڵەم نەداوە. خەڵک بەشێوەیەکی ناڕەوا باسی TRT6 یان دەکرد. من هەروەها لە "کوردستان تیڤی و کورد 1" یش کارم کردووە و ئەوساش کەسانێک هەبوون رەخنەیان لێگرتم. مەبەستی سەرەکی کارکردنم لەم میدیایانە پشتیوانیکردنی پرۆسەی ئاشتی بوو لە باکووری کوردستان. دان بەوەدا دەنێم یەکەم ئەڵقەی بەرنامەکەم لە ئامەد نیگەرانی کردم، بەڵام دواتر پەیوەندی تەلەفۆنی و ئیمێڵی زۆر دەستخۆشیم پێگەیشت و زیاتر هانیدام بۆ کارکردن لەم بوارەدا.

**رووداو: کاری نوێی موزیکیتان لەبەردەستدا هەیە؟**

**فاتێ:** بەڵێ، ئەلبوومێکی جوانم هەیە هەر چوار پارچەی کوردستان دەگرێتەوە کە بریتییە لە زیندووکردنەوەی گۆرانییە کلاسیکییەکان. ئێستاش بەشێک کورد هەن لە چوار پارچەی کوردستاندا لە رێگەی سیاسەتی پاکتاوکردن دژایەتییان دەکرێت. بەڵام دیسان خاوەندارێتی لە کولتوور و دابونەریت و کەلەپوور و هونەری خۆیان کردووە. بۆیە لە رێگەی ئەم ئەلبوومەوە بایەخێکی زۆر بەگۆرانییە کلاسیکەکان دەدەم.

**رووداو: زوو زوو سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەی، لێرە کارت هەیە؟**

**فاتێ:** یەکەمجار لە ساڵی 2000 هاتم. لە راستیدا کێشەیەکی تەندروستیم هەیە، نازانم کەی و چۆن چارەسەری دەکەم. دەمارێکی مێشکم تووشی پووکانەوە هاتووە. بۆیە ئەگەر مردیشم با لەخاکی خۆم بمرم نەوەک لە وڵاتی بێگانە. ویستم بەر لەمردنم ئەم ئەلبوومە ئامادە بکەم.

**هۆزان فاتێ:**

- ساڵی 1973 لە گوندی ئێرماناس لە شاری وان لە باکووری کوردستان لەدایک بووە.
- ساڵی 1986 لەگەڵ دەنگبێژ کازۆی مام و ئامۆزاکەی تیپی هونەری "کۆما شیرڤان" دادەمەزرێنن.
- یەکەم ئەلبوومی لەگەڵ تیپەکەی بەناوی "زمانێ کوردی" لە ساڵی 1992 تۆمار کردووە.
- ساڵی 1996 زێدی خۆی جێهێشتووە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە.
- چوار ئەلبوومی گۆرانی هەیە، ئەوانیش: زمانێ کوردی، ئەز دیچیم، بووکا چیا و دەگریم.

## شەهێن تاڵەبانی بۆ (رووداو):

# گۆرانی بۆ کەمەندی ناڵێم خەڵک بە هەڵە تێدەگەن

تەمەنی زیاتر لە 67 ساڵە، بەڵام جارێ لە بەرنامەیدا نییە واز لە گۆرانیگوتن بهێنێ و وا بڕیارە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا کۆنسێرتێک لە شاری هەولێر ساز بکات.

شەهێن تاڵەبانی، لەدایکبووی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لە بەریتانیا نیشتەجێیە. شەهێن لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) بە "برا و هاوڕێ" ناوی هونەرمەندی کۆچکردوو عەباس کەمەندی دەهێنێ، بەڵام دەڵێت ئامادە نییە گۆرانی بۆ مەرگی کەمەندی بڵێت "چونکە خەڵک لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن".

**هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال**
**رووداو - سلێمانی**

## گەنجانی باشووری کوردستان گۆرانی باشیان کەمە یان هەر نییانە

**رووداو: زیاتر لە مانگێکە لە هەرێمی کوردستانن، لێرە پرۆژەی هونەریتان هەیە؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** حەز دەکەم ساڵانە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم، ئەمجارەیان لەسەر داوای خاتوونێک بوو بەنێوی رێزان، گەڕامەوە و مانگی رابردووش کۆنسێرتێکمان بۆ منداڵانی بێ سەرپەشت سازکرد. وەزیری رۆشنبیریش داوای کردووە کۆنسێرتێک بۆ پشتگیری هێزەکانی پێشمەرگە ساز بکەین. رەنگە رۆژی 2016/1/16 کۆنسێرتەکە لە شاری هەولێر بکەین.

**رووداو: هیچ بەرهەمی نوێت ئامادەیە؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** بەڵێ پێنج بەرهەمم ئامادەن، ئاوازەکانیان لەلایەن مامۆستا بورهان موفتیزادەوە دانراون. ئەگەر سپۆنسەر هەبێت ئامادەم بڵاویان بکەمەوە، ئەگەر سپۆنسەریش نەبوو ئەوا لەسەر ئەرکی خۆم بەشێوەی تاک بڵاویان دەکەمەوە.

**رووداو: بۆچی هەمیشە لەگەڵ بورهان موفتیزادە کار دەکەیت؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** لەبەرئەوەی ئاستی دەنگم دەزانێت و هەر کاتێک ئاوازێک دادەنێت پێم دەڵێت، بەڵام بۆ لەمەودوا بەنیازم لەگەڵ ئاوازدانەری دیکەی رۆژهەڵاتیش کار بکەم.

**رووداو: لەم ساڵانەی رابردوودا ژمارەیەک گۆرانیبێژی گەنج دەرکەوتوون، وەک هونەرمەندێکی بە ئەزموون رات لەسەر ئەو دەنگە تازانە چییە؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** راستییەکەی زۆر خۆشحاڵم بە هاتنە پێشەوەی ئەو گۆرانیبێژانە، بەڵام دەمەوێت بەڕاستگۆیانە قسە بکەم، ناتوانم بڵێم کارەکانیان زۆر دەمێننەوە، بۆ نموونە گۆرانی گەرد و تۆزەکەی بەر ماڵەکەتان تاوەکو ئێستاش گەنجان لە فەیسبووک و ئیمەیڵ بۆم دەنووسن کە زۆریان بەدڵە و داوای هۆنراوەکە دەکەن، منیش پەیامم بۆ ئەو گۆرانیبێژە گەنجە خۆشەویستانە ئەوەیە سەرەتا پرۆڤە بۆ دەنگیان بکەن و کارێکیش بکەن کە بمێنێتەوە. ئێستا ئەگەر پێوەر بۆ پارچەکانی کوردستان دابنێم، کاتێک گوێ لە بەرهەمەکانی باکوور دەگریت زۆر باشن، رۆژهەڵاتیش هەر باشن، بەڵام ئازادییان نییە، بۆ باشوور هەرچەندە پێمخۆشە و حەز دەکەم گوێ لە گۆرانییەکیان بگرم، بەڵام بەڕاشکاوی قسە دەکەم و بەداخەوە هەست دەکەم گۆرانیی باشیان کەمە، یاخود نییە.

**رووداو: کارێکت کردووە بۆ ئەوەی گەنجان گوێت لێبگرن؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** گەنجان داوایان کردووە گۆرانییەکانم بڵێنەوە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە گوێگری بەرهەمەکانن. بۆ نموونە گۆرانی سەبری گوڵفرۆشمان لەساڵی 1971 تۆمار کردووە، تا ئێستاش هەر زیندووە.

جارێ لە بەرنامەمدا نییە واز لە گۆرانیگوتن بهێنم

**رووداو: باسی ئەو بەرهەمەت کرد کە لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو عەباس کەمەندی گوتووتانە، دواجار کەی بینیت؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** مامۆستا کەمەندی هاوڕێ و برام بوو رۆحی شاد، ئەو منی پێگەیاند و سەبری گوڵفرۆش مێژوویەکە لە کاری هونەریمدا و لە هەموو بەرنامەیەک خەڵک داوای دەکەن. لەو باوەڕەدا نەبووم وا لەناکاو بەجێمان بێڵێ. دوای 25 ساڵ کە سنەم جێهێشت و گەڕامەوە، لەگەڵ خانمێک کە حەزی دەکرد مامۆستا ببینێ، سەردانیماڵیانم کرد و بۆ ماوەی کاژێرێک لەگەڵ خێزانە بەڕێزەکەی پێکەوە دانیشتین و دووبارە سوپاسم کردەوە کە منی پێگەیاند.

**رووداو: باستان نەکرد کە پێکەوە بەرهەمی نوێ تۆمار بکەن؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** نەوەڵڵا هیچ باسمان نەکرد.

**رووداو: ئەی لە کەیەوە هونەرمەند فەتانەی وەلیدیت نەبینیوە؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** ئەویش دوای 22 ساڵ بینیمەوە، کە سەردانم کرد، پێش چوونە ژوورەوە بە دەنگم ناسیمییەوە و ئیدی کە بینیم بەداخەوە تووشی نەخۆشی بووە و دەستم بە گریان کرد و لەوباوەڕەدا نەبووم وای لێبێت، چونکە لە یەک تەمەنین و دوای چەند رۆژیش هەر بیرم لێدەکردەوە.

**رووداو: چەند جار چوویتەوە سنە؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** دوای 22 ساڵ دابڕان، نزیکەی 4 جاری دیکە چوومەتەوە سنە.

**رووداو: تەنیا لەگەڵ عەباس کەمەندی دوێتت هەبوو، ئامادەی دوێت لەگەڵ هونەرمەندی دیکە بکەی؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** ئەگەر بەرهەمێکی باش هەبێت و دەنگی هونەرمەندەکەم بەدڵ بێت بەڵێ.

**رووداو: هیچ هونەرمەندێک هەبووە ئەو داوایەت لێبکات؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** بەڵێ، بەڵام حەز ناکەم ناوی بهێنم.

**رووداو: کەی دەوەستی؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** توانای دەنگم ماوە و خەڵکیش داوای بەردەوامیم لێدەکەن، بۆیە جارێ لە بەرنامەمدا نییە واز لە کاری هونەری بێنم.

**رووداو: بەنیاز نیت گۆرانییەک بۆ مەرگی کەمەندی بڵێیت؟**

**شەهێن تاڵەبانی:** نەخێر، لەبەرئەوەی هەندێک لە خەڵک بە هەڵە تێدەگەن، من ئەگەر گۆرانیشی بۆ بڵێم مەبەستمە لەو رێگەیەوە سوپاسی بکەم کە وەکو هاوڕێ و برایەک پێیگەیاندم، بەڵام لەبەر ئەو گۆرانییە هاوبەشەمان دەڵێن ئێوە خۆشەویستی یەکدی بوون. منیش لەبەرئەوەی حەزم لە درۆ نییە، بەردەوام گوتوومە هیچ پەیوەندییەکمان نەبووە، بەڵکو وەکو دوو هاوڕێ گۆرانیمان گوتووە، بۆیە ئەگەر گۆرانی بۆ بڵێم خەڵک بە هەڵە تێدەگەن.



پێنج بەرهەمی نوێم ئامادەن

**شەهێن تاڵەبانی:**

- ساڵی 1952 لە شاری سنە لەدایک بووە
- ساڵی 1972 دوو گۆرانی بەناوی سەبری گوڵفرۆش و دوێنێ شەو خەوم دی، تۆمار کردووە.
- ساڵی 1975 شووی کردووە. دواتر وازی لە گۆرانیگوتن هێناوە
- ساڵی 1989 شاری سنەی جێهێشتووە و لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە.
- ساڵی 1996 دەست بە گۆرانیگوتن دەکاتەوە.
- ساڵی 2002 ئەلبوومێکی گۆرانی بەنێوی "یادی یاران" 2003، ئەلبوومی "بۆ تۆ کوردستان" و 2007یش ئەلبوومی "دووری" بڵاودەکاتەوە.



## 33 کۆچبەر لەنێو بارهەڵگرێک رزگار دەکرێن

**ڕووداو– هەولێر**

حکومەتـی مەکدۆنیـا رزگارکردنی 33 کۆچبەری راگەیاند کە زۆربەیان خەڵکی عێراق و ئێرانن، لەکاتێکدا شـۆفێری بارهەڵگرەکەیان دەرگاکەی لەسـەریان داخستبوو و جێی هێشتبوون. پۆلیسی مەکدۆنیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە "بارهەڵگرێک کە 16 کۆچبەری عێراقی و 15ی ئێرانی و دوو ئەلبانی هەڵگرتبوون، رۆژی شەممە 2016/1/8 لە ناوچەی کۆمانۆڤۆ شۆفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی جێهێشتووە و کۆچبەرەکانیشی لەنێودا جێهێشتوون". بەپێی سەرچاوە هەواڵییەکانی مەکدۆنیا "بارهەڵگرەکە یەک دەرگای هەیە کە لەدەرەوە دادەخرێت، دیوارەکانیشـی ئەسـتوور و قایمن، بەڵام کۆچبەران توانیویانە لە ژوورەوە دەرگاکە بشکێنن".

# سەرمای هێلسنکی کۆچبەرانی کورد راودەنێت



کۆچبەرانی کورد سەرقاڵی برینی تکتی گەرانەوەن بۆ کوردستان (فۆتۆ: ڕووداو)

## کۆچبەرێکی کورد لە فینلاند:

## لەو باوەڕەدا نەبووم بەم شێوەیە سارد بێت

**ڕووداو – هێلسنکی**

بەشـێوەیەکی کتوپـڕ و لـە هەفتـەی یەکەمی سـاڵی نوێـدا، لەماوەی تەنیا دوو رۆژدا، پلەکانـی گەرمـای وڵاتانی باکووری ئەوروپـا لـە-8 10 پلـەوە بـۆ 20- 28 پلەی ژێر سـفر دابەزی، بەمـەش ژمارەی ئـەو کۆچبەرانەی ناوی خۆیان بۆ ناردنەوە نووسیبوو، پێنج هێندە زیادی کرد.

ئیحسـان حەسـەن، کارمەنـدی یەکێک لە کەمپەکانی شـاری لاهتی لە ناوەڕاستی فینلاند بە (ڕووداو)ی گوت "لە کۆی چوار کەمپـی ئـەم سـنوورە پێشـتر 27 کەس نـاوی خۆیان تۆمار کردبـوو بۆ گەڕانەوە، بەڵام ئێسـتا 248 کەس زیـادی کردووە". گوتیشـی "چەندین گەنج دەناسـم بەناوی شتکرین رۆیشتوون و ئێستا لە سوێدن".

ئـەو دڵنیابـوو لـەوەی ئـەو گەنجانـە بـۆ کوردسـتان دەگەڕێنـەوە. ئیحسـان بەشـێکی هەڵاتنـی کۆچبەرانـی لـە کەمپەکان بۆ سـەرمای فینلاند گەڕاندەوە و گوتی "کۆچبەران لە کەمپەکان کێشـەی گەرمکەرەوەیان زۆرە و پێشـبینی ئەوەیان نەکردووە سـەرمای ئەم وڵاتـە بەو رادەیە بێت".

بەپێـی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە زاری سەرچاوەیەکی خاچی سـووری سویدەوە، ژمارەیەکـی زۆر پەنابـەری کـورد کـە ناسنامەیان ئاشـکرا نەکراوە، ناوی خۆیان بۆ ناردنەوە تۆمار کردووە.

سـانا کارمەندێکی کوردی ئەو رێکخراوە بـە (ڕووداو)ی گـوت "رێکخراوەکـە ئاسـانکاری ئـەوەی بۆ کـردوون کە پەڕی فەرمییـان لەرێگـەی باڵیۆزخانـەوە بـۆ رێکبخات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە".

هـەر بەپێـی زانیارییـەکان ژمارەیەکی زۆر لـەو کۆچبەرانەی چوونەتە سویسـرا، سـەرەڕای ئـەوەی ئاسانکاریشـیان بـۆ نەکراوە، بـەڵام چاوەڕێیان نەکردووە و بە قاچاخ چوونەتە سـوێد بۆ ئـەوەی لەوێوە بگەڕێنەوە کوردستان.

### نرخی تکتی کەشتی و فڕۆکەکانیان گران کرد

بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما لەلایەک و کەمیـی کاتـی گەشـت و خەریکبوونـی خەڵـک بـە دەوام و کاری فەرمـی، لـە سـەرەتای سـاڵدا نرخـی تکتی کەشـتی و فڕۆکـەکان زۆر دادەبەزێـت، تەنانـەت هەندێکجار لە نێوان وڵاتە ئەورووپییەکان و بەتایبەت وڵاتە دراوسێکاندا دەگاتە ئەوەی گەشت بە خۆڕایی دەبێ، بەڵام گەڕانەوەی کتوپـڕی کۆچبـەران، بەو زسـتانە نرخی بلیتی کەشتی و فڕۆکەی گران کردووە.

سـاڵح سـەلمان کـە لـە کۆمپانیایەکی گواستنەوە و فڕۆکەوانی لە ستۆکهۆڵم کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "تکتی بەلاشی کەشـتیمان بە 400 کرۆن فرۆشـتووە کە خۆی کەمتر لە 10 کرۆنی پێدراوە، ئەوەش کۆچبەرانی گەڕاوە گرانیان کردووە و ئێستا گەشتی نێو کەشتییەکان جمەی دێت".

بەهـۆی نەبوونـی هێڵـی راسـتەوخۆی فڕۆکەوانی لەنێوان فینلاند و کوردسـتان، هەروەها گرانیی هێڵەکانی وڵاتانی دراوسێ و بەتایبـەت هێڵـە سـەرەکییەکانی وەک تورکیـا و نەمسـا، کۆچبـەران و بگـرە گەشتیارانیش دێنە سوید و لەوێوە گەشت بۆ کوردستان دەکەن.

سـاڵح سـەلمان دەڵێـت "بەهـۆی نەبوونی پاشـخانی یاسـایی و ناشارەزایی ئـەو کۆچبەرانـە، ئێمـە و کۆمپانیاکانـی گواستنەوە بە شەش قات و هەشت قات و بگرە بیسـت قات تکتی کەشـتی بە نرخی ئەوەندەو نیو و هی هێڵە فڕۆکەوانییەکانیان بۆ دەکڕین".

ئەوانـەی چاوەڕوانـی حکومـەت و کارگێڕیی کەمپەکان ناکەن کە ئاسـانکاری هاتنـەوەی کوردسـتانیان بـۆ بکـەن، بەشـێکیان لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان و بەشـێکیان بەشـێوەی نایاسایی لە رێگەی ئەو کەشتیانەوە سنووری دەریایی فینلاند بەرەو سوید دەبڕن و بە فڕۆکەکانی نەمسا و تورکیا و ئەوانی دیکە دێنەوە کوردستان.

سـاڵح دەڵێت لەسـەر ئاسـتی کەسـی و کۆمپانیاکانیـش ئیسـتیغلالی ئـەم گەڕانەوەیـەی کۆچبـەران دەکرێـت، بەڵام گوتیشـی: "دواجار ئەمە بزنسێکە و مافی خۆمانە". ئەو بێتاقەت بوو لەوەی گەنجانی کـورد زۆر نەشـارەزان و تەنانـەت نازانن چۆن تکتیش بکڕن.

سـاڵح دەڵێت قسـەی لەگـەڵ چەندین کۆچبەر کردووە گوتوویانە بەرگەی سەرمای باکـووری ئەورووپـا ناگـرن و دەگەڕێنەوە کوردسـتان "زۆربەیان چەندینجار تووشـی مەترسـی بـوون و هەندێکیان لـە لێواری مەرگ گەڕاونەتەوە، کەچی زۆر بە سـانایی دەڵێن لەتاو سەرما دەگەڕێینەوە".

پێدەچێـت چیرۆکـی گەنجەکانـی لای سـاڵح هەمـان ئەوانە بێت کـە کارمەندی کەمپەکەی لاهتی باسـی دەکات. ئیحسان گوتـی "ناتوانم وێنای ئەوە بکەم، گەنجێک مەترسـیی رێـگا و پەڕینـەوە بـە چووپی لەرێـگای یۆنـان ببینێ و لێـرەش بڵێت بەرگەی ئەو سەرمایە ناگرم".

ئیحسـان نایشـارێتەوە کە خەمساردی هەیە لە دابینکردنی گەرمکەرەوە "سیستمی گەرمیـی زۆر باش لـە کەمپەکانـدا نییە، چونکە لە بنەمادا شـوێنەکان بۆ حەوانەوە و کەمپ دروسـت نەکـراون و بۆ خەوتن و مانەوە ناشـێن. بەڵام بەوشێوەیەش سارد نییە کە بەرگەی نەگری".

غەفـوور مـەلا محەممـەد، یەکێکە لەو گەنجانـەی دەگەڕێتـەوە و ئێسـتا لەبـەر گرانیـی تکتەکانـی چوونـەوە، دەبێـت چـاوەڕێ بکات. غەفـوور دەڵێت "ئەوروپا زۆر لەوە ناخۆشـترە کە تەحەمولی بکرێ. تـرس لە سـەرما و رەقبوونـەوە لە داعش خراپترە".

لای غەفـوور سـەرما و داعـش وەک یەکـە. ئـەو دەڵێـت "نەک هەر مـن، هیچ یەکێـک لە هاوڕێکانمان سـەرمای ئێرەمان بەو شـێوەیە پێشـبینی نەکردبوو، بەخوا تەحەمولـی ناکەیـن". غەفـوور گوتیشـی "ئـەوە تاقیکردنەوەیەک بوو کە زانیمان لە ئاستیدا نین، ئاسایی وەریدەگرم، شکستم هێنا و دەگەڕێمەوە کوردستان".

# شەڕی نێوان کورد و ئەفغان کەمپەکانی ئەوروپای گرتووەتەوە



کۆچبەرانی ئەفغانی خەریکبوو بۆ پیتزایەک کۆچبەرێکی کورد بکوژن (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم، هێلسنکی**

شـەڕی نێوان کـورد و ئەفغان و هەندێکجار سـوورییەکان، بووەتە بابەتـی مێدیاکان و ئەو شـەڕانە هەندێکجار بـە رادەیەک قورس بوون کـە حکومەتەکانـی ئەوروپـای ناچـار کردووە گۆڕانکاری لە سیاسـەتیان بەرامبەر کۆچبەران بکەن و هاتوچۆی نێو شـارەکانیان لێ قەدەغە بکەن.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان پەیوەندیی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە کەمپی پەنابەران لە وڵاتانی ئەوروپادا هەیە. لە کەمپەکانی خوارووی ئەوروپا کۆچبـەران زۆرتر لەگەڵ یـەک گونجاون، بەڵام کەمپەکانی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا هەمیشە پڕن لە شەڕ و ئاژاوە.

بـە گوتـەی کۆچبـەران، ئـەو کەمپانـەی ژن و منداڵیـان تێدایـە و زۆربـەی خێزانەکان جیاکراونەتـەوە، بـە تایبەتـی لـە کەمپەکانی ئەڵمانیـا و سویسـرا، کەمتـر شـەڕی تێـدا روودەدات، بەڵام لە کەمپەکانی سوێد و فینلاند کـە خێزانەکانی نەتـەوەکان تێکەڵن، کەم رۆژ هەیە بەبێ شەڕ بەڕێ بکەن.

### کورد بە شەڕکەر ناوی رۆیشتووە

دەمی هەر کۆچبەرێکی ئەفغانی و سـووری و ئەفریقـی بکەیتـەوە، گلەیی لـە کۆچبەرانی کـورد دەکـەن کە شەڕفرۆشـن، بـەڵام بژوێن کـە کۆچبەرێکی کوردە لە هێلسـنکی، دەڵێت "کورد شەڕفرۆش نییە، بەڵکو سەرشۆڕی قبوڵ ناکات".

شـەڕی قورسـی نێـوان کـورد و ئەفغان و هەندێکجـار سـوورییەکان، بووەتە باسـی نێو میدیاکانیش. زۆری شەڕەکان ئێستا چووەتە نێو کەمپەکان. هەزان مەحموود کۆچبەرێکی کوردە، دەڵێـت "ئێمـە زۆر ئازاین، بـەڵام ئەفغانەکان لەشەودا زەفەرمان پێدەبەن".

پێکهاتـەی کەمپـی شـاری ڤانتـای نزیک هێلسـنکی بەوشـێوەیەیە: 8 بـۆ 12 ژوور لـە راڕەوێکدایە و هەر ژوورێک 3 تاوەکو 6 کەسـێ تێدایە، لە ژوورە گەورەکانیشدا 10 تا 18 کەس دەخەون.

بەشـێک لە ژوورەکانی هۆڵـەکان، زۆربەیان ئەفغـان و عەرەبـن، کۆچبەرانی کـورد دەڵێن ئەوان کێشەیان بۆ دروست دەکەن و هەندێکجار گەلەکۆمەکێ دەکەن.

هـەزان مەحمـوود کـە خەڵکی باشـووری کوردسـتانە، باسـی شـەڕەچەقۆی نێـوان کۆچبەرانـی کـورد و ئەفغـان دەکات و دەڵێت "ئـەوەی بینیومـە قـەت دووبـارە نابێتـەوە، لەسەر پیتزایەک، ژیانی گەنجێکی کورد کەوتە مەترسییەوە".

بەگوتەی هەزان، عەرەبەکان بە ئەفغانەکان شـەڕی کورد دەکەن "بەرامبـەر پارەیەکی زۆر کەم، یان ژەمە خواردنێک، ئەفغانەکان ئامادەن کورد بۆ عەرەب بکوژن".

بژوێـن حوسـێن کـە کۆچبەرێکی کـوردە، شـەڕێکی گـەورەی نێـوان کـورد و ئەفغان و سـۆماڵییەکان دەگێڕێتەوە کە هێزێکی تایبەت کۆنترۆڵی کردووە.

بژوێن لە دەرەوەی هێلسنکی دەژی و هەفتانە لەرێگـەی پاسـەکانەوە بە کۆمـەڵ دەهێنرێنە هێلسنکی "هەفتە نییە لەنێو پاسەکەدا نەبێتە شـەڕمان، لەو ماوەیەدا شـەڕێکی قورس لەنێو پاسـدا روویدا، گەورەیی شەڕەکە پاسەکەی لە نێوان ئۆتۆبانی شاری هێلسنکی و تۆرکۆ راگرت، دواتر هێزێکی تایبەت هات شەڕەکەی کۆنترۆڵ کرد".

لەو شەڕەدا چەقۆ و قەمە و ئاگر بەکارهاتبوو، لە رۆژنامەکانی فینلاند وەکـو رووداوێکی نامۆ باسـی کرا، چەند کەسـێک بە قورسی بریندار بـوون. بەهـۆی ئـەو رووداوەوە هاتوچـۆی کۆچبەران بۆ نێو شارەکان بۆ ماوەیەک قەدەغە کرا.

بژوێن حەسەن، باسی هۆکاری ئەو شەڕانەی کـرد و گوتی "ئەفغانەکان باری ئابوورییان زۆر خراپە، هەندێکجار لەبەرامبەر نان و پەنیر، یان برێـک پارە، عەرەب و سـۆماڵییەکان بەکاریان دەهێنن و شەڕی کوردیان پێدەکەن". گوتیشی "تەنانـەت لە یۆنان بۆ یـەک ژەم نان خواردن، خەڵکیان کوشتووە".

بەڵام ئەفغانەکان دیوێکی دیکەی رووداوەکان بـاس دەکـەن و دەڵێن کورد بـە چاوێکی نزم لـە نەتەوەکانی دیکـە دەڕوانن بـە تایبەت لە ئەفغانەکان.

حەبیب محەممـەد کۆچبەرێکی ئەفغانییە و خەڵکی قەندەهارە، زیاتر لە ساڵێکە هاتووەتە دەرەوە، بەڵام کەمتر لە مانگێکە گەیشـتووەتە هێلسنکی. دەڵێت "زۆر لە ئەفغانەکان، بەتایبەت ئەوانـەی خێزاندارن، پارە و خواردن بەشـیان ناکات". گوتیشـی "کەسوکارمان هەیە، لەسەر پارەیەکـی زۆر کـەم پەکیکەوتـووە، لـەو 50 یۆرۆیەی هەفتانە وەریدەگرین، ئەوانیش بەخێو دەکەین".

حەبیب دانی بەوەدانا کە رەوشـی ئابووریی ئەفغانـەکان زۆر خراپە و رەنگە هەندێکیان لە پێناو پارەدا یان پارووە نانێک ناچاری شەڕکردن ببن، بەڵام دەڵێت "ئەوە پاساو نییە بۆ ئەوەی کۆچبەرانـی کورد بە لووتبەرزییەوە مامەڵەمان لەگەڵ بکەن".

لـە کەمپەکانی سویسـرا دیمەنێکـی تەواو جیـاواز دەبینی لەوەی لە کەمپەکانی فینلاند و سوێد هەیە.

تاریق و هیوا دوو کوردی باشووری کوردستانن و لەگەڵ خیزانەکانیان لە کەمپێکی باشـووری سویسـرا دەژین و دەڵێن لەوێ نەک هەر شـەڕ نییـە، بەڵکـو زۆرجار خێزانەکان لەسـەر یەک سفرە نان دەخۆن. هیوا دەڵێت "خێزانەکانمان هاورێـن و بەهەمان کولتووری کوردسـتان، لە بەردەرگا دادەنیشن و گوڵەبەڕۆژە دەخۆن".

لە تەنیشت ژوورەکەی هیوا، ماڵێکی عەرەب و ماڵێکـی ئەفغان هەن. ئەو سـێ خێزانە زۆر هاموشۆی یەکدی دەکەن و هەر پێویستییەکیان هەبێت، بۆ یەکدی دابینی دەکەن.

نیمـا کـە ژنێکی ئەفغانـە، دەڵێـت "لەبەر ئـەوەی ژوورەکەمـان تەلەڤزیۆنی تێـدا نییە، زۆرجـار دەچینە ماڵی هیوا، یان ماڵی عەدنانی دراوسێمان بۆ سەیرکردنی تی ڤی".

ئـەوان هەمـوو کۆکـن لەسـەر باشـیی پەیوەندییەکانیـان، تەنانـەت دەڵێن نامۆیی و بێتاقەتی کەمپیشی لەبیربردوونەتەوە.


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی گراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - رێگای کەرکوک - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
رز محمود
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب


divan
erbil
Viva L'Italia!
Enjoy the special italian menu prepared by
Chef Giancarlo Gottardo
at Divan Erbil between 13-25 January.
Gulan Street
Erbil, Kurdistan Region of Iraq
T:+964 66 210 5000 F:+964 66 210 5001
info.erbil@divan.com
www.divan.com
Divan.Hotel.Erbil
/DivanHotelErbil
CHOPIN
LVX
Preferred


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND



## ژنانی کەرکووک داوای 25% دەکەن

**رووداو- کەرکوک**

رێکخراوێکی ژنان بە هاوکاری رێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەوڵی زیادکردنی رێژەی ژنان لە پۆستە کارگێڕییەکانی شاری کەرکووک دەدەن. سرووود محەممەد، بەڕێوبەری رێکخراوی هیوا بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژانی 8-2016/1/9 بەهاوکاری رێکخراوی ئاشتی و ئامادەبوونی نوێنەرانی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتییان بۆ چۆنیەتی زیادکردنی پێگەی ژن لە شارەکەدا سازکردووە. گوتیشی "پلانێک دانرا کە چۆن رێژەی ژنان لە فەرمانگەکاندا لە 25% کەمتر نەبێت و هەر لیژنەیەکیش دروست بکرێت ژنێکی تێدا بێت".

دەستبەرداری ژیانی ئەوروپا بووە

# ژنە پزیشکێکی کورد دەبێتە فریادڕەسی ئاوارەکان



**پۆڵ ئیدۆن**
**رووداو- هەولێر**

دکتۆرە نەمام غەفووری، 35 ساڵە لە سوێد دەژی، ماوەی ساڵ و نیوێکە دەستبەرداری ژیانی ئەوروپا بووە و دەیەوێ بەو کۆمەک و هاوکاری و خزمەتگوزارییە تەندروستییەی بۆ ئاوارەکانی کوردی ئێزدی دابینی دەکات، کەمێک لە مەینەتییەکانیان کەم بکاتەوە. بەڵام قەیرانی دارایی خەریکە ریسەکەی لێ دەکاتەوە بە خوری.

غەفووری بە دانانی نانەواخانەیەک دەستی پێکرد، ئێستا لەگەڵ کۆمەڵێک پزیشکی کورد کە پێشتر لە سوێد رێکخراوێکی پزیشکییان دامەزراندووە، بەبێ بەرامبەر چارەسەری ئاوارەکان دەکەن.

غەفووری چیرۆکی دانانی نانەواخانەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "لەو کەمپەی کاری لێدەکەم، بینیم ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەهۆی شتی سادەی وەکوو وەستان لە سەرەی نان، ئازاریان پێگەیشتووە و بریندار بوون. بۆیە زوو تێگەیشتین کە دەبێت نانی تازە بەسەر هەموویاندا دابەش بکەین. نانەواخانەیەکمان دروستکرد بۆ ئەوەی نانی پێویست بۆ ئاوارەکان دابین بکەین".

نانەواخانەکە کە پێشتر نانی گەرمی دەدایە 18 هەزار کەس، ئێستا داخراوە. غەفووری دەڵێت "قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری لەسەر کارەکانمان هەبوو، نەمانتوانی بەو کەمە هاوکارییەی بەدەستمان دەگات بەردەوام بین، بۆیە نانەواخانەکەمان داخست".

دکتۆرە نەمام و ستافەکەی پێشتر لە کۆبانێ کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا هاتوونەتەوە هەرێمی کوردستان و یارمەتی ئاوارە ئێزدییەکان دەدەن و لە کلینیکەکەیان رۆژانە خزمەتگوزاری تەندروستییان پێشکەش دەکەن.

غەفووری دەڵێت "بەهۆی بچووکیی قەبارەی رێکخراوەکەمان و سنووردداربوونی سەرچاوە مادییەکانمان، رێکخراوی وەکوو تەندروستی جیهانی و یونیسێف ئامادە نین پشتگیریمان بکەن، ئەگەر رەوشەکە وەکوو ئێستا بەردەوام بێت، ئەوە کلینیکەکەشمان دەشێت تووشی هەمان چارەنووس ببێت".

ئەو پزیشکە کوردە تێبینی زۆری لەسەر کاری رێکخراوە مرۆییەکان، بەخودی رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە هەیە و کۆمیساریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) وەکوو نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "ئەوان چەندین ساڵ ئەزموونیان هەیە لە یارمەتیدانی ئەو خەڵکانەی بەهۆی جەنگە وێرانکەرەکانەوە ئاوارە بوون، ئەوان هاتوون کەمپیان بۆ دروستکردوون و پێویستییەکانی بەردەوامبوون لە ژیانیان بۆ دابینکردوون، بەڵام هەموو کات جۆرێک لە پەرتەوازەیی و شپرزەیی بە کارەکانیانەوە دیار بووە. من لەمە تێناگەم بۆچی شتەکان هێندە خراپ و هێندە بێ سەروبەر بەڕێوەدەچن کە دواتر ناچارن گۆڕانکارییان تێدا بکەن".

ئێستا رێکخراوگەلێکی زۆری بیانی و لۆکاڵی کۆمەکی ئاوارە و لێقەوماوانی جەنگ دەکەن. سەبارەت بە ئاستی هاوکارییەکان غەفووری دەڵێت "لەڕاستیدا خەڵک زۆر شتی لەدەست دێت بیکات. مەبەستم ئەوەیە باشترە کە هاوکاریی بچووک بچووکمان لە خەڵکانێکی زۆرەوە بەدەست بگات لەوەی ژمارەیەکی کەم، هاوکاریی گەورەمان پێشکەش بکەن".

هەروەها دەڵێت "لەوانەیە هەندێکجار خەڵک واهەست بکەن شەرمە دۆلارێک یان دوو دۆلار ببەخشن، بەڵام ئەم خەڵکە دەبێت ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە بە بەخشینی مانگانە یەک دۆلار، دەتوانن خزمەتگوزاریی پزیشکی پێشکەشی منداڵێکی ناو کەمپەکە بکەن، یانیش بە بەخشینی 18 دۆلار لە مانگێکدا دەتوانن پارەی یەک مانگ کڕینی نانی تازە بۆ یەکێک لە کەسەکانی ناو کەمپەکە دابین بکەن. بە بەخشینی مانگانە 20 دۆلار دەتوانن خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پێشکەش بەو کەسانە بکەن".

بەبڕوای دکتۆرە نەمام، رێگە زۆرن بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان، بۆ ئەمەش نموونە بە رێکخراوێکی نەرویجی دێنێتەوە کە هاتبوونە کوردستان و لەگەڵ منداڵە ئێزدییەکان دەستبەندیان دروست دەکرد، دواتریش دەستبەندەکانیان بردەوە بۆ نەرویج بۆ ئەوەی بیفرۆشنەوە و پارەکەی بۆ کلینیکەکەی ئەوان بنێرنەوە.

غەفووری دەڵێت "منداڵەکان زۆر خۆشحاڵ بوون کاتێک هەستیان دەکرد بەشدارییان لە یارمەتیدانی کەمپ و جڤات و تەندروستیی خۆیاندا کردووە".

# کەرکووک.. دوو پیاو دەستی ژنەکانیان بە بۆڕی دەشکێنن

## پۆلیسی کەرکووک:

## ساڵی رابردوو 172 ئافرەت لەلایەن مێردەکانیانەوە لێیاندراوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کەرکووک**

ئامارەکانی ساڵی رابردوو دەریدەخەن کە ساڵێکی خۆش نەبووە بۆ ژنانی کەرکووک، چونکە ژمارەیەکی زۆر ژن توندوتیژییان بەرامبەر کراوە و کار گەیشتووەتە ئەوەی بە بۆڕی لێیان بدرێت و دەستیان بشکێندرێ.

بەشێکی زۆربوونی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان بۆ هاتنی بە لێشاوی ئاوارەی عەرەب بۆ شارەکە دەگەڕێتەوە، بەرپرسانی ئەمنیی شارەکە دەڵێن زۆر لە ئاوارە عەرەبەکان بەهۆی خراپی رەوشی ئابوورییانەوە، بەرامبەر ئافرەتەکانیان توندوتیژن.

بەپێی ئامارێکی بەشی پاراستنی خێزان و منداڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک کە دراوەتە (رووداو)، ساڵی رابردوو 209 ئافرەت سکاڵایان تۆمار کردووە، لەو سکاڵایانەش 178یان یەکلایی بوونەتەوە، ئەویش بە سزادانی تاوانباران یان سوڵحی نێوان خاوەن کێشەکان، 31 داواکەی دیکە هێشتا لە دادگان.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، 172 ژن بە تۆمەتی پەنابردن بۆ توندوتیژی، داوای یاساییان لە دژی مێردەکانیان تۆمار کردووە. 13 پیاویش داوای یاساییان لە دژی ژنەکانیان تۆمار کردووە، هەروەها 5 کوڕ داوایان لەسەر باوکیان و دوو باوکیش داوایان لە دژی کوڕەکانیان تۆمار کردووە.

بەڵام ساڵی 2014، هەم داواکان و هەمیش رێژەی توندوتیژییەکان بەرامبەر ژنان کەمتر بوون، بەشێوەیەک 190 داوای یاسایی تۆمارکراون، لەو ژمارەیەش 162 داوا لەلایەن ژنانەوە لە دژی پیاوەکانیان تۆمارکراون و 9 داواشیان لەلایەن پیاوانەوە لە دژی ژنەکانیان بووە. هەروەها 14 کوڕیش لە دژی باوکیان داوایان تۆمارکردووە و دوو باوکیش لە دژی کوڕەکانیان.

سەرچاوەیەک لە بەشی پاراستنی خێزان و منداڵ لە پۆلیسی کەرکووک بە (رووداو)ی گوت "ئەو توندوتیژییانە 80%ی لەلایەن ئاوارە عەرەبەکان و 20%یشی لەلایەن خەڵکی شارەکە تۆمارکراون". گوتیشی "توندوتیژییەکان زۆر زیاترن، چونکە 100 کێشە بەر لەوەی بکرێنە سکاڵا لە دادگا، لە بەشەکەمان چارەسەر کراون".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، هۆکاری سەرەکی توندوتیژیی نێو ئاوارەکان پەیوەندی بە خراپیی باری ئابوورییانەوە هەیە "بەشێکی زۆری ئەو ئاوارانە پێش هاتنیان بۆ شاری کەرکووک باری داراییان زۆر باش بووە، بەڵام ئێستا لە خراپترین دۆخی ئابووریدا دەژین و بەو هۆیەشەوە توندوتیژیی خێزانی لە نێویاندا زۆر بووە".

سەرچاوەکەی بەشی پاراستنی خێزان و منداڵ چەند نموونەیەکی لەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ژنان کراون باس کرد و گوتی "زۆربەی توندوتیژییەکان لێدانە، دوو ژن لەلایەن پیاوەکانیانەوە بە بۆڕی لێیان درابوو، بەو هۆیەشەوە دەستیان شکابوو، ئەوەش دوو حاڵەتی زۆر کاریگەر بوون لامان. هەندێکیشیان لە ماڵەوە زیندانی کراون".

سرووود محەممەد، بەرپرسی رێکخراوی هیوا کە گەورەترین رێکخراوی داکۆکیکارە لە مافی ژنان لە شاری کەرکووک، دەڵێت توندوتیژییەکان بەرامبەر ئافرەتانی کەرکووک زۆر زیاترن لەوەی باس دەکرێ. سرووود گوتی "ساڵی رابردوو نزیکەی هەزار ئافرەت سەردانیان کردووین کە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە و زۆربەیان ئاوارەی عەرەب بوون".

ئەوەی سرووود لەو توندوتیژییانە تێبینی کردووە، ئەوەیە کە لێدان لە ژنان لەلایەن ئاوارە عەرەبەکانەوە زۆر بووە. هەروەها دەڵێت "ئێستا ئاوارەکان لەبەر خراپیی باری ئابوورییان کچەکانیان لەبەرامبەر مارەیی نزیکەی 2-3 ملیۆن دینار بەشوو دەدەن و دوای مانگێک ئینجا جیادەبنەوە، ئەوەش جۆرێکە لە زەواجی کاتی، خێزان هەیە کچەکانی چەند جارێک بەو شێوەیە بەشووداوە".

سرووود گوتی "پیاو دەناسم هەر لەبەرئەوەی ئاوارەکان بە نرخێکی هەرزان کچەکانیان بەشوو دەدەن، دوو ژنی عەرەبی هێناوە و هەریەکەیانی لە خانوویەکدا داناوە".



باوکێک سێ کچەکەی خۆی دەفرۆشێ

# "باوکم منی بە 1700 دۆلار فرۆشت"

**ئیڤان عەبدولڕەحمان**
**رووداو- هەولێر**

لە گوندێکی دەوروبەری شاری هەولێر، پیاوێک لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارە سێ کچی بەشوودەدات و دواتر حاشایان لێدەکات.

یەکێک لە کچەکانی ئەو پیاوە کە بە ناوی سەیران خۆی دەناسێنێ و کچی بچووکیەتی، بەسەرهاتی خۆی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە.

سەیران دەڵێت رۆژێکیان لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە و باوکی پێیگوتووە چیدی نابێ بچێتەوە قوتابخانە و دەبێ خزمەتی ئەو بکات، سەیران ترسی لەوە هەبوو کە باوکی وەکو دوو خوشکەکەی دیکەی بە زۆر بەشووی بدات.

ترسەکەی سەیران لەجێی خۆی بوو، دوای دوو هەفتە وازهێنانی لە قوتابخانە، داواکاریی هات، بەبێ ئەوەی پرسی پێبکرێ، مەلایەک لە کەسێکی مارە کرد کە یەکەم جاری بوو ببینێ. سەیران دەڵێت "زانیم باوکم منی فرۆشتووە، بەڵام ئەوکات نەمزانی بە چەند".

دوای دوو هەفتە، سەیران گوازرایەوە "دوو ئۆتۆمبێل هاتن و بردیانم بۆ ئەو ماڵەی ژیانێکی نوێم تێدا دەست پێکرد، بەڵام لە راستیدا ژیان نەبوو، دۆزەخ بوو". سەیران دەڵێت مێردەکەی زۆر جار لێیداوە و پێیگوتووە، ئەگەر لە خێزانێکی باش بوویتایە، باوکت بە 1700 دۆلار بە منی نەدەفرۆشتی "واتە باوکم منی فرۆشتبوو، چەندین جار پێیگوتووم من تۆم کڕیوە، تۆ کۆیلەی منی".

سەیران هیچ نەوایەک نەبوو رووی تێبکات، چونکە باوکی حاشای لێکردبوو، ئیدی ناچار بوو بەو ژیانە رازی بێت.

سەیران بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر منداڵیان ببێ، رەنگە هەڵسوکەوتی مێردەکەی باشتر بێ، هەر واش دەرچوو، منداڵیان بوو، هەڵسوکەوتی مێردەکەی کەمێک باشتر بوو، بەڵام ئەوەی لانەی لێ تێکدا، هاورێیەکی مێردەکەی بوو.

سەیران گوتی "تەنیا یەک کەس هاتوچۆی دەکردین، ئەویش کوڕێک بوو بە ناوی ئازاد، شەوانە دەهاتە ماڵەکەمان و لەگەڵ مێردەکەم دەیانخواردەوە، منیش دەبووایە خزمەتیان بکەم".

سەیران هەرزوو لە نیازی ئازاد تێگەیشت و دەڵێت "زۆرجار کە دەیزانی مێردەکەم لە ماڵ نییە، دەهاتە ماڵمان، تا رۆژێکیان پێیگوتم من تۆم خۆشدەوێ و دەمەوێ لە مێردەکەت جیاببیتەوە، بەڵام رازی نەبووم و دەرمکرد".

ئەوەی سەیران بیری لێ نەدەکردەوە روویدا، سەیران دەڵێت "شەوێکیان مێردەکەم لەماڵ نەبوو، دوای ئەوەی منداڵەکەمم خەواند، چوومە حەمام کە هەر لەنێو ژووری نووستنەکەدا بوو، لە ناکاو دەنگێک هات و ئاوڕم دایەوە بینیم ئازاد لەبەردەرگا وەستاوە".

ئەو ژنە دەڵێت ئازاد ئەو شەوە دەستدرێژی کردووەتە سەری، بۆیە سەیران دوای رووداوەکە تەلەفۆن بۆ مێردەکەی دەکات و بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

بەڵام مێردەکەی پۆلیس ئاگادار دەکات و دەڵێت "ئەو دووانەم بە یەکەوە بینیوە".

سەیران و ئازاد دەبرێن بۆ بنکەی پۆلیس، ئەوە دوا شەو دەبێ کە منداڵەکەی ببینێ. هەر ئەو شەوە سەیران دەبرێ بۆ شەڵتەرێکی ژنان و ئازادیش بۆ زیندان.

دوای ئەوەی دۆسیەیان لە دادگا بۆ دەکرێتەوە و دوای چەند دانیشتنێکی دادگا، هەریەکەیان بە تاوانی خیانەتی هاوژینی، بە ساڵێک زیندانی حوکم دەدرێن. بەڵام سەیران دووبارە دۆسیەیەک لە دژی ئازاد لە دادگا دەکاتەوە و دەڵێت ئەو کوڕە دەستدرێژی کردووەتە سەری، ئازاد لە دادگا دان بە هەموو شتێکدا دەنێت، دادگاش بە سێ ساڵ زیندانی سزای دەدات.

سەیران دەڵێت لەو ماوەیەی لە زیندان بووە، تەنیا جارێک دایکی سەردانی کردووە و کاژێرێک لەلای ماوەتەوە. لەوێ دایکی پێیگوتووە کە باوکی دەیەوێ ژنێکی دیکە بهێنێ، سەیران زۆر لە دایکی دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی رازی ببێ و تەڵاقی لێ وەربگرێ، تاوەکو بتوانێ لە زیندان بێتە دەرەوە و بەیەکەوە بژین.

دوای سێ مانگ، دایکی هەواڵی بۆ دەنێرێت کە باوکی ژنێکی دیکەی هێناوە و ئەویش لێی جیابووەتەوە. ئەوە هەواڵێکی خۆش بوو بۆ سەیران.

ئێستا سەیران لەگەڵ دایکی و برایەکی و دوو خوشکی کە یەکێکیان تەڵاقدراوە، خانوویەکیان بە کرێ گرتووە. سەیران لەگەڵ خوشکێکی بە رۆژانەیەکی کەم لە کافتریایەک کار دەکەن بۆ ئەوەی کرێی خانوو پەیدا بکەن. سەیران بڕیاری داوە رابردوو لەبیر بکات و ژیانێکی نوێ دەستپێبکاتەوە.





## پۆلیسێکی گومرگ خۆی دەکوژێت

**رووداو- خانەقین**

لە شارۆچکەی خانەقین پۆلیسێکی گومرگ لە کاتی دەوامی ئاساییدا خۆی دەکوژێت. رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند، نیوەڕۆی رۆژی 2016/1/10 پۆلیسێکی تەمەن 33 ساڵ کە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی خانەقین دەوامی دەکرد. لە کاتی دەوامی فەرمیدا فیشەکێکی بەخۆیەوە ناوە و بەو هۆیەش گیانی لەدەستداوە. گوتیشی "تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە، پۆلیسی خانەقین دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە بۆ زانینی هۆکاری خۆکوشتنەکەی".

ژمارە (391) دووشەممە 2016/1/11

ساڵی رابردوو

# 526 پیاو لە کوردستان بەرەوڕووی توندوتیژی بوونەتەوە

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان بە پشتبەستن بە ئامارەکانیان، لەبارەی بەرزبوونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژیی بەرامبەر پیاوان هۆشداری دەدات، بەڵام چالاکڤانێکی ژن دەڵێت "لە هەموو دنیادا توندوتیژی هەیە و ئەوەی پیاوانیش هەر دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە".

یەکێتی پیاوانی کوردستان ئاماری 8 ساڵی رابردووی ئەو توندوتیژیانەی کۆکردووەتەوە کە بەرامبەر پیاوان لە کوردستان کراون. بەپێی ئامارەکە، ساڵ بەساڵ توندوتیژییەکان زیادیان کردووە. ساڵی 2003 تەنیا 33 سکاڵا لەلای ئەو رێکخراوە تۆمار کراوە، بەڵام ساڵی رابردوو ژمارەی سکاڵاکان گەیشتووەتە 526 سکاڵا.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا 288 پیاو خۆیان کوشتووە و 27 پیاویش لەلایەن ژنەکانیانەوە کوژراون.

بورهان عەلی، سکرتێری رێکخراوەکە، بەرزبوونەوەی رێژەی توندوتیژییەکانی بە مەترسی ناوبرد و گوتی "لەدوای دروستبوونی قەیرانی داراییەوە، توندوتیژیش بەرامبەر پیاوان رووی لە زیادبوونە بەوپێیەی پیاو ئەرکی دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانی لەئەستۆیە".

بورهان عەلی پێیوایە تۆمارکردنی ئەو هەموو سکاڵایە لەلایەن پیاوانەوە ئاماژەیە بۆئەوەی کە پیاوان چیدی نایەنەوێ بە توندوتیژی وەڵامی ئافرەتان بدەنەوە".

بەبڕوای سکرتێری رێکخراوەکە، زۆر لە توندوتیژییەکان لە ئەنجامی دەستێوەردانی خێزانە لە ژیانی تاکەکان، بورهان عەلی دەڵێت "لەو 526 سکاڵایە، 167یان ئەوانەن کە کەسوکاری نزیکیان دەستیان لەکاروباری ئەوان وەرداوە. بەداخەوە جاران کەسوکاری خێزانەکان هۆکارێک بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام ئێستا ژیانیان زیاتر لێ تێکدەدەن".

بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو ژن و مێردانەی جیادەبنەوە و منداڵیان هەیە، یاسا منداڵەکان دەداتەوە بە دایکیان و باوکیش بۆی هەیە چواردە رۆژ جارێک منداڵەکانی ببینێ، بەڵام ساڵی رابردوو 211 پیاو هانایان بۆ ئەو رێکخراوە بردووە لەبەرئەوەی رێگەیان پێنەدراوە منداڵەکانیان ببینن.

بورهان عەلی گوتی "ئێمەش هاوڕاین کە یاسا رێگەی داوە دوای جیابوونەوەی ژن و مێرد، منداڵەکان بدرێنەوە بە دایک، بەڵام ناکرێت دایکەکە رێ لە باوک بگرێ منداڵەکانی ببینێ، بێگومان ئەوە جۆرێکی دیکەی توندوتیژییە".

بورهان داوایەکی لە رێکخراوەکانی ژنان هەیە و دەڵێت "ناکرێت ئێمە پیاوان و ژنان تەنیا لە مافەکانیان هۆشیار بکەینەوە، بەڵکو پێویستە رێکخراوەکانی ژنان، ژن لە ئەرکەکانیشی هۆشیار بکەنەوە، چونکە ژنیش چەند مافی هەیە، ئەوەندەش ئەرکی لەسەرشانە".


بەڵام بوار قادر، چالاکوانی ژنان پێیوایە ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر پیاوان لەو ماوەیەدا کراون، رەنگە ئاماری ساڵێکی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بێ. بوار گوتی "لە هەموو دنیادا توندوتیژی هەیە و ئەوەی پیاوانیش دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە، باشە ئەگەر دەڵێن لە 8 ساڵدا 27 پیاو لەلایەن ژنانەوە کوژراون، ئەی لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا چەند ژن لەلایەن پیاوانەوە کوژراون؟".

بوار پێیوایە کێشەکە پەیوەندی بە هۆشیارکردنەوەی ژنان نییە "ژنان بەرامبەر ماف و ئەرکەکانیشیان هۆشیار دەکرێنەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە یاساکان پشتی پیاوان دەگرن".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئەو ئامارەی بەلاوە زۆرە و دەڵێت "ژمارەی توندوتیژییەکان بەرامبەر پیاوان جێی هەڵوێستەیە و دەریدەخات کە بەشێک لە ژنانیش بەرامبەر مێردەکانیان توندوتیژن".

ئەڤین محەممەد هۆکاری زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان بۆ خراپیی باری ئابووری و لایەنی کۆمەڵایەتی خێزانەکان گەڕاندەوە و گوتی "هەندێجار لەبەرئەوەی پیاوەکە چووەتە تەمەنەوە، توانای کارکردنی نەماوە، بۆیە ژنەکەی لە ماڵ دەیکاتە دەرەوە، یاخود جیاوازی چینایەتی لەنێوانیاندایە، ژنەکە لە پیاوەکە دەوڵەمەندترە و منەتی بەسەردا دەکات و بەو هۆیەشەوە شەڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێت و ژنەکە توندوتیژی بەرامبەر پیاوەکەی دەنوێنێ".






**ئاماری خۆکوشتنی پیاوان و کوشتنیان لەلایەن ژنانەوە لە 5 ساڵی رابردوودا:**

| ساڵ | ژمارەی خۆکوشتنەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|
| 2015 | 69 | 6 |
| 2014 | 65 | 5 |
| 2013 | 55 | 7 |
| 2012 | 40 | 5 |
| 2011 | 59 | 4 |

# بە نوکتە وەڵامی قەیرانەکانی حکومەت دەدەنەوە

دەرباز ساڵح
رووداو- هەولێر

"دوای دەست لەکارکێشانەوەی د.سەلاحەددین بابەکر، وەزیری کارەبا لە هەرێمی کوردستان، دەڵێن د.پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردە و وەزیری ئەوقاف بە وەکالەت، داوای لە نێچیرڤان بارزانی کردووە بە وەکالەت بیکاتە وەزیری کارەباش، بۆ ئەوەی پێی بڵێن وەزیری هاتریک". ئەوە نوکتەیەکی هەرە باوی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو لە هەفتەی رابردوودا.

نوکتە ئەگەرچی بە رووکەش بۆ پێکەنین دەکرێ، بەڵام زۆرجار مۆرکی ناڕەزایی و گاڵتەپێکردنیش وەردەگرێ و خەڵکی لەبەرامبەر ئەو دیاردانەی کە ناتوانن قبووڵی بکەن، پەنا دەبەنە بەر نوکتە و دەربڕینی گاڵتەئامێز وەک ئەوەی ئێستا خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر قەیرانەکانی حکومەت و ناکۆکیی حیزبەکان دەیکەن.

بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، هەرێمی کوردستانی تووشی قەیرانی دارایی و بێ پارەیی کرد، حیزبەکانیش بەدەست کێشە نێوخۆییەکان و پرسی سەرۆکایەتی و حوکمڕانییەوە گیرۆدەن. ئەو کێشانە بوونەتە هۆی پەیدابوونی چەندین نوکتە.

نوکتە بەپێی تێپەڕبوونی کات و سەردەم، تام و چێژ و گرنگیی خۆی لەدەست دەدات، ئەو نوکتانەی وەرزی هاوین لەکاتی قەیرانی کەمیی بەنزین لەسەر د.ئاشتی هەورامی دەگوتران، ئێستا تام و چێژێکی وایان نەماوە و ئێستا کارەبا بووەتە بابەتی لاپەڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەهۆی هاتنی وەرزی زستان و سەرماوە، هاوکات خراپتربوونی کارەبا، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین نوکتە لەسەر کارەبا کرا، چارەسەرنەبوونی ئەو کێشەیە وای لە سەلاحەدین بابەکر، وەزیری کارەبا کرد دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە.

دانا نەوزەر، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نوکتەیەکی لەسەر کارەبا بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت "دەڵێن ئەوکاتەی وەزارەتی کارەبا لای سۆسیالیست بوو، کۆمەڵێک ریشسپی و پیاوماقوڵ ویستبوویان سوپاس و دەستخۆشی بەو حیزبە بگەیێنن، بۆیە سەردانی بەرپرسێکیان کردبوو، گوتبوویان بەڕاستی ئێمە سوپاستان دەکەین بۆ ئەو کارەبا زۆرە، ئەویش گوتبووی، ئێمە لەخزمەتداین، هیچ منەتی تێدا نییە و بۆ خەڵکی خۆمانە، کارەبامان کردووەتە 24 کاژێر، هەوڵ دەدەین لەداهاتوودا زیاتریشی بکەین!".

هەر سەبارەت بە کارەبا، د.شێرکۆ عەبدوڵڵا لە گۆشە رۆژانەکەی خۆیدا لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیبووی: "کارەبا: ئامرازێکی ئەشکەنجەدانە، رۆژانە حکومەت لە میللەتی دەبڕێ".

دوای دەست لەکارکێشانەوەی د.سەلاحەددین بابەکر و دەنگۆی تێکەڵاوکردنی هەردوو وەزارەتی کارەبا و سامانە سروشتییەکان، هەروەها داواکارییەکەی پشتیوان سادق لە نێچیرڤان بارزانی، نوکتەیەکی دیکە بڵاوبووەوە کە دەڵێت "ئاشتی هەورامی و پشتیوان سادق بە یەکەوە سواری پاسێک بوون، لە جیاتی دوو نەفەر، سەکنەکە پارەی پێنج نەفەری لێوەرگرتوون".

ململانێی نێوخۆی حیزبەکانیش، نوکتەی زۆری لێکەوتەوە. سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی، نوکتەیەک هەیە دەڵێت "ئەگەر حیزبەکان نۆکاو بوونایە، یەکێتی خۆشترینیان دەبوو، چونکە پڕە لە باڵ".

د.شێرکۆ عەبدوڵڵاش لە گۆشەکەی خۆیدا بە تەنزەوە نووسیویەتی "یەکێتی: وەکو مەتعەمەکەی سیتەک وایە، بە باڵەکانی مەشهورە". لەبارەی پارتیشەوە دەڵێت "پارتی: لە مەنجەڵەکەی سەلامی سەروپێ دەچێ، یەک دوو کەللەی تێدایە، باقییەکەی هەمووی پێچکە و زمانە".

دوای ناردنەوە ماڵەوەی وەزیرەکانی گۆڕان لەلایەن پارتییەوە، نوکتەیەک بڵاوبووەوە کە دەڵێ "پارتی جوابێکی بۆ نەوشیروان مستەفا ناردووە کە پێویست ناکات بگەڕێیتەوە کوردستان، شوێنەکەت لە گردەکە بۆ پڕدەکەینەوە".

لەسەر کۆی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، چەند نوکتەیەک کراون. لەوانەش: دەڵێن گاپەرستێکی هیندی هاتە کوردستان یەکسەر بووە موسوڵمان، لێیان پرسی چۆن ئاوا زوو ئایینەکەت گۆڕی، گوتی: باشە ئەگەر خودا نییە، چۆن ئەم میللەتە بەم حاڵەوە نەمردوون، مەعاش نییە، کارەبا نییە، ئاو نییە، ویژدان نییە".

هەروەها دەڵێن یەکێک لە هاوڕێکەی دەپرسێ، سەعاتەکەی تۆ ئیش دەکات؟ ئەویش دەڵێت: ئا، بۆ؟ پێیدەڵێ بە سەعاتەکەت بڵێ ئیشێکیش بۆ سەعاتەکەی من بدۆزێتەوە.

نوکتەیەکی دیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێ "کابرایەک دەمرێ و دەچێتە جەهەننەم، لەوێ پێیدەڵێن بتخەینە جەهەنەمی ئەوروپی یان کوردی؟ ئەویش دەڵێ ئەوروپی. دەیبەن بۆ ئەوێ، هەموو رۆژێک قیری کوڵاوی دەرخوارد دەدەن. رۆژێک کەسێک دەبینێ کە خراوەتە جەهەنەمی کوردی، دڵی زۆر خۆشە و پێدەکەنێ، ئەویش لێی دەپرسێ: ئەوە بۆ وا دڵخۆشی؟ دیارە هیچتان لێناکەن لە جەهەنەمی کوردی؟ ئەویش دەڵێ: نەوەڵڵا، رۆژێک نەوت نییە قیرەکەی پێ بکوڵێنن، رۆژێک شوفێر نییە ئۆتۆمبێلەکە لێبخوڕێ، رۆژێک کرێکار نییە قیرەکە سەربخات، کاتێکیش هەموو شتەکان حازرن، دەیکەن بە پشوو".

بەهۆی دواکەوتنی مووچەوە، حکومەت زوو زوو دەیکات بە پشوو، تەنانەت قەرەبووی ئەو پشووانەش بۆ فەرمانبەران دەکاتەوە کە دەکەونە رۆژانی هەینی و شەممەوە. هەر رۆژێکیش بکەوێتە نێوان دوو پشوو، دەکرێتە پشوو. بۆیە ئێستا بە تەنزەوە بە گوتەبێژی حکومەت دەڵێن "سەفینی عوتڵە".

هەفتەی رابردوو بەهۆی داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل و گیرانی دەروازەی حاجی ئۆمەران بەهۆی بەفربارینەوە، قەیرانی کەمیی هێلکە سەری هەڵدا، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنەی تەبەقە هێلکەیەک بڵاوکرایەوە کە لەسەری نووسرابوو: "تەبەقەیەک هێلکە بە 5 هەزار، ئەگەر ناڕازیت خۆت بیکە".



# ناکۆکیی سعودیە و ئێران ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟



پۆڵ دەیڤیس

دوای ئەوەی سعودیە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێراندا پچڕاند، قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قووڵتر بووەوە. تەشەنەسەندنی ئاڵۆزییەکان لە نێوان دوو گەورەترین وڵاتی ڕکابەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاماژەیەکە بۆ زیادبوونی ئاڵۆزییەکان لە نێوان سوننە و شیعەدا. هەنگاوەکانی ئیدارەی ئێستای ئۆباما بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی واشنتن لەگەڵ تاران لەلایەک و هەنگاوەکانی ڕووسیا بۆ جێگیرکردنی شوێن پێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەکی دیکەوە، کێشەکان گەورەتر دەکەن.

سعودیە 47 کەسی بە "تاوانی تیرۆر" لە سێدارە دا کە زۆربەیان سوننە بوون، بەڵام لەناو لەسێدارەدراوەکاندا نەمر ئەلنەمریش هەبوو کە کەسایەتییەکی ئاینیی شیعە بوو. نەمر بەوە تۆمەتبار کرابوو کە پلانی بۆ ڕووخاندنی بنەماڵەی ئال سعود داناوە. ئێران ئەم ڕووداوەی وەکوو دوژمنکارییەک لەدژی خۆی لێکدایەوە و خۆپیشاندەران لە تارانی پایتەخت هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی سعودیە.

دوای پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران و سعودیە، بەحرەینیش کۆتایی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران هێنا و ئیماراتی عەرەبیش ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ تاران دابەزاند، بەڵام لە پاڵ ئەم ڕووداوانەدا، دەبێت سەرنجی ئەو شەڕە بدەین کە ئێران و سعودیە لە یەمەن دەیکەن. وڵاتە بەهێزەکانی ئەورووپا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیا و چین تێوەگلانی خۆیان لە توندوتیژییەکانی ناوچەکە پشتگوێ خستووە و داوا لەهەر دوو وڵات دەکەن گرژییەکانیان خاو بکەنەوە.

بەڵام پرسیارێک کە دەکرێت لێرەدا بکرێت، ئەوەیە کە بۆچی ئەم ڕووداوە ئێستا ڕوودەدات؟ سعودیە هیچکات سڵی نەکردووەتەوە لەوەی بەرهەڵستکارانی حکومەت لەسێدارە بدات، لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی لەسێدارەدانەوە لە 2014دا، سعودیە پاش ئێران لە پلەی دووەم دێت، ژمارەی لە سێدارەدانەکانیشی بە ڕێژەی یەک لەسەر سێ لە ئێران کەمتر بووە. لەوانەیە هەندێک لایەن بڵێن سعودیە زانیویەتی کاردانەوەی ئێران چی دەبێت، بۆیەش بەو هیوایە بووە کە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵۆزییەکان نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرز بکاتەوە. لەڕاستیدا نرخی نەوت لە کاتی کرانەوەی بازاڕەکانیشدا بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام دواتر جارێکی دیکە بۆ ئاستێکی نزمتر دابەزی. سعودیە دەتوانێت بە کەمکردنەوەی ڕێژەی دەرهێنانی نەوت و ناردنی بۆ ناو بازاڕی نەوت، ئاسانتر یاری بە نرخی نەوتی خاو بکات.

لێکدانەوەیەکی دیکەش بۆ ڕووداوەکان هەیە کە زیاتر لێکدانەوەیەکی سیاسییە و پێیوایە شانشینی سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە کەنداو نیگەرانن لەوەی ئەمریکا کەمتر لە جاران پابەندە بە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە. ڕووسیا پشتگیری لە حکومەتی سووریا و ئەو هێزانە دەکات کە لایەنگری ئێرانن و بۆ مانەوەی ئەسەد دەجەنگن. هەروەها ئێران کۆنترۆڵی حکومەت و هێزە ئەمنییەکانی عێراقی لەدەستدایە، ئەمریکاش هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بەرامبەر بەوانە نییە. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران واژۆ کردووە کە هەم بڕێکی زۆر پارە بۆ تاران دەگەڕێنێتەوە و هەمیش بازاڕێکی نوێ بۆ کۆمپانیا ئێرانییەکان دەکاتەوە، لە کاتێکدا زۆربەیان لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوەدەبردرێن.

وەکوو دەگوترێت، ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بۆ ئەوە واژۆکراوە ڕێگە لە پەرەپێدانی دامودەزگای ئەتۆمیی ئێران بگرێ، بەڵام وەکوو لای وڵاتانی ناوچەکە ئاشکرایە، ئەو ڕێککەوتنە ناتوانێت ئەم ئامانجە بپێکێت. جاران دەگونجا هیوایەک هەبێت بەوەی ئەگەر ئێران ڕێککەوتنەکەی پێشێل کرد، ئەوە ئەمریکاش ئەو بەشە لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکات کە پەیوەندی بە سزادانی لایەنی پێشێلکارەوە هەیە، بەڵام ئەو هیوایەش نەماوە، لە کاتێکدا ئێران دوو سیستەمی مووشەکیی تاقیکردەوە و سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی پێشێل کرد، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی لە دژی ئێران لێبکەوێتەوە. هەر بۆیەش وەستانەوە لە بەرامبەر ئێران کەوتووەتە سەر شانی هێزەکانی ناوچەکە.

دابەشبوونێکی دەسەڵات لە ئارادایە، لەلایەکەوە لایەنگرانی ئێران لە عێراق و سووریا هەن، لەلایەکی دیکەش لایەنە دژبەرەکانی ئێران هەن کە سعودیە، وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو و تورکیا لەخۆدەگرێت. بەڵام هەڵبژاردن لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا بۆ ڕۆژئاوا وەکوو هەڵبژاردن لە نێوان ڕەش و سپیدا نییە. سعودیە دۆستێکی بەردەوامی ڕۆژئاوا بووە، لە هەمانکاتدا هەندێکجار بە نەوت ڕۆژئاوای گیرۆدەی خۆی کردووە. لەڕووی کولتووریشەوە سعودیە دەکەوێتە جەمسەری بەرامبەری جەمسەری ڕۆژئاوا، پێشناچێت بەمزووانە و خۆبەخۆیی ئەو ڕوانگە کولتوورییەی خۆی بگۆڕێت. لەلایەکی دیکە تورکیا هەیە کە ماوەی سەدەیەکە پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ ڕۆژئاوا هەیە هەتا وڵاتانی ئیسلامیی دراوسێی خۆی، بەڵام لە هەڵسوکەوتی ئەم دواییەی تورکیادا ئەوە دەبینرێت کە ئەم وڵاتە دەیەوێت جۆرێک لە شەڕی ناوخۆ لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان — ڕووداو) هەڵبگیرسێنێ. لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا ئێران دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ هەموو کەس ڕاگەیاندووە، هەر لە سەرەتاوە بەڵێنی ئێران ئەوە بووە کە نوسخەیەک لە شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی ئێران هەناردە بکات، هەتا ڕادەیەکی باشیش ئامانجەکەی خۆی بەدی هێناوە.

لێرەدا ڕۆژئاوا دەبێت ئەوە بدۆزێتەوە کە شوێن و پێگەی هەر کام لە ئەکتەرەکان لە وێنە گەورەکەی ڕووداوەکاندا، لە کوێدایە. هەروەها دەبێت پەی بەوەش بەرێت ئاخۆ شوێنی ڕۆژئاوا خۆی لەناو وێنە گشتییەکەدا دەکەوێتە کوێ. عێراق و سووریا، وەکوو دوو وڵاتی بەشداری کێشەکان، دوو دەوڵەتی فاشیلن. ئەمریکا بەرژەوەندیی خۆی لە عێراقدا دەبینێتەوە، بەڵام دواجار دەبێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە چی بۆ هەموو لایەنەکان باشترە. ڕووسیا و ئێرانیش بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە سووریادا بینیوەتەوە. ڕووسیا حکومەتی سووریا وەکوو ملکەچی خۆی دەبینێت، بەڵام ئێران وەکوو بنکەی ڕاهێنان و خاڵی هەناردەکردنی شۆڕشە ئیسلامییەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کەواتە دوایین پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەم قەیرانەی ئێستای نێوان ئێران و سعودیە خاڵی یەکلاکەرەوەیە و هەموو لایەنەکان هاندەدات بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن؟ یانیش بە پێچەوانەوە ئەمە هەنگاوێکی دیکەیە لەسەر ڕێگەی چوون بەرەو دوایین ڕووبەڕووبوونەوە کە بەهۆیەوە هەموو ناوچەکە وێران دەبێت؟

......

**پۆڵ دەیڤیس، توێژەرێکی خانەنشینە و بۆ هەواڵگریی سەربازیی سوپای ئەمەریکا کاری کردووە. ئێستا ڕاوێژکاری هەواڵگریی ئەمەریکایە و پسپۆڕە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی پرسی کورد. سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی جانووسە لە واشنتن دی سی.**

## وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا پرۆگرامی ئاراستەی س

# لە 20 ساڵی داهـ

وەرگێڕان و پووختەکردنەوەی:
ڕێبوار قاسم

(ناوەندی گەشەپێدان، کۆنسێپتەکان و دۆکترینەکان) کە بە DCDC ناسراوە و سەر بە وەزارەتی بەرگریی بەریتانیایە، پرۆگرامێکی ئامادە کردووە و تێیدا باسی ئەو بارودۆخ و زەمینەیە دەکات کە تاوەکو ساڵی 2035 دێتەئاراوە و وەزارەتی بەرگری، هێزە ئەمنییەکان و هێزی سەربازیی بەریتانیا دەبێ خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. ئامانج لە پرۆگرامەکە پێشکەشکردنی بەرچاوڕوونییە بە وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا بۆ ئەوەی بزانێت لە دوو دەیەی داهاتوودا چ جۆرە بارودۆخێک چاوەڕێی جیهان دەکات.

لەکاتێکدا بەریتانیا سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە بواری بەرگری و زۆر بواری دیکەدا پەیڕەو دەکات، بەڵام ملیۆنان دۆلار بۆ ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوە ستراتیژییە تەرخان کراوە.

### پێکهاتەی پرۆگرامەکە:

پرۆگرامەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لەو هۆکار و بوارە بنەڕەتیانە دەکات کە لە ئاراستەی ستراتیژیی جیهانیدا باس کراوە. لە بەشی دووەمدا باسی ئەو تایبەتمەندییە دامەزراوەیی، تەکنۆلۆجی و کولتوورییانە دەکات کە دەشێت کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی زەمینە گشتییەکەی ساڵی 2035 هەبێت. لە بەشی سێیەمیشدا باس لەو ئاماژە و تەحەدییە سەرەکییانە دەکرێت کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی تیمی ئامادەکاری پرۆگرامەکە بەدەستهێنراون، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێک بۆ ئامراز و توانا سەربازییەکانی بەریتانیا لە 2035دا بکرێت.

### بەشی یەکەمی پرۆگرامەکە هۆکار و بوارە بنەڕەتییەکان

لە بەشی یەکەمی پرۆگرامەکەدا، ئاماژە بەو بوارانە کراوە کە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی زەمینە و ڕەوشی ساڵی 2035 دەبێت، ئەو بوارانەش بریتین لە جیهانگیری و پێکەوەبەسترانەوە، گۆڕانی هاوسەنگیی هێز، ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی و دیمۆگرافیا، شارنشینی، گۆڕانی کەشوهەوا، کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان، گەندەڵی و تاوانکاریی دەسەڵاتەکان، پەیوەندییە ناوخۆییەکان لەگەڵ دەوڵەت و هەروەها گەشە و پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا.

### جیهانگیری و پێکبەستراوەکانی کێشەی وڵاتان

بە گوێرەی پرۆگرامەکە، بەریتانیا لە ساڵی 2035دا سوود لە گەشەی جیهانگیری وەردەگرێت و بەوشێوەیەش پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی ئەم وڵاتە گەشە دەکەن. هەرچەندە پێشبینی دەکرێت کۆمەڵێک ڕووداو تاوەکو 2035 ڕوودەدەن کە دەرئەنجامی جیهانییان هەبێت، لەو کاتەشدا ماوەی بیرکردنەوە لە کاردانەوەی گونجاو زۆر کەم دەبێت، هەربۆیەش دەشێ وڵاتە زلهێزەکان ڕووبەڕووی تەحەددایەک ببنەوە. لە 20 ساڵی ڕابردوودا کەم کێشە و قەیران هەن کە تەنیا تایبەت بووبن بە وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵکو زۆربەی کێشەکان سنووری وڵاتی سەرچاوەی کێشەکە تێدەپەڕێنن و کاریگەرییان لەسەر هەموو ناوچەکە یاخود هەموو جیهان دەبێت.

### گۆڕانی باڵانسی هێز

سەبارەت بە گۆڕانی باڵانسی هێز لە جیهاندا، ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات لە ساڵی 2035یشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هێزی سەربازیی یەکەم لە جیهاندا بمێنێتەوە، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت بەرزبوونەوەی ئاستی توانای سەربازیی چین تەحەددای نوێ بۆ ئەمریکا دروست بکات. وڵاتانی وەک هیندستان و بەرازیلیش دەکرێت بۆ دەستخستنی سەرچاوە سروشتییەکان ڕوو لە وڵاتانی دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بکەن. پرۆگرامی ئاراستە ستراتیژییەکان مەزندەی ئەوەش دەکات لە ساڵی 2035دا ئەمریکا، چین و یەکێتی ئەورووپا وەک سێ دەسەڵاتی ئابووریی جیهان بمێننەوە. ڕووسیا بەهۆی توانا سەربازییە زەبەلاحەکەیەوە کاریگەریی زۆر لەسەر باڵانسی هێز دادەنێت، بەڵام ڕەنگە بە هۆی کۆنبوونی ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتە لەلایەک و کێشە دیمۆگرافییەکان و گەندەڵی و لاوازیی ئیداری لەلایەکی دیکەوە، کێشە بۆ هەژموونی ئابووری و سیاسیی مۆسکۆ دروست ببێت.

### ژمارەی دانیشتوانی زەوی و کێشەی دیمۆگرافیا

لە پەیوەندیی لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی و کێشە دیمۆگرافییەکان، پرۆگرامەکەی ناوەندی پەرەسەندن پێشبینی دەکات ژمارەی دانیشتووانی زەوی لە ساڵی 2035دا بگاتە 8.1 بۆ 9.4 ملیار کەس. زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی زەوی دەشێ کێشەی دیمۆگرافی و ناسەقامگیری لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دروست بکات، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی سەرچاوەکانی ژیان ڕوویان لەکەمکردن کردووە و دانیشتووان ناچاری کۆچکردن دەبن بۆ ناوچەکانی دیکە. لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوودا ئەم دیاردەیە ناسەقامگیری و تێکچوونی هاوسەنگیی تەمەن و جێندەریش دروست دەکات و لە ئەنجامدا کێشەی ئیداری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانە پەیدا دەبێت .


### شارنشینی

بەپێی پرۆگرامەکە، چاوەڕێ دەکرێت لە ساڵی 2035دا بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی گۆی زەوی لە شارەکان نیشتەجێ ببن، لەکاتێکدا لەگەڵ گەشەی خێرای شارە گەورەکاندا، گومان دەکرێت ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان ببنە ناوچەی تەریک کە دەشێت لەبەردەم مەترسیی ڕووداوە سروشتییەکاندا توانای بەرگریکردنیان نەبێت. گەشەکردنی خێرای شارە گەورەکان لەوانەیە ڕێگری گەورەش لەبەردەم هێزە سەربازییەکان دروست بکات، بە تایبەتیش لەو کاتانەدا کە پێویستە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەنێو شارەکاندا ئەنجام بدرێت.

### گۆڕانی کەشوهەوا

تیمی ئامادەکاری پرۆگرامەکە چاوەڕێ دەکەن لەو ساڵەدا بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان بەرزببێتەوە، هەروەها هێز و ماوە و ڕێژەی دووبارەبوونەوەی کارەساتە سروشتییەکان بەرزتر ببێتەوە. لە ئەنجامیشدا قاتوقڕی، کۆچکردن و شەڕ و پێکدادانەکان زیاتر دەبن. وڵاتانی تازەپەرەسەندوو زیاتر لە وڵاتانی پەرەسەندوو بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوای گۆی زەوی زیانیان بەردەکەوێت. سەبارەت بە کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکانیش، ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات کە لە ماوەی 20 ساڵی داهاتوودا داواکاری لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان بەرزببێتەوە، لە هەمانکاتیشدا توانای دابینکردنیان ڕوو لە دابەزین بکات. هەر بۆیەش هەم لەڕووی ئاوی خواردنەوە و هەمیش خۆراک ، کێشەی گەورە دروست ببێت. کێشەیەکی دیکە کە لە 20 ساڵی داهاتوودا بەرۆکی خەڵکی جیهان دەگرێت، دابەزینی ڕێژەی سووتەمەنییە فۆسیلییەکانە، وەک نەوت ،

لەگەڵ توانەوەی سەهۆڵەکانی جەمسەری باکوور ڕێگەی دەریای دیکە لە ئاوەکانی ئەو ناوچەیەدا دەکرێتەوە. ئەمەش دەرفەتی نوێ بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە شاراوەکانی ئەو ناوچانە دەهێنێتە ئاراوە. ئەوەش ڕەنگە ئاڵۆزی و ململانێ لە نێوان هێزەکاندا بهێنێتە ئاراوە، بەڵام ڕێگەی تێناچێت ئەم ئاڵۆزییانە هەتا 2035 قووڵ ببنەوە.




ڕەنگە ڕووسیا وەکوو هێزێکی جیۆپۆلیتیکی گرنگ بمێنێتەوە، سەرەڕای بەرزبوونەوەی تێکڕای ڕێژەی تەمەنی دانیشتووانی و دابەزینی ئاستی ئابووری ئەو وڵاتە. دیسانیش ئەگەری ئەوە هەیە ڕووسیا هەڕەشە بۆ سەر بەریتانیا و ئەوروپا دروستبکات، بەڵام وڵاتانی ئەوروپی بە پاراستنی یەکێتی ستراتیژی خۆیان دەتوانن بەرپەرچی هەڕەشەکان بدەنەوە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەشێت وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکی هەڕەشە بۆ سەر بەریتانیا بمێنێتەوە. لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت تیرۆریزم، شەڕی نێوان وڵاتان، بڵاوبوونەوەی چەکی قورس و ناسەقامگیری ناوخۆیی لەم وڵاتانەدا پەرە بستێنێ. ناوچەکە لە 20 ساڵی داهاتووشدا بایەخی خۆی دەبێت بۆ بەریتانیا، بەڵام بایەخە ئابوورییەکەی دادەبەزێت.

ــتراتیژیی 2035 بڵاودەکاتەوە

# ـاتوودا چی چاوەڕێی جیهان دەکات؟

غاز و خەڵووز.

## گەندەڵی و تاوانەکانی حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان

بەگوێرەی پرۆگرامەکە، ئەو وڵاتانەی گەندەڵی حوکمڕانی و ئابووری و تاوانی حکومەتەکان تێیاندا زاڵە، لە دوو دەیەی داهاتوودا سەقامگیرییان بەهۆی ئەم دیاردانەوە لاوازدەبێت. هەروەها لەو ساڵەدا گرووپە توندڕەوەکان دراو و ڕێگەی جیاواز بۆ کاری گواستنەوەی پارە بەکاردەهێنن، ئەمەش ئەرکی حکومەتەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قورستر دەکات بۆ دۆزینەوە و سڕکردنی سەرچاوە داراییەکانی ئەو

## تەکنۆلۆژیای چەکسازی

لەگەڵ گەشەکردنی بەردەوام و خێرای تەکنۆلۆژیا، چاوەڕێ دەکرێت ئەم بوارە ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت لە دروستبوونی کۆمەڵێک ململانێی نوێدا، لەوانەش تەکنۆلۆژیای چەک. بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەم تەکنۆلۆژیایە ڕێگە بە وڵاتان دەدات دەستیان بە چەکی قورستر و ئاڵۆزتر ڕابگات.

## ڕەوشی بەریتانیا لە 2035

پرۆگرامەکە پێشبینی دەکات کاریگەری و سەنگی بەریتانیا لە 2035دا تووشی دابەزین ببێت، لەکاتێکدا دەبێ ململانێ لەگەڵ ئەو هێزانەدا بکات کە لەڕووی

یاساییەکان لەساڵی 2035دا.

## ئەکتەر و لایەنە سەرەکییەکان

لەبەشی ئەکتەرەکاندا پرۆگرامەکە پێشبینی ئەوە دەکات، ئەکتەرە سەرەکییەکان لە ماوەی 20 ساڵی داهاتوودا دەوڵەت-نەتەوەکان بن. بەڵام دەسەڵاتە خۆجێییەکان، ڕێکخراو و کۆمپانیا فرەنەتەوەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر بڕیارەکانی دەوڵەت و کاروباری جیهان دەبێت. چاوەڕێش دەکرێت ململانێی سەرەکیی نێوان دەوڵەتەکان لەسەر سەرچاوەکانی وزە و ژیان بێت. سەبارەت بە ڕێکخراو و گرووپە توندڕەوەکان، مەزەندە دەکرێت تاوەکو 2035یش بەردەوام بن و دەکرێ توانای

دەکرێت یەکێتی ئەورووپا بەشێوەیەکی کاراتر لە ئێستا کار لەسەر دۆسیەی ئاسایش و بەرگری بکات.

## کولتوور و شوناس

لە بەشی کولتوور و شوناسدا، پرۆگرامەکە پێشبینی دەکات پرسی شوناس لەساڵی 2035 زیاتر وابەستەی کولتوور و ئایدیۆلۆژیا بێت نەک جیۆگرافیا. میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژییەکان و لایەنە کولتوورییەکاندا دەبێت. بەڵام ئایین، ناسیۆنالیزم و هەڵسوکەوت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شوناس دەمێننەوە. جیاوازییە ئایینییەکان دەشێ یەکێک لە

ئەتۆمییەوە سەربەخۆن، ئەم 9 وڵاتەش خاوەنی 17 هەزار و 300 کڵاوەی ئەتۆمین، چاوەڕێ دەکرێت ڕەوتی نوێکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا بەردەوام بێ و زیاتریش پەرەبستێنێ. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیارییەکان هەم دەستکەوتی نوێ پێشکەشی وڵاتان دەکات و هەمیش تەحەددای نوێ ڕووبەڕووی دەزگا ئەمنییەکان و کەرتی بەرگری دەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەگەری هێرشی ئینتەرنێتی و سایبەرییەکان بەرزدەبێتەوە و لایەن و ئەکتەری زیاتر دەرفەتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە تەکنۆلۆژیایان دەبێت.


## ڕێکخراوە ناحکومییەکان

چاوەڕێ دەکرێت لە ماوەی دوو

لەبەردەم مەترسی جددیدا بن و دەشێ بەریتانیا لەڕووی توانای سەربازی و تەکنۆلۆژی لە ئاست لایەنە دژبەرەکاندا نەبێت.

– لەوانەیە بەریتانیا ڕووبەڕووی هەڕەشەی مرۆیی و سروشتیش ببێتەوە، لە ساڵی 2035دا ئاسان نابێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی دەوڵەتان و لایەنە نێودەوڵەتییەکان دەبنەوە. بەوشێوەیەش دەبێ میکانیزمی پێویست دابنرێن بۆ هۆشداریدان و هێزی مرۆیی چالاک و پێویست لەبەردەست بێت بۆ کاردانەوەی خێرا.

– دەبێ پەرە بە ئۆپەراسیۆنی پێکەوەیی و هاوئاهەنگیی نێو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکانی وەک




گرووپانە. جگە لەوە پێشبینی دەکرێت ئەو وڵاتانەی قۆناغی جەنگیان تێپەڕاندووە، ئەرکێکی قورستریان بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ئیداری بکەوێتە ئەستۆ، بەمەش تەمەنی ئاڵۆزییەکان و ناسەقامگیری لەو وڵاتانەدا درێژتر دەبێتەوە.

## ڕێکخراوە ناحکومی و نێودەوڵەتییەکان

چاوەڕێ دەکرێت لە 2035دا ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمپانیا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە کاروباری وڵاتان و جیهاندا بگێڕن. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە کێشە بۆ پلانەکانی حکومەتەکان دروست بکەن. ئەمەش کاتێک بەرژەوەندییەکانی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی حکومەتەکاندا لێکدژببنەوە.

هێزەوە لەگەڵ بەریتانیا هاوسەنگن. هەروەها ڕووداوە دەرەکییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆتریان لەسەر بەریتانیا دەبێت، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت هەر کاتێک مەترسی لەسەر خاکی بەریتانیا دروستببێت ، بەریتانیا بیر لە ڕێکاری سەربازی بکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە، گومان دەکرێت هێرشی ئینتەرنێتیی قورستر بۆ سەر دامەزراوەکانی ژێرخانی ئابووریی بەریتانیا ئەنجام بدرێت.

## بەشی دووەمی پرۆگرامەکە

بەشی دووەمی پرۆگرامەکە تەرخانکراوە بۆ لایەن و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ساڵی 2035. ئەم بەشە خۆی لە 7 بڕگە پێکدێت کە بریتین لە: ئەکتەرەکان، دامەزراوەکان، کولتوور و شوناس، تەکنەلۆجیا، ژینگەی ئەلیکترۆمەگناتیک، ژینگەی فیزیکی و سروشتی، لایەنە

ئەوەیان هەبێت تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان بەکاربهێنن و مەترسی گەورەتر بۆ سەر ئاسایشی جیهان دروست بکەن .

پێشبینی دەکرێت، تاوەکو ساڵی 2035یش دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەک بژارێکی بەرچاو بۆ کاری پێکەوەیی وڵاتان سەیر بکرێت، بەڵام دەشێت گرووپ و دامەزراوەی نوێش پەیدا ببن، هەر بۆیەش بەریتانیا لەگەڵ ئەندامبوونی لەنێو ناتۆدا، دەشێ لەگەڵ کۆمەڵە وڵاتێکی دیکەشدا هاوپەیمانێتی دیکە بۆ مەبەستی جیاواز پێکبهێنێ. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی ئەو گۆڕانەی لە هاوسەنگیی دەسەڵات لە جیهاندا ڕوودەدات، دەکرێ گۆڕانێکیش لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕووبدات و ژمارەی وڵاتانی ئەندام بەرز ببێتەوە. هەروەها چاوەڕێ

هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵۆزی و پێکدادانی گرووپە جیاوازەکان بن لە ماوەی 20 ساڵی داهاتوودا. وەک چۆن ناسیۆنالیزم و کێشە نەتەوەییەکانیش دەکرێت سەرچاوەی شەڕی قورس بن لەنێوان دەوڵەتە دژەکان و هەروەها لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەکانی دیکەی نێو قەوارەیەکی سیاسی.

## پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەربازی و ئەتۆمی

لەبارەی تەکنۆلۆژیاوە ڕاپۆرتەکە مەزندەی ئەوە دەکات کە توانای تەکنۆلۆژیای سەربازی لە ماوەی 20 ساڵی داهاتوودا گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت، هەر بۆیەش وڵاتێکی وەک بەریتانیا دەبێ ئەوە قبووڵ بکات کە وڵاتێکی دیکە لەڕووی توانایی و تەکنۆلۆژیای سەربازییەوە لە بەریتانیا بەهێزتر بێت. بە گوێرەی پرۆگرامەکە، ئێستا 9 وڵات هەن کە لەڕووی چەکی

دەیەی داهاتوودا ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بەربەست بۆ چالاکییەکانی وەزارەتەکانی بەرگری و هێزە سەربازی و ئەمنییەکان دروست بکەن. هەر بۆیەش ئەو دامەزراوە سەربازییانە دەبێ چاوەڕێی ڕەخنەی توندتر بن.

## بەشی سێیەم

لە بەشی سێیەم و کۆتایی پرۆگرامەکەدا ئەو ئاماژە و تەحدیانە خراونەتەڕوو کە وەزارەتی بەرگری و هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی بەریتانیا دەبێ بۆ هەلومەرجی جیهان لە 20 ساڵی داهاتوودا لەبەرچاوی بگرن.

– بەهۆی گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای سەربازیی لەنێوان لایەنە دژبەرەکانی جیهاندا، ئەگەری ئەوە زۆرە کە سیستەمە سەرەکییەکانی بەرگریی بەریتانیا

ناتۆ بدرێت. هەروەها دەبێ هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی دیکەی ناوچەییش بخرێنەگەڕ، لەبەرئەوەی یەکێک لە شێوازە گرنگەکانی بەرگری و کاردانەوەی گونجاو لەبەردەم مەترسییەکاندا پێکهێنانی ئەو جۆرە هاوپەیمانێتییەن .

– لە ماوەی دوو دەیەی داهاتوودا پلان و ڕێگەچارەی درێژخایەن کاڵتر دەبنەوە، هەر بۆیەش داوودەزگاکانی پەیوەندیدار بە بەرگری و هێزە ئەمنییەکان دەبێ توانای ئەوەیان هەبێت پلانی بەپەلە و دەمودەست دابنێن.

– هێزی سەربازی لە داهاتوودا فرەلایەن دەبێت، هەر بۆیەش حکومەت دەبێ بیر لەوە بکاتەوە لە هەموو بوارەکاندا خەڵک لە هێزە ئەمنییەکاندا وەربگرێت، بۆ ئەمەش دەبێ پێکهاتەیەکی گونجاو لە سەرباز، هێزی یەدەگ، سیڤیلەکان و بەڵێندەرەکان دروست بکات.

بەهۆی بەغداوە

# لە کوردستان ئاڵوودەبووان هێشتا تاوانبارن

پزیشکێکی پسپۆڕ:

## بەشێک لە ئاڵوودەبووان قوربانین نەک تاوانبار

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

ئەم ڕۆژانە، چیرۆکی ئاڵوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر لە کوردستان، بە چیرۆکی ئەوانە دەچێ کە لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایدزدا تووشی ئەو نەخۆشییە دەبوون. پزیشکان و پسپۆڕان دەڵێن ئاڵوودەبووان بە مادەی هۆشبەر نابێ وەکو تاوانبار سەیر بکرێن، بەڵکو دەبێ وەکو نەخۆشێک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایدزدا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، هەموو تووشبوویەکی ئەو نەخۆشییە بە چاوێکی کەم تەماشا دەکران و لە هەندێ وڵات تەنانەت لە خەڵکیان دادەبڕین و کۆت و بەندیان بەسەردا دەسەپاندن و گەلێک مافی سەرەتاییان لێدەسەندنەوە، لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانە قوربانی بوون نەک تاوانبار، چونکە وەک دواتر دەرکەوت، بەشێک لەوانە لە ئەنجامی وەرگرتنی خوێن تووش بوون و تەنانەت لە وڵاتێکی وەکو عێراق، هەندێک لە تووشبووەکان بەهۆی ئەوەی نەخۆشیی هیمۆفیلیایان هەبووە، خوێنی پیسبوو بە ئایدزیان وەرگرتبوو کە لە فەرەنساوە هێنرابوو.

پسپۆڕان و پەیوەندیداران دەڵێن یاساکانی ئێستای عێراق وەکو تاوانبار تەماشای ئاڵوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکانیش دەکات نەک وەکو نەخۆشێک کە پێویستی بە چارەسەر و چاودێرییە، لەکاتێکدا بەشێک لە تووشبووان قوربانین.

هەفتەی رابردوو لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی عێراق هۆشداریی دا کە ئاڵوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان لە عێراق گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار.

مەنال وەهاب، ئەندامی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لە بەغدا گوتی "ماددە هۆشبەرەکان لە عێراق خەریکە دەبنە هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگە و تەنانەت ئاسایشی وڵاتیش".

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران ترسی خۆی نەشاردەوە لە زیادبوونی ژمارەی ئاڵوودەبووان بەتایبەتی کە زۆربەیان گەنجن و ئەوانەن کە لە تەمەنی بەرهەمداریدان. داواشی لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ کرد کە زیاتر ورد بن بۆ سنووردارکردنی ئەو دیاردە مەترسیدارە.

### چارەسەر چییە؟

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت پرسی ئاڵوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان سەرەتا دەبێت لە گۆڕینی یاساکانەوە دەستپێبکات، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت لە بەغداوە کاری لەسەر بکرێ.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "بابەتەکە یاساییە، لە یاسای نوێی کۆنترۆڵی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان ئەو بابەتە چارە کرا و بەپێی یاساکە نەخۆش وەک تاوانبار سەیر ناکرێت، بەڵام ڕەشنووسی پرۆژە یاساکە راگیراوە بەو هۆکارەی یاسای مادەی هۆشبەر دەبێت ناوەندی بێت و لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە ئامادە بکرێتەوە".

وەک د.خالس گوتی، لە هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە یاسا نوێیەکە تەواو بووە، لە بەغدا تازە بە تازە دەستپێدەکات "ڕەشنووسی ئێمە راگیراوە، چونکە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دەکەن".

د.موشتاق تالب پسپۆڕ لە چارەسەری ئاڵوودەبووان و بەڕێوەبەری پێشووی یەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە وەزارەتی تەندروستیی عێراق، هەفتەی رابردوو بە ڕۆژنامەی (ئەلسەباح)ی گوت "ئاڵوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان مافی خۆیانە لە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکان و سەنتەرە تایبەتمەندەکان وەکوو نەخۆش چارەسەر وەربگرن، نەوەک هاوشێوەی تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و دەبێ ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرامبەریان راستبکرێتەوە و وەک حاڵەتێکی شوورەیی تەماشایان نەکەن".

پسپۆڕێکی پزیشکیی کۆمەڵیش ئاماژە بە تێنەگەیشتوویی کۆمەڵگە و تەنانەت لایەنە فەرمییەکانیش دەکات لە هەمبەر کەسانی ئاڵوودەبوو.

د.عەبدولفەتاح هەورامی کە دکتۆرای لە پزیشکیی کۆمەڵ هەیە، بە (ڕووداو) گوت "زۆر جار کەسەکە قوربانیی دەستی باندێک یان بازرگانێکی ئەو ماددانەیە و ئەوان تووشیان کردووە، کەچی لە سایەی یاساکانی ئێستادا وەک تاوانبار تەماشا دەکرێ، بۆیە خۆی ئاشکرا ناکات و شوێنێکیش شک نابات چارەسەری تێدا ببینێتەوە".

وەک د.عەبدولفەتاح دەڵێت، چارەسەری گرفتی ئاڵوودەبوون فرەڕەهەندە و دەبێت سەراپا بە بنەمایەکی نوێوە لە کوردستان دابڕێژرێتەوە کە تێیدا خەمی گەورە چارەسەرکردنی کەسەکە و گێڕانەوەی بێت بۆ نێو کۆمەڵگە، وەکو تاکێکی بەرهەمدار، نەوەکو توندکردنی لە زیندان و مامەڵەکردن لەگەڵی لەلایەن کەسانێکەوە کە لە سروشتی گرفتەکە و چۆنێتیی چارەسەری نازانن.

وەک د.موشتاق باسی دەکات، ئەمریکییەکان هەماهەنگییان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق کردووە بۆ راهێنانی کادیری پرۆفێشناڵ و کردنەوەی نێوەندی تایبەت بە چارەسەری ئاڵوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان "بەپێی پرۆگرامە نوێیەکە، کەسی ئاڵوودەبوو بەگوێرەی جۆر و رادەی ئاڵوودەبوونەکەی، چارەسەری پێدەدرێت و شوێنێکیش هەیە بەنێوی (خانەی چاکبوونەوە) کە ئەڵقەیەکی پەیوەندییە لە نێوان نەخۆشخانە و ماڵی کەسەکەدا".

بەپێی پلانە هاوبەشەکەی ئەمریکا و عێراق، سەرەتا ڕووپێوییەک لە هەموو پارێزگاکانی عێراق (بە کوردستانیشەوە) کراوە و رادەی بەربڵاویی دیاردەی ئاڵوودەبوون خراوەتەڕوو. ڕووپێویەکە وا دەردەخات کە ئاڵوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان لە عێراق بووەتە مەترسییەکی گەورە.

د.موشتاق دەڵێ دەرکەوتووە ئێستا ماددەگەلێکی هۆشبەر لە عێراق پەیدابوون، کە پێشتر نەبوون "ئەوەش رەنگە بەهۆی هاتنی گەشتیارانی بیانی بۆ هەندێک ناوچە و پەرەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکان و رادەی هاتوچۆی نێوان عێراق و وڵاتانی دیکە بێ".

وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە ئەوان پێشتر پلانیان هەبووە بۆ چارەسەری ئاڵوودەبووان، بەڵام قەیرانی دارایی کارەکەی پەکخست.

د.خالس قادر گوتەبێژی ئەو وەزارەتە بە (ڕووداو)ی گوت "لە پلانی 2014ی وەزارەتدا هەبوو سەنتەری چارەسەری ئاڵوودەبووان لە هەولێر دروست بکات، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی کوردستانەوە راگیرا".



# هەندێک ڕێنمایی پزیشکی کە پێت سەیرن

ڕووداو- DW

هەندێک ڕێنمایی تەندروستیی گشتیمان بیستوون کە بوونەتە راستیی رەها لەلامان، وەکو شووشتنی ددان، پشوودان، دەست خاوێنکردنەوە و چەندینی دیکە، بەڵام هەندێک حاڵەت هەن کە تێیاندا ناچار دەبین لەو بنەما گشتییانە لابدەین، بۆ نموونە:



### 1 نابێ دوای نانخواردن خێرا ددان بشۆی:

ئەگەر خواردنەکەت ترش بووە، وەک لیمۆ و پرتەقاڵ و شەربەت و خواردنە ترشەکانی دیکە، ددان شووشتنی دوای نان دوابخە. چونکە کاتێک ئەو ترشیە بەهۆی فڵچەی ددان شووشتنەکەتەوە لە ددانەکانت هەڵدەسووی، زیانێکی زۆر لە بەرگە پتەوە پارێزەرەکەی ددانت دەدەی کە بە "مینا" ناسراوە و ڕێگە بۆ کلۆربوون و رزینی ددانت خۆشدەکەی. بۆیە دوای خواردنی خواردنە ترشەکان دەبێت نزیکەی کاژێرێک چاوەڕێ بکەی، ئینجا ددانت بشۆی.



### 2 کاتێک ماندووی، وەرزش بکە:

ئەوکاتەی دوای کارێکی زۆر و ماندووکەری ڕۆژ ماندووی و لەشت داهێزراوە، ئارەزووی نووستن دەکەی، یان راکشان لەسەر سیسەم و نەجووڵان بۆ ماوەیەک، دواهەمین شت کە بە بیرتدا بێت ئەوەیە لەوکاتەدا وەرزش بکەی، بەڵام توێژینەوەکان سەلماندوویانە ئەگەر لەوکاتەدا نیو کاژێر وەرزش بکەی، ئەوە هەشستی ماندوویتی کەم دەکات، میزاج باش دەبێت و خەمۆکی دەڕەوێتەوە.

### 3 زۆر ماددەی پاکژکەر بەکارمەهێنە:

جۆرەها سابوونی دژەبەکتریا و جێڵی پاکژکەر لە بازاڕ دەستدەکەون، بەڵام پسپۆڕان دەڵێن باشترین شت بۆ خاوێنکردنەوەی دەست و جەستە بەگشتی سابوونە ئاساییەکانن نەوەک ئەوانەی دژەبەکتریان. سابوونە دژەبەکتریاکان لە توانای پاراستنی خاوێنی جەستەدا هەروەکو سابوونە ئاساییەکانن، بەڵام لەوەدا خراپن کە بەکتریا سوودبەخشەکانی سەر جەستەشمان قڕ دەکەن. بەکتریا سوودبەخشەکان بۆ پاراستنی جەستە لە نەخۆشی زۆر پێویستن و هۆکاری بەهێزبوونی کۆئەندامی بەرگریمانن.



### 4 خوارنەوە وزەبەخشەکان بەکارمەهێنە:

هەندێک کەسی ماندوو بۆ ئەوەی بحەسێنەوە، خواردنەوەی وزەبەخش بەکاردەهێنن، بەڵام لە راستیدا بەهۆی هەبوونی بڕێکی زۆر لە کافایین (پێنج هێندەی قاوە) لەم خواردنەوانەدا، تووڕەیی و دڵەڕاوکێمان زیاد دەکات و لێدانی دڵمان خێراتر دەبێت. هەروەها ئەو شەکرە زۆرەی تێیاندایە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەیەکی خێرای ئاستی شەکری خوێن و دواتر خێرا دادەبەزێتەوە. هەموو ئەم گۆڕانانەش دژی پشوودان و ئارامبوونەوەن.



# چ کاتێک سپلیت زەرەری زیاترە لە قازانج؟

ڕووداو- DW

ئێستا کەم ماڵ هەیە ئێرکۆندیشنەر (سپلیت) یێک یان زیاتری تێدا نەبێت، بە جۆرێک خەڵکی ئێستا لە ماڵەوە و لە ئۆفیس هەمیشە لە پلەی گەرمی نموونەیی و دڵخوازی خۆیاندا دەژین و ناوەوەی ماڵ و ئۆفیسەکان تەواو دابڕاون لە کەش و هەوای سروشتی. ئەوە بۆ زۆربەمان دڵخوازە و مایەی ئاسوودەییە، بەڵام لەڕووی تەندروستییەوە بەبێ زیان تێناپەڕێ، وەکوو:

### 1 – هەڵە دانانی پلەی گەرمی:

بەشێکی زۆر لە خەڵکی پلەی گەرمی ئێرکۆندیشنەرەکە لە زستاندا زۆر گەرم و لە هاویندا زۆر سارد دادەنێن، ئەوەش هەڵەیە و نابێ جیاوازیی پلەی گەرمی دەرەوە و ژوورەوە لە 6-8 پلە زیاتر بێت.

### 2 – کاری خراپ لە سووڕی خوێن دەکەن:

لە گەرمادا بۆڕییەکانی خوێن دەکشێن و لە سەرمادا گرژ دەبن. کاتێک پلەی گەرمی ژوورەوە ئێجگار ساردە و دەرەوە ئێجگار گەرم (یان بە پێچەوانەوە) ئەوە وادەکات لەکاتی هاتوچۆدا لەنێوان ژوورەوە و دەرەوە، لێدانی دڵ و گوشاری خوێن کاتی پێویستیان نەبێت بۆ راهاتن لەگەڵ ئەو گۆڕانەی پلەی گەرمی، ئەوەش بۆ بۆڕییەکانی خوێن زیانی هەیە.

### 3 – تووشبوون بە هەڵامەت:

خودی هەوای سپلیت هەڵامەتەکە دروست ناکات، بەڵکو هەوای ساردی سپلیت وشکە و شێی کەمە، ئەوەش وادەکات لینجە پەردەکانی کۆئەندامی هەناسە نەتوانن وەک پێویست ڕێگری لە تێپەڕبوونی میکرۆبەکان بکەن، تێپەڕینی ئەوانە بە لینجە پەردەکانی لەشدا بۆ ناوەوەی جەستەمان، هەڵامەت و پەتا گوازراوەکانی کۆئەندامی هەناسەی لێدەکەوێتەوە.

### 4 – سەرچاوەی میکرۆبی نەخۆشخەر:

فیلتەری نێو سپلیت جۆرەها پیسی و میکرۆب گل دەداتەوە، ئەگەر زوو زوو خاوێن نەکرێتەوە ئەوا میکرۆبە زیانبەخشەکان لەنێویدا گەشە دەکەن و زۆردەبن و بە هەوای ژووردا بڵاودەبنەوە و لەکاتی هەڵمژینی هەوا پیسبووەکەدا میکرۆبەکان دەگەنە نێو جەستەمان و تووشی نەخۆشییە گوازراوەکانمان دەکەن، بەتایبەت هەڵامەت و ئەنفلۆنزا و نەخۆشییە گوازراوەکانی دیکەی کۆئەندامی هەناسە.



# عێراقییەک لوبنانییەکان دڵخۆش دەکات



**رووداو- هەولێر**

ئاوازدانەرێکی عێراقی، ناوبانگێکی زۆری لەلای هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی لوبنان پەیدا کردووە و چەندین هونەرمەند داوای ئاوازیان لێکردووە.

ئەحمەد ئەلجەوازی کە ئاوازدانەرێکی عێراقییە و ئاوازی بۆ چەندین هونەرمەندی عەرەب بە تایبەتی لوبنانییەکان داناوە، بە (رووداو)ی گوت "چەندین ئاوازی تازەم بۆ هونەرمەندانی لوبنانی و عەرەب داناوە، لەوانە سێ ئاوازم بۆ سارە فەرەح و سێ ئاوازیشم بۆ ملیسا و چەند ئاوازێکیشم پێشکەش بە دونیا بەتمە کردووە".

ئەحمەد گوتیشی "جگە لەوەی ئاواز بۆ هونەرمەندان دادەنێم، کاری دابەشکردنی میوزیکیش دەکەم، نوێترین دابەشکردنی میوزیکم بۆ گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا کردووە کە لە ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاوی دەکاتەوە".

## ئەکتەرێکی بۆڵیوود دێتە کوردستان



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

وا بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو، خانمە ئەکتەری بەناوبانگی بۆڵیوود ئاشا جادهیف بێتە هەرێمی کوردستان و وەک لێژنەی دادوەری لە یەکەم دیداری نێودەوڵەتیی سینەمایی دژی تیرۆر لە هەولێر بەشدار ببێت.

پشتیوان عەبدوڵڵا، سەرپەشتیاری دیدارەکە بە (رووداو)ی گوت "ئاشا جادهیف، خانمە ئەکتەری بەناوبانگی بۆڵیوود وەک لێژنەی دادوەر لە دیدارەکەدا ئامادە دەبێت".

گوتیشی "ئەو ئەکتەرە هیندییە لە فێستیڤاڵێکی سینەمایی لە هیندستاندا فیلمێکی کوردی بینیوە و زۆر سەرسام بووە بە سینەمای کوردی، بەڵێنیشی داوە بەبێ هیچ بەرامبەرێک بەشداری لە فیلمێکی کوردیدا بکات". ئاشا جادهیف ناوێکی دیاری بۆڵیوودە و لە چەند فیلمێکدا رۆڵی سەرەکیی بینیوە.

## لانە نایەوێ ببێتە ئەکتەر



**رووداو – هەولێر**

لانە زەنگەنە، خانمە گۆرانیبێژی کورد رایگەیاند کە تاوەکو ئێستا بڕیاری نەداوە لە فیلمێکدا رۆڵ ببینێ، ئەگەرچی چەند جارێک لەلایەن دەرهێنەران و سینەماکارانی کوردەوە داوای ئەوەی لێکراوە.

لانە زەنگەنە بە (رووداو)ی گوت "زۆرجار لەلایەن سینەماکاران و دەرهێنەرانەوە داوام لێکراوە لە فیلمێکی سینەماییدا رۆڵ ببینم، زۆربەی جارەکانیش رۆڵەکان سەرەکی بوون و فیلمەکانیش فیلمی باش بوون، بەڵام من بڕیارم نەداوە ببمە ئەکتەر".

## تاتڵیسەس عەیبی نییە



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

لە چەند رۆژی رابردوودا، هەواڵی تێکچوونی باری تەندروستیی هونەرمەند ئیبراهیم تاتڵیسەس لە میدیا تورکییەکاندا بڵاوکرایەوە، بەڵام براکەی دەڵێت رەوشی تەندروستیی تاتلیسەس زۆر باشە.

حوسێن، برای هونەرمەند ئیبراهیم تاتڵیسەس، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئیبراهیمی برام ئێستا باری تەندروستی جێگیرە و لە نەخۆشخانە هێنراوەتە دەرەوە". گوتیشی "تێکچوونی باری تەندروستیی ئیبراهیم بەهۆی خواردنی حەبی ئازارشکێن بووە، من بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد و هیچ کێشەیەکی تەندروستیی ئەوتۆم لە دەنگی بەدی نەکرد، دکتۆرەکانیشی گوتیان هیچ کێشەیەکی نییە و تەنیا بەهۆی حەبەکانەوە هەستیار بووە".

## دانا 17 بەرهەمی ئامادەیە



**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ دانا عەبدولجەبار، ماوەی پێنج ساڵە هیچ بەرهەمێکی تۆمار نەکردووە و دەڵێت بەهۆی خراپی باری ئابوورییەوە ناتوانێ هیچ کارێک بکات.

دانا عەبدولجەبار بە (رووداو)ی گوت "ئێستا 17 گۆرانیم ئامادەیە بۆ تۆمارکردن، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتگیرییەوە تۆمارم نەکردوون". ئەلبوومی خەیاڵ کە لە ساڵی 2010 بڵاوکراوەتەوە، دوایین ئەلبوومی دانا عەبدولجەبار بوو.

دانا باسی هۆکاری ئەو پێنج ساڵ بێدەنگبوونەی دەکات و دەڵێت "ئەوەش هەر بەهۆی باری داراییەوە بوو، چونکە ناکرێت هەموو بەرهەمێک لە ئەستۆی خۆمان تۆمار بکەین و هیچ داهاتێکمان بۆ نەیەتەوە. ئێستا ئەگەر تاکە بەرهەمێکیش تۆمار و بڵاوبکەیتەوە نزیکەی 4 هەزار دۆلاری دەوێت و ئەوەش برە پارەیەکی زۆرە".

## حکومەت میوزیکی چینی هاوردە دەکات



**رووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا گرووپێکی میوزیک لە چینەوە بگەنە شاری سلێمانی و کۆنسێرتێک ساز بکەن.

بەختیار سەعید، بەڕێوەبەری تەلاری هونەر بە (رووداو)ی راگەیاند، لەسەر بانگهێشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرووپێکی میوزیک لە چینەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و بڕیارە رۆژی 2016/1/29 کۆنسێرتێکی میوزیک و گۆرانی لە تەلاری هونەر سازبکەن. گوتیشی "ئەوە یەکەمجار گرووپێکی لەو شێوەیە سەردانی شاری سلێمانی بکەن و لەڕووی ئاڵوگۆڕی هونەرییەوە گرنگییەکی باشی دەبێت".

پێشتر چەندین گرووپی بیانی لە هەرێمی کوردستان کۆنسێرتیان کردووە، بەڵام یەکەمجارە گرووپێکی چینی دێنە کوردستان.

## کوردێک باڵندەکانی سریلانکا راو دەکات



**هیوا سەڵاح**
**رووداو – هەولێر**

فۆتۆگرافەرێکی کورد گەشتێک بەنێو دارستانەکانی چەند وڵاتێکدا دەکات و وێنەی دارستانەکان لە پێشەنگایەکدا نمایش دەکات

سابیر دری کە فۆتۆگرافەرێکی گەنجە و دانیشتووی قەزای سۆرانە، بە (رووداو)ی راگەیاند "بڕیارە لەو ماوەیەدا بچێتە دارستانەکانی هیندستان و سریلانکا و تایلەند، بۆ ئەوەی وێنەی دارستان و باڵندەکانی ئەوێ بگرێ و لە پێشەنگایەکدا نمایشیان بکات. جگە لەوەش لەلایەن کۆمپانیای جیهانی نیکۆن کە تایبەتە بە کامێرای فۆتۆ داوەتنامەیەکی بۆ هاتووە.

سابیر دری گوتیشی "لەو وڵاتانەی ناوم هێنان کار بۆ فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر باڵندەکان و دارستانەکان دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری چەند وۆرک شۆپێک دەکەم، پاشان کە گەڕامەوە کوردستان پێشانگایەکی فۆتۆیی لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک دەکەمەوە".

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

دەتوانی دەست بە ئەنجامدانی کارێک بکەی کە باری داراییت باشتر دەکات، بەڵام ئەمە کاتێکی زیاتر لەوە دەخایەنێت کە چاوەڕوانی دەکەی. لەگەڵ ئەڤیندارەکەت لێبووردە بەو شتی بچووک گەورە مەکە.

### گا

باوەڕی تەواو بە کەسانێک مەکە و هەندێک کەسی دیکەش پشتگوێ بخەی. گومانەکانت کەم بکەرەوە، دەوروبەرەکەت خۆشیان دەوێی. هەوڵەکانت پلە و پایەت بەرز دەکەنەوە و باری داراییت بەرەو باشتر دەبەن.

### دووانە

هەست دەکەیت زۆربەی شتەکان بەرەو گۆڕانکاری دەچن بەو شێوەیەی کە خۆت ئاواتی بۆ دەخوازیت. گومان هەموو کارەکان لە شوێنی خۆی رادەگرێت. بە گەشبینییەوە لە داهاتوو بڕوانی ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست دێنی.

### قرژاڵ

بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندییە پچڕاوەکەت لەگەڵ خۆشەویستەکەت رێگەکان لەبەردەمت کراوە دەبن. کاتێکی باش دەبێت بۆ بەرنامەدانان. هەوڵ بدە ئاسوودە بیت لەگەڵ چواردەورەکەت و خۆت لە ململانێ بەدوور بگرە.

### شێر

دەتوانی دەست بە ئەنجامدانی کارێکی گەورە بکەیت و بەختیش هاوکاریت دەکات، بابەتە هونەرییەکان سەرنجت رادەکێشن. کاتێکی تایبەت بۆ بیرکردنەوە تەرخان بکە و رێگەکانی ئاسوودەیی ئێجگار زۆرن.

### فەریک

پێویستە بتوانی بەشێوەیەکی باشتر پلانەکانی داهاتوو دیاری بکەیت. کاتێکی باشی سۆزدارییە بەتایبەت لەگەڵ کەسانێک کە دووری لێتان. رەنگە لەبەختت رازی نەبیت، بەڵام هێشتا خەڵکانی دی ئاواتت پێ دەخوازن.

### تەرازوو

بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەورە پێویستە ئامادەکاریت کردبێت، بەتایبەت لەڕووی دەرامەتەوە. کۆتایی بە میزاجیەت و عینادی بهێنە، کارێک بکەیت بچووک و کەمیش بێت هەر لەوە باشترە هیچ نەکەیت.

### دووپشک

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەتان یارمەتیدەر دەدۆزنەوە. سەرکەوتنێکی بچووک دەتوانێ ئاراستەکانی ژیان بەرەو باشی بگۆڕێت. لەباری دەروونییەوە ئاسوودە دەبن. کاتێک ئاواتەکانت بچووک دەبنەوە ئەگەری بەدیهاتنیان زیاتر دەبێت.

### کەوان

بەگەشبینی بیر بکەرەوە هەنگاوەکانت باشتر و خێراتر دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانج. پشت بەو بەڵێنە مەبەستە کە بەدیهاتنی درێژە دەکێشێ. کاتی زیاتر بە کارەکەت بدە هەتا گۆڕانکاری نوێ بکەیت.

### گیسک

بەمەبەستی داواکاری، کەسێک هەوڵ دەدات زیاتر لێت نزیک ببێتەوە، گەشبینی سەرکەوتن نزیک دەکاتەوە. هاوکاریکردنی چواردەورەکەت بەبێ بەرامبەر کەسایەتییەکی تایبەتی بۆ دروست کردوویت.

### سەتڵ


لەگەڵ ئەوەی کارەکان زۆرن دەتوانن لە هەنگاوەکانتان بەردەوام بن و پێشیانبخەن، دیداری کەسانێکی گرنگ دەکەیت کە هەردوولایەن خۆشحاڵ دەبن و هەست بە دەروشانەوەی خۆت دەکەیت.

### نەهەنگ

پەیوەندییەکانت بەهێز دەبێتەوە و چەند هاوڕێیەکی نوێ دەناسیت. هەرچەند لەکارەکان خۆت دوابخەیت ئەوەندە لە ئامانجەکەت دوور دەکەویتەوە، برە پارەیەکت دەستدەکەوێ.

### 13 بەرگ و 9 هەزار لاپەڕەیە

# کامبریج ئینسایکلۆپیدیای شۆڕشەکانی کورد بڵاودەکاتەوە




ڕووداو- هەولێر

دەزگای چاپ و وەشـانی زانکۆی کامبریجی بەریتانـی ئینسـایکلۆپیدیایەک لـە 13 بەرگدا لەسـەر شـۆڕش و سـەرهەڵدانەکانی کورد لە 1830 بـۆ 1979 بڵاودەکاتـەوە کە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتە بەریتانییەکانـی پەیوەندیدار بە سـەرهەڵدانەکانی گەلـی کورد لە مـاوەی ئەو ساڵانەدا لەخۆدەگرێ.

کتێبەکە لەژێرناونیشانی: "تۆمارەکانی کورد: ناوچەکەیان، سـەرهەڵدانەکانیان، ناسیۆنالیزم لـە 1831 بـۆ 1979. بەپێـی سـەرچاوەی دۆکیۆمێنتەکانی بەریتانیا" بڵاودەکرێتەوە.

ئانیتـا بێردیت سەرپەرشـتیی ئامادەکردنی ئـەم پرۆژەیەی کردووە کە لـە 9 هەزار لاپەڕە دۆکیۆمێنت و نەخشە و وێنە پێکهاتووە.

لە دۆکیۆمێنتەکانی تایبەت بە سەدەی 19دا سـەرهەڵدانی هۆزە کوردییـەکان و پەیوەندیی ئـەو هۆزانـە بە وڵاتان و نەتەوەکانی دراوسـێ ئاشـکرا دەکرێـت. ئـەم بەشـە لـە پرۆژەکە هەروەهـا تایبەتمەندیی هـەر کام لە هۆزەکان و پەیوەندیـی نێـوان هـۆزە کوردییـەکان بـە یەکدییەوە لەخۆدەگرێت. سەرهەڵدانەکانی ئەم قۆناغە ئەگەرچی ئاسەواری نەتەوەییبوونیشیان پێـوە دیـارە، بەڵام بـە شـێوەیەکی پچڕپچڕ بەڕێوەچوون.

بـەو پێیەی پرۆژەکە لـە بنەڕەتدا بەڵگەیی و مێژووییـە، ڕەوتـی گەشـەکردنی بیـری نەتەوەخـوازی لە قۆناغە هـەرە بەرایییەکەیەوە هەتا قۆناغی مۆدێرن کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەسـت پێـدەکات، لەخۆدەگرێت. وەکوو لە بڕگەی ناسـاندنی کتێبەکەدا هاتووە، ئامانج لـە ئامادەکردنی ئەم کتێبە باسـکردنە لـە ڕەوتی خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشـتن بە سـەربەخۆیی و دروسـتکردنی دەوڵەتی خۆی، هەروەها ئەوەی کە بۆچی ئەم پرسە لە ماوەی 150 سـاڵدا بە بەردەوامی دووبارە بووەتەوە و ئامانجیشی وەدی نەهێناوە.

ئەم پـرۆژە بەڵگەییە لە سـەرهەڵدانەکانی بەدرخانییـەکان هەتـا دەرکردنـی 400 هەزار کورد لەلایەن حکومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی 1970 بۆ 1976 و دواتریش هاتنە سـەر کاری دەسەڵاتێکی نوێ لە ئێران و کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد لەخۆدەگرێت.


بەشـێک لەم کتێبـە تەرخانکـراوە بۆ وێنە و بەڵگەکانـی پەیوەندیـدار بـەو سـەرکردە کوردانەی لە شـێوەگرتن و گەشەکردنی هزری ناسیۆنالیسـتیدا ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـووە، شـەریف پاشـا، سـەید عەبدولقادر و سـەید تەها، بەدرخانییەکان، سـمکۆی شکاک، شێخ مەحمودی نەمر، کوردەکانی دێرسـیم و شـێخ ئەحمەدی بارزان.

کتێبە 13 بەرگییەکەی کامبریج 20 نەخشەی ئـەو ناوچەیـە لەخۆدەگرێـت کـە لـە قۆناغە جیاجیاکانـی مێـژووی یەک سـەدە و نیودا بە کوردسـتان ناوی براوە، ئەم بەشە لە کتێبەکە دەکرێت بۆ سـاغکردنەوەی چارەنووسی ناوچە کێشـە لەسـەرەکان گرنگ بێت. ژمارەیەک لە نەخشەکان تایبەتن بە چڕیی دانیشتووانی هەر کام لە ناوچەکانی کوردسـتان و لەم بەشەشدا گۆڕانکاری بەرچاو بـەدی دەکرێت، لە کاتێکدا لـە مـاوەی نێـوان 1830 بـۆ 1979 هەندێک ناوچـە چۆڵتر بوونە و هەندێکیشـیان ژمارەی دانیشتووانیان بەرز بووەتەوە.

کتێبەکـە هەندێکجـار بەپێـی نـاوەڕۆک و هەندێکجاریـش بـە گوێـرەی کرۆنۆلـۆژی ڕووداوەکان و بەرەوپێشـچوونی مێـژووی ڕووداوەکان دابەشکراوە.

ئینسایکلۆپیدیاکە هێشـتا بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بە گوێـرەی دەزگای چاپی کامبریج، لەم مانگەدا بڵاودەکرێتەوە و بەشێوەی ئۆنلاینیش لەبەردەستی خوێنەران دەبێت.

# چەند وشەیەک بۆ دایک و باوکی ڕۆزانا




ڕووداو- هەولێر

کاتێک ڕەفتاری سەرکێشـانەی منداڵ، کوڕ یـان کـچ، ترسـی ئابڕووچـوون دەخاتە دڵی خێزانـەوە، دەبـێ دایـک و باوک چـی بکەن؟ کتێبی "بۆ دایک و باوکی ڕۆزانا" وەڵامێک وردی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

ئـەم کتێبە کـە لـە کۆتاییەکانی سـاڵی 2015دا بـە دوو زمانـی کـوردی و فینلانـدی بڵاوبـووەوە، بـۆ بەرچاوڕوونیـی ئـەو خێزانە کۆچبەرانە نووسراوە کە بە هۆی هەڵسوکەوتی سەرکێشـانەی منداڵەکانیـان، بـە تایبەتیش کچەکانیان، کێشـەیان بۆ دروسـت بووە، یان دەترسـن کێشـەیان بۆ دروسـت ببێ و کورد گوتەنی "ئابڕوویان" بچێت. ئەم کتێبە یەکەمین هەوڵی لێبڕاوانەیە بۆ ئاوڕدانەوەیەکی تایبەت لە پێویستییەکانی دایکان و باوکانی کۆچبەر.

بڵاوبوونـەوەی ئەم کتێبـە لە کاتێکدایە کە تـا ئێسـتا وا باو بووە لـە پێوەندیـی لەگەڵ توندوتیژییەکانـی نـاو خێـزان، زۆرتر باس لە "قوربانی" یان بەگشـتی کچان و ژنان بکرێت. بـەڵام ڕێبـوار کەریمی، نووسـەری "بـۆ دایک و باوکـی ڕۆزانـا" دەڵێ کتێبەکـەی ئەو نە بۆ "قوربانی" نووسـراوە، نە بۆ "تاوانکار"، بەڵکو بۆ تێکڕای خێزان نووسراوە. نووسەری کتێبەکە کـە مـاوەی چەندین سـاڵ لـە ڕێکخراوەکانی منداڵپارێـز و یەکێتیی مافـی مرۆڤی فینلاند، وەک پسـپۆڕ و ڕاهێنـەر کاری کردووە، دەڵێ: "هەموو لایەنە ناکۆکەکانی ناو ماڵ، پێویستیان بە خزمەت و هاوکاری هەیە"، بۆیە ئەو پێیوایە "باشـترین چارەسـەر بۆ کیشـەی ناو خێزان، ئەو چارەسەرەیە کە تێکڕای بنەماڵە لەبەرچاو بگرێت، لە سەرچاوەی کێشەکانیان وردبببێتەوە و چارەسەرێکی درێژخایەنیان بۆ ببینێتەوە".

ئەم ڕوانگەیە تەواو جیاوازە لەو ڕوانگەیەی کە هەموو سـەرنجی دەچێتە سەر "قوربانی" و ئەنجامدەری تاوانیش دەداتە دەسـت یاسـا و پۆلیس و پێیوایە ئیتر کار تەواو بووە. نووسەر لـەو پێوەندییەدا دەڵێ "بێگومـان، ئەوەی کە تـاوان ئەنجام دەدا، دەبێ باجی تاوانەکەشـی بدات. بەڵام زۆربەی جارەکان کاتێک کێشـەی خێزانێک دەگاتە ئاسـتی قوربانیبوونی لایەک و تاوانکاریـی لایەکی دیکـە، مانای ئەوەیە کە ئێمـە وەکو کۆمەڵگـە، درەنـگ کەوتووینەتە خۆ و نەمانتوانیـوە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ناکۆکییەکانی ناو خێزان بدۆزینەوە".

بەڵام ئایا ئەو کارەساتە سامناکانەی جاری وایە بە خوێنڕشـتن کۆتاییـان دێ و میدیاکان وەک "کوشتن لەسەر شەرەف" باسیان دەکەن، دەکرێ وا بە ئاسانی چارەسەر بکرێن؟

نووسەری کتێبی (بۆ دایک و باوکی ڕۆزانا) کە ئەزموونی 10 ساڵ ئیشکردنی لەگەڵ خێزانە کێشـە تێکەوتووە کۆچبەرەکان هەیە، پێیوایە کە ئەو وێنەیەی میدیا لە خێزانەکانی دروسـت دەکا و هێندێکیـان دەکاتە دێو و درنج، دوورە لەڕاستییەوە، یان هیچ نەبێ هەموو ڕاستییەکە نییـە. "تەنانـەت تراژیدیـای وەک کوشـتنی کچە کوردەکەی باکوور، فادیمە شـاهیندالیش لەلایەن باوکیەوە، لە کێشـەی زۆر بچووکترەوە دەسـتی پێکرد". نووسـەر جەخت لەسەر ئەو دەکات کـە "ئەو کێشـانەی لە نێـوان منداڵ و خێزاندا پەیـدا دەبن، بەزۆری لەو گرێیانەن کە دەکـرێ لەبـری دان، بە دەسـت بکرێنەوە"، بەڵام ئەم کارە چۆن مەیسـەر دەبێ؟ نووسەر دەڵێ "بە خۆشـییەوە، لـە وڵاتانی خانەخوێی ڕۆژئاواییدا، لە کاتی تەنگانەی ناو خێزانەکاندا، کاربەدەسـتان کەم تا زۆر بـە هانای منداڵان، کیـژان و لاوانـەوە دێـن". بەڵام ئایـا ئەوەندە بەسـە؟ نووسەر پێیوایە گرفتی زۆربەی لایەنە ڕۆژئاواییەکان ئەوەیە کە پێیانوایە هەر ئەوەندە بەسە بە یاسـا پارێزگاری لە منداڵان یان ژنان بکرێت، لە کاتێکدا سەرچاوەی کێشەکان وەک خۆیان دەمێننەوە. بە پشتبەستن بە ئەزموونی کاری ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ خێزانـەکان، ڕێبوار کەریمی پێیوایە "هیچ لەوە خراپتر نییە لەکاتی تەنگژەی نێوان دایک و باوک و منداڵاندا، دایکان و بـاوکان — لەگەڵ تـرس و دڵەڕاوکێیان- بە تەنیا جێبهێڵدرێن". هەر بۆیە کتێبی "بۆ دایک و باوکی ڕۆزانا"ش ڕێک بۆ بەرچاوڕوونکردنەوەی دایک و باوکە کۆچبەرەکان نووسراوە.

کتێبی "بۆ دایک و باوکی ڕۆزانا" لە شـەش بەش پێکهاتووە و بە زمانێکی "هاودڵانە" دایک و باوکـەکان دەدوێنـێ، واتـە هەمـوو جارێک کێشەکانی ناو ماڵ لە ڕوانگەی دایک و باوکەکان و بەو شـێوەیەی ئەوان هەسـتی پـێ دەکەن، دەخاتە بەرچاو. پاشـان، هێـدی هێدی هەوڵ دەدات، بـە یارمەتـی ئارگومێنتـی جیاجیای وەک هێنانـەوەی نموونـەی ڕاسـتەقینەی ژیانـی خێزانەکانی دیکـە، ئاکامی لێکۆڵینەوە زانسـتییەکان، ئاماژە بە بەندە یاسـاییەکان، پەیماننامە نێونەتەوەییـەکان و تاد، بەرچاوی دایـک و بـاوکان ڕوونتـر بکاتـەوە، تاوەکو لە کەموکووڕیی ڕوانگەکانی خۆیان تێبگەن. هەوڵ دەدا، ئـەو ئەڵتەرناتیڤانە بخاتـە پێش چاوی دایـک و باوکان کە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی هێمنانە کێشەکانیان چارەسەر بکـەن، بەبێ ئەوەک کەس مافی پێشـێل ببێ یاخود شیرازەی خێزان لێک بترازێ.

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەدا، نووسەر هەوڵ دەدا هۆکارەکانـی سەرکێشـی و گۆڕانکارییـە خێراکانی ڕەفتاری منداڵە تازەپێگەیشتووەکان بۆ دایک و باوکـەکان ڕوون بکاتەوە. ململانێی نێوان نەوەکان، قەیرانی شـوناس و کاریگەریی ژینگـەی فرەکولتووری و پاشـهاتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانـی گەشەسـەندنی منـداڵ، لە باسەکانی ئەم بەشەی کتێبەکەن.

لە بەشـی چوارەمدا باس لەو هەلومەرجانە دەکـرێ کە کۆمەڵگـەی ڕۆژئاوایی دەسـت لە ژیانـی خێزانی کۆچبەر وەردەدا. بۆچی دایک و باوکە کۆچبەرەکان و کاربەدەستە ڕۆژئاواییەکان بە زەحمەت لە یەکتر تێدەگەن؟ ناکۆکیی نێوان نەریتـە کولتوورییەکان و یاسـاکان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟ توندوتیژی بە چی دەگوترێ و بۆچی قەدەغەکراوە؟ یاسـاکانی منداڵپارێزی چ مامەڵەیـەک لەگـەڵ نەریتەکانی پەروەردەی خێزانـی دەکـەن؟ دایک و بـاوک چی بکەن تا منداڵانیـان بە کۆمەڵگە و کولتووری خانەخوێ نەدۆڕێنن؟

یەکێک لە هەسـتیارترین بەشەکانی کتێبی "بـۆ دایک و باوکـی ڕۆزانا" بەشـی پێنجەمە. ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ باسی شەرەف یان ڕوومەت. لەم بەشـەدا نووسەر بە پشوویەکی درێـژەوە هـەوڵ دەدا ئـەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی ڕوانگەی باوکسـالارانە و باو، سـەبارەت بە شەرەف و شەرافەتمەندی، زیانی لە قازانجی زۆرترە و تەنانەت هیچ بەرژەوەندییەکی پیاویشی تێدا نییە. پەیامی ئەم بەشەی کتێبەکە وازهێنان لە چەمکی شەرەف نییە، بەڵکو نووسەر هەوڵ دەدا خوێنـەری کتێبەکە هان بدا تا بەجۆرێکی دیکـە بیر لە مانا و ناوەڕۆکی شـەرافەتمەندی بکاتەوە، جۆرێک کە لەگەڵ ڕۆحی سـەردەمی نـوێ ناتەبا نەبێت، بەڵام کولتووری بنەماڵەش پارێزراو بێت.

لـە بەشـی کۆتایـی کتێبەکەدا، نووسـەر ئـەو ڕوانگەیـە دەباتە ژێر پرسـیارەوە کە زۆر لە کێشـەکانی نێـوان منداڵ و دایـک و باوکە کۆچبەرەکان پێوەندیی بە پرسـی شـەرەف و ئابڕووەوە هەبێت. لەم بەشەدا، نووسەر لەسەر بنەمـای توێژینەوەکانـی خـۆی و ئەزموونـە مەیدانییەکانی، باس لە چوار هۆکاری نیگەرانیی دایک و باوکـەکان دەکات و پێیوایە بۆ ئەوەی بـەر بە دۆخی نەخـوازراو و ڕووداوی دڵتەزێنی وەک توندوتیژی و تەنانەت کوشتن بگیردرێت، پێویستە ئیش لەسەر ئەو چوار هۆکارە بکرێ. ئەوسـا نووسـەر یەک یەک، ئەو هۆکارانە شی دەکاتەوە و ڕێنمایی پێویسـتیش بۆ شـێوەی زاڵبوون بەسـەر نیگەرانییەکاندا، پێشکەش بە دایـک و بـاوکان دەکات. لـە کۆتاییەکانی ئەم بەشەدا، نووسەر ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە ئەگەر ژیان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا گێچەڵی تایبەت لـە پێوەندییە خێزانییەکانی بنەماڵەی کۆچبـەردا پێکدەهێنـێ، دەرفەتـی زێڕینیش بۆ زاڵبوون بەسەر کێشـەکاندا، بۆ خێزانەکان دەڕەخسـێنێ. لەم بەشـەدا نووسـەر چەندین ڕێگـە دەخاتـەڕوو بۆئـەوەی دایـک و باوکان دەرفەتەکانـی وڵاتـی خانەخـوێ بـە قازانجی تێکڕای خێزان بقۆزنەوە.

لە کۆتایی هەر بەشێکی کتێبەکەدا، نووسەر لە چەند بڕگەیەکدا، کورتەی خاڵە گرینگەکانی ئەو بەشە، وەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە.

هەرچەندە کتێبی "بۆ دایک و باوکی ڕۆزانا" لـە فۆرمـی کتێبێکـی ڕێبـەر-دا نووسـراوە و نووسـەر هەوڵی داوە خۆی لە شێوە دەربڕینی ئەکادیمی ببوێرێ، بەڵام بۆ نووسین و داڕشتنی کتێبەکە پشتی بە گەلێک سەرچاوەی زانستیش بەسـتووە. نووسـەر، خوێنـدکاری قۆناغـی دکتۆرای سۆسـیۆلۆژییە و کتێبەکەی لەسـەر بنەمـای 10 سـاڵ بەدواداچـوون بۆ کێشـەی خێزانە کۆچبەرەکان نووسیوە.

وا بڕیـارە ئەم کتێبە لە مـاوەی داهاتوودا بە چەند زمانێکی دیکەش بڵاوبێتەوە، چونکە وەک نووسەر دەڵێ "جگە لە کورد، زۆر گرووپی کۆچبەری دیکەش پێویسـتیان بە کتێبی لەم چەشنە هەیە".

# وەکوو مانگ

مورتەزا سەرهەنگی
وەرگێڕانی: کیشوەر پیرۆتی

(1)

لەسەر کورسییەکی کووپەکانی مێترۆ، ژنێکی گەڕاوە* دانیشتووە. کتێبێکی باخەڵیی لە جانتاکەی دەستی دەردێنێ. چاوێک لە سەعاتەکەی دەکات و خەریکی خوێندنەوە دەبێت. نێوچاوانی شوێنی برینێکی کۆنی لە شێوەی مانگی نوێ بەسەرەوەیە.

لە یەکێک لە وێستگەکان کچێکی لاو سوار دەبێ و لەسەر کورسییەکەی بەرامبەر ژنە گەڕاوەکە دادەنیشێت. ژنە بە وردی لە کچە دەڕوانێ. لەپڕدا شوێنی برینە کۆنەکە تازە دەبێتەوە و وردە وردە خوێنی لێ دەچۆڕێ. کچە ئاگای لە نیگای ژنە گەڕاوەکە نییە.

(2)

شەوە. کۆمەڵێک ژن و پیاو و منداڵ لە بیاباندا هەراسان و سەرگەردانن. بە دەنگی تەقینەوەی گوللەکان بەعەرزدا دەکەون. لەبەر شەوقی تەقینەوەی گوللەکان دەموچاوی ژنێکی گەنج وەدیار دەکەوێت کە منداڵێکی ساوای بە باوەشەوەیە. مێردەکەی بەپەلە دێ بۆ لای و منداڵە ساواکەی لێ وەردەگرێ و ژنەکە هەڵدەستێنێتەوە. مانگی نوێ بەسەر سینگی ئاسمانەوە دیارە. یەکێک لەو ژنانەی خەڵکی ئەو ناوچەیەیە و لێیانەوە نیزیکە، بە ئاماژە تێیاندەگەیەنێت کە منداڵە ساواکە لە کۆڵی ئەو ببەستن. ژن و مێردەکە بە گومانەوە منداڵە ساواکەیان لە کۆڵی ژنە دەبەستن و دیسان هەموویان بەنێو تاریک و ڕوونی تەقینەوەکاندا وەڕێ دەکەونەوە.

شەکەت و داماو بەنێو جەرگەی ئەو بیابانە لەدوانەهاتووەدا ڕێگایەکی دوورودرێژ دەبڕن. ئیدی هێزیان تێدا نەماوە، یەکێک لە هاوڕێیان، لەژێر جادەکەدا پردێکیان پێ نیشان دەدات و هەموویان دەچنە ژێر پردەکەوە. ژنە گەنجەکە دێ بۆ لای ژنەکەی دیکە تا منداڵە ساواکەی لێ وەربگرێتەوە. لەپڕدا دەبینێ منداڵەکەی بە کۆڵەوە نەماوە و لە ڕێگا لێی کەوتووە. ژنە گەنجەکە حەپەساو و شێتانە سەری لە دیواری پردەکە دەکوتێ. نێوچاوانی درزی تێدەکەوێ. مێردە داماوەکەی هەوڵ دەدا ئارامی بکاتەوە. مێردەکەی بە ڕاکردن لەژێر پردەکە دێتە دەرێ و بە هەراسانی بێرەوبەوێدا دەڕوا. هەور و دووکەڵ و تەوپۆتۆز بەسەر مانگی نوێدا تێدەپەڕن.

لە دوورەوە ئاگری زارکی تانکەکان دیارن کە بەرەو پێشەوە دێن. تەقینەوەکان زەوی هەڵدەتەکێنن. بنجەگیا و بنچکەکان ئاگر دەگرن. بیابانەکە یەکپارچە دووکەڵ و ئاگرە. پیاوەکە لە بەرینایی ئەو بیابانەدا ئاگر لە دڵی بەربووە و بە داماوی و گریانەوە چۆک دادەداتە سەر زەوی. مانگی نوێ ون دەبێ، خرمەخرمی تانکەکان نێزیکتر دەبێتەوە.

(3)

ژنە گەڕاوەکە چاو لەو کورسییە بەتاڵەی بەرامبەری دەکات کە کچەکەی لەسەر دانیشتبوو. کتێبەکە دەخاتەوە نێو جانتاکەی، چاوێک لە سەعاتەکەی دەکات، نێوچاوانی ئاسەواری خوێنی پێوە نییە. شەمەندەفەری مێترۆکە ڕادەوەستێ. ژنە گەڕاوەکە لە کووپەکە دادەبەزێ، هاوسەرەکەی کە زیاتری پرچی سپی بووە، لە وێستگەکە چاوەڕێیەتی.

کۆمەڵێک کچە قوتابی لە کووپەکانی دیکەوە دادەبەزن. بە خۆشی و شادییەوە دێنە پێشێ. ژنە گەڕاوەکە و هاوسەرەکەی بەبێ ویستی خۆیان دەکەونە نێوان کچەکانەوە. لەو قەرەباڵغییەدا بە پاڵەپەستۆ بەرەو پلیکانە کارەباییەکان ڕادەدرێن.

بەحەپەساوی و پێکەنینەوە لەنێوان کچەکاندا بە پلیکانە کارەباییەکاندا وەسەر دەکەون، بەردەوام بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن، دەڵێی هۆڵی مێترۆ بنمیچی نییە. مانگی نوێ بەسەر سەریانەوە دیارە.

* گەڕاوە: تەمەنی نێوان گەنجێتی و پیری، مرۆڤی تازەپیر.

ژێدەر:
داستان؛ خردنامەی همشهری، ویژەی داستان، شمارە 58، مهر 1389، ص47،46،45، تهران.



# بانگخوازێکی سوور



حەمەسەعید حەسەن

ئەو خەڵکە بەچاوپۆشین لەوەی سەر بە کام ئایینن، هەموویان خوشک و برای یەکن، هەر کەس بەشی خۆی حەقیقەتی لە کنە و کەس حەقیقەتی قۆرخ (مۆنۆپۆڵ) نەکردووە. مافی ئەوەمان نییە، خۆمان لەوانی دیکە پێ هێژاتر بێت، با هاودینی ئێمەیش نەبن، یان با بێدینیش بن. ئەوە زادەی کەموکووڕیی دەسەڵاتە، توندڕۆیان هەندێک شوێن پڕ دەکەنەوە کە شوێنی وان نییە. گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشە و سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئایین، بەرهەمی نسکۆی پرۆژە هاوچەرخەکان، حیزبە سیاسییەکان و دەسەڵاتی سیاسییە.

توندڕۆیی لە ئەنجامی مایەپووچیی سیاسییەوە دێتە کایەوە، کە بەڵێنی ڕۆنانی بەهەشت لەسەر زەوین، بەرهەمی نابێت، خەڵک بە پۆل ئومێد بە بەهەشتی ئاسمانەوە گرێ دەدەن، بۆ لای پیرۆز دەگەڕێنەوە و چارەسەر لە وەهمدا دەبیننەوە. توندڕۆیی منداڵی شەرعیی بۆشاییی سیاسییە، بۆشایییەک کە تێکشکانی پرۆژە مۆدێرنەکان دەیخولقێنێت. ئەوە هەرەسی پرۆژەی ڕۆنانی دەوڵەتە، دەوڵەتێک وەک هاوولاتی و بە یەکسانی سەیری تاکەکانی کۆمەڵ بکات، ئەو خەڵکە بەرەو هەواری خێڵ، پەرستگەی ئایینزا و حیزبی دینی دەنێرێت.

هەموو ئایین و ئایینزاکان لەوەدا کۆکن کە ئیمان لە کنیان دەکەوێتە سەنتەرەوە، ئیمانیش کە دەبێت بە دۆگما، دوژمنی سەرسەختی ئازادیی فیکر و ئازادیی ویژدانە، ئاخر وشکەئیماندار وای بۆ دەچێت، هەمیشە لەسەر هەقە و پێی ناکرێت، ئەو ڕێزەی بۆ باوەڕەکەی خۆی هەیەتی، بۆ باوەڕە جیاوازەکانی دیکەیشی هەبێت. ئەو تێگەیشتنەی لەبارەی ئایینەوە هەیە، لە زۆربەی حاڵەکاندا هەڵەیە، چونکە ئایین نابێت بۆ دژایەتیکردنی ئینسان، بۆ بە کۆیلەکردنی تاک و بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ بخرێتە گەڕ، دەبێت ئایین لە خزمەتی ئینساندا بێت، نەک بە پێچەوانەوە. ئینسان بۆ ئەوە نەخوڵقاوە، ملکەچ، گوێڕایەڵ، زەلیل و کڕنووشبەر بێت، ئاخر ئینسان باڵاترین بەهایە، هیچ ئایینێک لە ئینسان باڵاتر نییە و ئایینێک ڕێز لە شکۆمەندیی ئینسان نەگرێت، هەق نییە ڕێزی لێ بگیرێت.

گریگوار حەدداد (1924 — 2015) دەیگوت: (لە خۆرهەڵات تێگەییشتنی هەڵە بۆ خودا و بۆ ئینسان هەیە، وەختی ئەوە هاتووە، ئەو تێگەییشتنە نادروستانە کە ڕۆحی تاکیان شێواندووە، بگۆڕدرێن و ئایین بخرێتە خزمەتی ئینسانەوە، ئاخر بەهای هەرە باڵا، ئینسانە و هیچ ئایین و فیکرێک نابێت زیان بە شکۆی ئینسان بگەیەنێت. خودا ڕۆحە، لە هەر کوێ ڕۆحی خودا هەبێت، لەوێ ئازادییش هەیە، بۆیە دەبێت لە پێناوی ئازادیی ئینساندا، خودا لەبن هەژموونی فیکری پیاوانی ئایین قوتار بکرێت و ڕێگە نەدرێت بە ناوی ئایینەوە، ستەم لە ئینسان بکرێت.)

هاوکاریی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی، هۆشیاریی ئینسان بە بەنگی غەیب سڕ دەکات و دەبێتە بەربەست لە بەردەم داهێناندا. پێویستە کتێبی پیرۆز بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە چەوساندنەوە بەگەڕ بخرێت، نەک بۆ بە کۆیلەکردنی، ئەمەیش بەدی نایەت، هەتا کێڵگەی ئایین لە کێڵگەی سیاسەت جودا نەکرێتەوە. جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت بە مانای دژایەتیکردنی ئایین نایەت، بە ڵکوو بەو مانایە دێت، هەر یەکێکیان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ بێلایەن بێت، بەرانبەر ئەوەی تریان. لەم ڕوانگەیەوە بە گژداچوونەوەی سیکولاریزم، بە پاساوی ئەوەی دژی ئایین و ئاکارە، لە نەزانی و لاوازی و بڕوا بەخۆ نەبوونەوە، سەرچاوە دەگرێت.

ئایین بۆ ئەوە سەری هەڵداوە، لە خزمەتی ئینساندا بێت، نەک بۆ ئەوەی ئینسان ببێتە خزمەتکاری. ئیشی ئایین ئەوەیە، ئینسان لە ستەم و کۆیلایەتی قوتار بکات، نەک ستەمی لێ بکات و بە کۆیلەی بزانێت. ئیشی ئایین ئەوە نییە، ئینسان بهێنێتە سەر چۆک و فێری کڕنووشبردنی بکات، ئیشی ئەوەیە ئینسانێکی سەربڵندی لێ بخوڵقێنێت، ئینسانێک بۆ هیچ هێزێک نەچەمێتەوە. ئەوە خەبات و قوربانیدانە، دونیا بەرەو باشتر دەگۆڕێت، نەک وەعز و مۆچیاری. ئینسان ئامانجە نەک ئامراز، بۆیە هەموو ئامرازەکان بە ئایینیشەوە، دەبێت لە خزمەتی ئینساندا بن. مەسیح گوتوویەتی: ( هاتووم خزمەت بکەم، نەک خزمەت بکرێم.)

ئایین نابێت تۆوی ترس لە دڵماندا بچێنێت، دەبێت فێری بوێریمان بکات، فێرمان بکات بێ سڵکردنەوە، ڕاشکاوانە و بە ئاشکرا بدوێین. هەر ئایینێک لەبەردەم بە ئازادی فڕینی ڕۆحدا کۆسپ بێت، دەبێت فەرامۆشی بکەین و بە شێوازێکی دیکە خودامان خۆش بوێت، ئاخر گەلێک ڕێگە بەرەو هەواری عیشق دەچن، نەک تەنیا ڕێگەیەک. بۆشایی لە نێوان عیشقی خودا و ئینساندا نییە، ئەگەر بۆشایییەک هاتە ئاراوە، ئەوە دەستکردی ئەوانەیە کە بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن و دەستیان لەگەڵ ستەمکاراندا تێکەڵ کردووە. تۆقاندنی ئینسان بە ئەشکەنجەی قەبر و ئاگری دۆزەخ، نابێتە هەوێنی پاکڕاگرتنی ڕۆح، ئەوە شیعرەکانی تاگوور و جوبران خەلیل جوبرانن ڕۆح پاکژ دەکەنەوە، کە سەروەختێک کتێبەکانی شاعیری دووەمیان لە زێدی خۆی، قەدەغە کرابوون. عاشقی خودا، کەس بە مەرجەعی باڵای خۆی نازانێت، ویژدانی مەرجەعی باڵایەتی، ئاخر ئەوە ویژدانی زیندووە، لێ ناگەڕێت لە تاوانەوە بگلێین.

ئایین پیرۆز نییە، ئەگەر کرۆکەکەی بریتی نەبێت لە دادپەروەری و هەمیشە لە سەنگەری ستەملێکراواندا نەبێت. ئەو ئایینە پیرۆز نییە کە لە سەنگەری دەسەڵاتدارانەوە، بە گژ بێدەسەڵاتاندا دەچێتەوە. ئایینێک پیرۆزە، سڕینەوەی ستەمی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی دادپەروەری بە ستراتیژی خۆی بزانێت. پەیامی گریگوار حەدداد ڕووی لە خەڵکی هەژار و ستەملێکراو بوو، ئەوانەی لە خۆشییەکانی ژیان بێبەشن. ئەو بانگخوازە سوورە دەیگوت: تێچووی شەڕ بەشی دابینکردنی بژێویی هەموو برسییانی دونیا دەکات. ئەو کە هەمیشە داوای دادپەروەریی دەکرد، لاسایی کەسانی پێش خۆی نەدەکردەوە، تا ژیا لە سەنگەری چەوساوەکاندا بوو. گریگوار حەدداد کە لە ئینجیلەوە فێربووبوو، ئینسانی شکۆمەند، لووتبڵند نییە، ئەوە ئینسانی گرگنە، خۆی پێ زلە، دەیگوت: (خزمەتکردنی ئینسانی بێدەسەڵات، پێش خزمەتکردنی مەسیح و پێش خواپەرستی دێت.)

گریگوار حەدداد ترس لە دڵیدا نەبوو، چی خواستبا دەیگوت، تەنیا لەوە دەترسا، بکەوێتە ژێر هەژموونی ترسەوە و بوێریی گوتنی قسەی هەق لە دەست بدات. دەیگوت: ئامانج ئینسانە، نەک مەسیح. دەیگوت: مەسیح لەنێو کەنیسەدا دیلە، پێویستە ئازاد بکرێت. دەیگوت: شەڕی ئێمە لە مەیدانی لاهووتدا نییە، لە گۆڕەپانی ژیاندایە، شەڕی ئێمە لە پێناوی ئازادیی ئینساندایە و ئەوە هەڵەیە، ئایین بکەینە کۆتێک بۆ گەردنی ئینسان، ڕێی ڕاست ئەوەیە، ئایین ئینسان ئازاد بکات.

(نە بڕوام بە هەبوونی دۆزەخ هەیە، نە بە هەبوونی شەیتان. چیرۆکی ئادەم و حەوا ڕیالیست نییە، زادەی خەیاڵە. دەشێت بێباوەڕان زیاتر لە باوەڕداران خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەن. ڕەوشتی جوان هیچ پێوەندیی بەوەوە نییە، باوەڕداری یان بێباوەڕ، دەشێت بێباوەڕ بین و ڕەوشتمان جوانتر بێت لە هیی گەلێک لە باوەڕداران.) ئەو گوتانە فرانسیس کە حاڵی حازر پاپای ڤاتیکانە، کردوونی و لەگەڵ گریگوار حەدداددا سەر بە هەمان ڕێبازی (هەقبێژی)ین.

2016/1/7
هەولێر

(١) السفير الثقافي 25 ديسمبر 2015 بيروت.
(٢) عباس بيضون، المستور الأكبر 18 ديسمبر 2015 الحياة، بيروت.
(*) العلمانية الشاملة، تحرير المسيح والإنسان، دووان لە کتێبەکانی گریگوار حەددادن کە مەترانێکی لوبنانی بوو، بە مەترانی هەژاران و مەترانی سوور بەناوبانگ بوو، 23ی دێسەمبەری 2015 کۆچی دوایی کرد.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# قەیرانسازی

هەر کە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل داخرا، ئیدی عەیب نەبێ هەموو شتێ هەستا، زەوقی خەڵک نەبێ. ئاخر نرخی پێداویستیی سەرەکی سێ قات چووە سەرێ، زەوقی خەڵکی بێپارەش بۆ خوارەوە شۆڕ بووەوە. ئێمە وڵاتێکین لە کاتێکدا قارەمانانە دەتوانین بە چەند مانگێک دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام لەدەستمان نەهاتووە بە چارەکە سەدەیەک نرخی تەماتە، لیمۆ، هەنار، پرتەقاڵ و خەیار کۆنترۆڵ بکەین.

ئەگەر بە بیست و پێنج ساڵ نەتوانرابێ پلانێک بۆ نەبوونی تەماتە دابنرێت، تا خەیار ئاوا سەرگەردان نەبێ، جا توخوا وەزارەتی پلاندانانتان بۆ چییە، بیکەن بە وەزارەتی پڵاولێنان باشترە.

کە ئێمە بە بیست و پێنج ساڵ نەتوانین ببینە خاوەنی زەلاتەیەکی سەربەخۆ، ئیدی چۆن دەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ؟! وەزارەتی کشتوکاڵمان بۆ چییە، بیکەن بە وەزارەتی گرۆگاڵ، ئاخر ئەمە گەمەی مندالانە گوڵم خۆ حوکمڕانی نییە.

کارەبا دەمێکە دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەڵام ئەوە جەنابی وەزیر بوو درەنگ بیری کەوتەوە کە ئەویش دەست لە کار بکێشێتەوە، ڕاستییەکەی جەنابی وەزیر دەستی لەکار نەکێشایەوە، دەستی لە بێکاری کێشایەوە، ئاخر شتێ کە نەبێ وەزیری بۆ چەس، وەزارەتی کارەبا لابدەن، بیکەن بە وەزارەتی مەرحەبا، ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا. تەلەکانی بە کیلۆ بفرۆشن بۆ قەیرانی دارایی خاسە، عامودەکانیش جارێ بێڵنەوە بۆ جنێو باشە، هەرکەسێ ئیشێکی قوڕی کرد، دوو عامودی بۆ ڕەوانە دەکەین، ئەوجا لەوانەیە بەش بکا و نەکا ئەلاهوو ئەعلەم.

سەرم لەوە دەرناچێ ئێمە بۆچیمانە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، هەمانە و نیمانە یەک دوو مەعمەلە بۆ دروستکردنی لوقمەقازی. خۆ حاڵی لەو باشتر نییە وەزارەتی (ئاوەدان) کردنەوە و (نیشتەجێ)کردن، ئاخر ڕاستت دەوێ تا ئێستا نەمانبووە ئاوەدان و نیشتەجێ، ئەوەی تا ئێستا هەیە هەر (کردنەوە) و (کردن)ە.

کە دامەزراندنی گەنج لە دەریای ئیجە بێ، ئیدی وەزارەتی خوێندنی باڵامان بۆ چییە ئەز حەیران، پیاوێ خاس بن و ئەو وەزارەتە قەپاتکەن کە ناوی خوێندنی باڵایە، ئاخر حالییەن ئەوە وەزارەتی لێدانی زوڕنایە.

پارە و پیاوەتی و پیاز و پەتاتە دەمێکە لە کەمیی داوە، ڕۆحم لە دەوری سەری گەڕێ، چاکی دەزانی بە هیچ ناگا (ڕێباز)ی ئەم حوکمەتە، هەر بۆیە هیچ منەتی پێنەبوو، کە حوکمەت پێی گوت خزمەتەکانی تۆمان نەگەرەکە.

چاکسازیی بۆ وەختێکە کارێکی گەورە، تۆزقاڵێکی خەراپ بووبێ، ئێمە کە بیست و پێنج ساڵە سەرقاڵی قەیرانسازین، تازە چ دادمان دەدا چاکسازی، گەشەی ئابووری بە ئابووریناس دەکرێ، داخەکەم لای ئێمە ئابووریناس هێشتا یانی پیاوی کاسب، دە ئەگەر وا نییە، یەک بەرپرسم نیشان بدەن وەزعی خەراپ بێ.



عارف قوربانی

# دەوڵەتی کوردیمان ناوێت

لە دروستبوونی کێشەی فەڵەستینەوە، سەرباری هەموو ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب، سەرباری ئەو هەموو گەندەڵی و فەسادە سیاسی و مالیەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین (فەتح)، سەرباری کێشە و ململانێی زۆری نێوان (فەتح و حەماس). گوێمان لەهیچ عەرەبێکی فەڵەستینی نەبوو بڵێت دەوڵەتی فەڵەستینمان ناوێت.

تەنانەت ئیسرائیلیش بەو هەموو توانایەی لە بواری تەجەسوس و کڕینی نەیارەکانی و بەدەستهێنانی وەلائی غەیرە جووەکاندا هەیەتی، تا ئێستا نەیتوانیوە عەرەبێکی فەڵەستینی بەو ئەندازەیە بکاتە نۆکەری خۆی، جورئەت بکات و بەگوێی عەرەبی فەڵەستیندا بدات کە شایستەی دەوڵەت نین.

سەرباری ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی بەهێز دەبێت و لەسەر ئەرزی واقیع شوێنپێکانی فراوانتر دەکات، زۆرترین توانای نێودەوڵەتی بۆ ڕێککەوتن و پەیماننامەی نێوان عەرەب ئیسرائیل تەرخان کراوە، هێشتا عەرەبەکان هەر خۆیان بە شایستەی دەوڵەت دەزانن و دان بە ڕەوایەتی دەوڵەتەکەی جولەکەدا نانێن.

لە کوردستان، پاش خەباتێکی دوور و درێژ لە دژی نکوڵیکردن، پاش قوربانیدانێکی بێ وێنە بۆ مانەوە، پاش ئەنجامدانی چەندین پرۆسەی سڕینەوە، بە کاولکاری و بە سوتماککردن و بەکاربردنی چەکی یاساغی نێودەوڵەتی، کورد کەوتووەتە سەرپێی خۆی و خەریکە سەرنجی جیهان بۆ ڕەوایەتیی مافەکانی ڕادەکێشێت. پاش شکاندنی تەلیسمەکانی نکوڵیکردن و جۆرێک ئیعتراف بە ڕەوایەتیدان بەقبووڵکردنی واقیعی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵات.

دوای ئەوەی چەندین ناوەندی بڕیاری گرنگی نێودەوڵەتی و وڵاتی گەورەی جیهان باس لە ڕەوایەتی مافی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، کەچی لەناوخۆی کوردستان ڕۆژانە گوێمان لە چەند دەنگێکی ناشاز دەبێت کە ڕووقایمانە لە میدیاوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان هەڵوێستیان ڕوون دەکەنەوە و دەڵێن "دەوڵەتی کوردیمان ناوێ".

ئەگەر عەرەبێک لە فەڵەستین بچێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و بە هەر بیانوویەکەوە قسەیەکی لەو جۆرە بکات، بەدڵنیاییەوە لەناو شەقامی شاردا پەت دەخرێتە گەردنی. کەچی لە کوردستان شانازی بە لێدوانی لەو جۆرەوە دەکرێت و خەڵکانێک بە هەڵوێست و ئازایەتی لێکیدەدەنەوە.

دەبێت چ شتێک لەوە کارەساتبارتر بێت، دوای نزیک لە سەدەیەک لە نکوڵیکردن، دوژمن و داگیرکەرانی خاکەکەت ڕێز لە ئاڵاکەت بنێن و ئامادەیی قبوڵکردنی تۆبن، کەچی تاکی نێو کۆمەڵگەکەی خۆت بوونی خۆی ڕەتبکاتەوە. لێرەوە هەست بە لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی و لاوازیی هەستی نەتەوەیی دەکەیت، کاتێک کۆمەڵگە گوێبیستی قسەی وادەبێت و خوێنساردانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. لێرەوە تێدەگەین کە لە ڕابردووی دوورودرێژی ناوچەکەدا بۆچی کورد وەک گەل و نەتەوەکانی دیکە نەیتوانیوە ببێتە خاوەن قەوارە و کیانێکی نەتەوەیی.

ڕاستە کوردستان بە قۆناغێکی نالەباردا تێپەڕ دەبێت، نادادی و گەندەڵی و تاوانکاری زۆرن، دەسەڵاتێکی بێ دەربەست و خوێن و خەمسارد وڵات بەڕێوە دەبات، بێباکن لەبەردەم ئازار و مەینەتی و نەهامەتییەکانی میللەتەکەمان، بەڵام ئەوانە هیچیان پاساو نین بۆ ئەوەی تاکی کورد ماف بەخۆی بدات دژ بەو داخوازییە بێت کە دەیان هەزار ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە خۆیان لە پێناویدا بەختکرد.

ناکرێت ناکۆکی و ململانێکانی ناوخۆ، نەیاری و گرێی دەروونی بەیەکتری، وامان لێبکات لەدژی مافی ڕەوای میللەتەکەشمان بوەستینەوە. جێی داخ و نیگەرانییەکی گەورەیە ئێستا بەهۆی کێشەکانی نێوان حیزبەکانەوە، کەسانێکی دەروون نەخۆش زوڕنای دژایەتی دەوڵەتی کوردی دەژەنن. لەوەش ماڵوێرانتر بوونی هەندێ میدیایە کە بوونەتە مینبەری ئەو عەقڵیەتانە. چۆن میدیایەک خۆی بە نیشتمانی دەزانێت، چۆن میدیایەک ڕووی ئەوەی دەبێت باس لە بەرپرسیارێتی بکات کە دەرفەت بداتە کەسانێک لە شاشە و لە لاپەڕەکانییەوە دژی دەوڵەتی کوردی بن.

ناسنامەی میدیا بەرپرس و نیشتمانییەکانی کوردستانیش لێرەوە دەردەکەون کە لە ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردووی نێو پرۆسەی سیاسی کوردستان بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی، گیانی یەکتر قبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی جیاوازی گەیشتبووە ئەو ئاستەی هەندێک ناوەندی میدیایی، چەندین لیستی لەناوی نەیار و جیاوازییەکان تۆمار کردبوو وەک لیستی ڕەش لە دژی یەکتر بڵاویان دەکردەوە. ئەوکات تەنیا لەسەر بنەمای یار و نەیاری حیزبەکان بوو. ئێستا کەسانێک بە ئاشکرا دژی خواستی میللەت و دژی دەوڵەتی کوردستانن و ناخرێنە لیستی ڕەشەوە.

ئێستا وێڕای خراپیی ڕەوشی سیاسی و ئابووریی کوردستان، بەڵام هێشتا ئاسۆکان ڕوونن، مێژووی هەموو میللەتانی دونیا بەو جۆرەیە کە هەر قۆناغێک کۆمەڵێک لێکەوتە و کاریگەری دروست دەکات، مەرج نییە بە خواستی خەڵکەکەی بن، کوردستان بە قۆناغی ڕاگوزەردا تێدەپەڕێت، ئەو دۆخە خراپانەی هەن دەرهاویشتەی قۆناغەکەن، دوور نییە دەرفەتی لەبار بێتە پێش و کورد بتوانێ بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ ببێ، ئەگەرەکان کراوەن بۆ گەیشتن بە کەناری ئارامی و سەربەخۆیی کوردستان. ئێستا گفتوگۆکان گەرمن لەسەر پرسی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و تەنانەت لە ئاستی هەرێمایەتیش پشتیوانی دەکەن. هەق نییە میدیاکان بوار بدەنە کەسانێک کە هەڵگری ئەجێندا و ستراتیژی جیاوازن و خواستی ئەوان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان یەک ناگرێتەوە، هەق نییە ڕێگە بدرێ مینبەر و کەناڵەکان بەکاربهێنن بەپاساو و بیانووی خراپیی ڕەوشی کوردستان و ناتەبایی نێوان هێزەکان، گەنجانی کورد بۆ دژایەتی دەوڵەتی کوردی هانبدەن.

پێویستە ڕای گشتی لەدژی ئەوکەسانە بێتە دەنگ کە قەیرانەکانی هەرێم دەقۆزنەوە بۆ دژایەتی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی و دەوڵەتی کوردی لەبەرچاوی نەوەکانی ئایندە قێزەون دەکەن.



هیوا حاجی

# نان و دیمۆکراسی و دەوڵەت

نان و دیمۆکراسی و دەوڵەت سێ مەسەلەی پێکەوە گرێدراون و پێویستە پێکەوە بێنەدی. خۆشبەختیی تاکەکەسان و سەقامگیربوونی سیستەمی سیاسی بەندە بە ڕادەی پێکەوە بەدیهاتنی ئەو سێ شتە. نموونەی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی لە هەندێ باردا نان هەبووە بەڵام دیمۆکراسییەک لە ئارادا نەبووە. سەیری عێراقی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بکە، گەدەی مرۆڤەکان پڕ بوو، بەڵام بەکۆمەڵ قڕدەکران. یان لیبیای سەردەمی قەزافی، سەرەڕای فەراهەمبوونی ئاستێکی بەرچاوی گەشەی ئابووری، تەنانەت ئاستی هەرە نزمی دیمۆکراسی بەرقەرار نەبوو. خودی دیمۆکراسیش بەبێ بوونی دەوڵەت جێی گومانە. دەوڵەت مەرجی سەرەکییە، هەرچەندە تاکە مەرج نییە، بۆ مانەوە و بەردەوامیی دیمۆکراسی. هەر دوو توێژەر لیندز و ستێپان (1) هەر جۆرە دیمۆکراسییەک، بەبێ هەبوونی پێشوەختەی دەوڵەت ڕەت دەکەنەوە. بیرمەندی کوردیش، مەسعود محەممەد، لە پێناسەی کوردایەتیدا دەڵێت "(سەربەخۆیی) کە قەڵغانی سەلامەتی و بەزاندنی خەتەری تەفروتوونابوونە، بەر لە هەموو مەبەسێکەوە دێت، دواتر حیسابی کەرامەتی تاک و دادی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ دێت" (2). بەو شێوەیە بە ڕای ئەو دەوڵەت لەپێشدا دێت، ئەوجا دەکرێ بیر لە شتەکانی دیکە بکرێتەوە.

تێکڕای مشتومڕی سیاسی ئێستای کوردستانیش لەسەر پەیوەندیی نان و دیمۆکراسی و دەوڵەتە. ئاراستەیەکی سیاسی قورسایی خۆی خستووەتە سەر مەسەلەی دروستکردنی دەوڵەت و پێیوایە دیمۆکراسی و گەشەی ئابووری بابەتێکن کە دەکرێ دوای دروستبوونی دەوڵەت قسەیان لێبکرێ. لە بەرامبەریشدا، تێڕوانینێک هەیە کە جەخت دەکاتە سەر فەراهەمبوونی گەشەپێدانی ئابووری و دابینکردنی دیمۆکراسی بەر لە دامەزراندنی هەر دەوڵەتێک لە ئایندەدا. هەر دوو ئاراستەکە، ڕاستیی خۆیان تێدایە، بەڵام بە تەنیا ناتەواون. کوردستان ئەگەر باشترین سیستەمی دیمۆکراسیشی هەبێت و سەرکەوتووش بووبێت لە بەدیهێنانی گەشەی ئابووری، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێکی نەبێت بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی بەدیهاتوون، هەمیشە لەژێر مەترسیدا دەبێت. شەڕی داعش و قەیرانی ئێستای دارایی ڕوونترین بەڵگەن بۆ ئەو تێڕوانینە. ئێمە بینیمان کە چۆن لەمانگی ئابی 2014، لە شەو و ڕۆژێکدا، هەموو ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە مەترسی لەناوچوونی ڕاستەقینە نزیک بووەوە. بە هەمان شێوە، ئەگەر کوردستان خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بایە، دەرفەتی باشتری لەبەردەمدا دەبوو بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری. دیارە خوێندنەوەی ئەو هاوکێشەیە بە دیوەکەی دیکەشدا ڕاستە. دەوڵەتێک ئەگەر نەبێتە هۆی دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ دانیشتووانەکەی و ڕەخساندنی ئازادیی زیاتر بۆیان، دیسان لە بەڵایەک زیاتر نییە. بۆیە فەلسەفە ڕاستەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان هەنگاوبنێ بۆ پێکەوە دەستەبەرکردنی نان و دیمۆکراسی و دەوڵەت. لە واقیعدا، ڕەنگە بتوانین هەریەک لەوانە بە جیا بەدیبێنین، بەڵام بۆ سەقامگیریی درێژخایەنی قەوارەی کوردی ناکرێ بیر لە پێکەوە هاتنەدی ئەو شتانە نەکرێتەوە.

ئەوەی جێی نیگەرانییە، ئەو ڕاستییەیە کە هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی نان و دیمۆکراسیدا هەنگاو بۆ دواوە دەنێت و لە پەیوەندی لەگەڵ بنیاتنانی دەوڵەتیشدا، ڕێگایەکی زۆر ڕوونی لەبەردەمدا نییە. بەپێی ڕاپۆرتێک کە لەسەر دروستکردنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان نووسراوە (3)، ئاماژە بە چەند ڕاستییەکی مەترسیداری ئابووری دراوە. لە ساڵی 2013 هەرێمی کوردستان یەک ملیار دۆلار کورتهێنانی بودجەی هەبووە، لە 2014 بەهۆی بڕانی بودجەی هەرێم و شەڕی داعشەوە کورتهێنانی بودجە بۆ 6.5 ملیار بەرزبووەتەوە و هەمان ڕاپۆرت پێشبینی کردبوو کە ئەم کورتهێنانە لە 2015دا دەگاتە 12.5 ملیار دۆلار. هەر لە 2014دا، 70%ی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان کەمی کردووە و حکومەتیش نەیتوانیوە بۆ چەند مانگێک مووچەی فەرمانبەرانی (کە 1.2 ملیۆن کەسن) دابین بکات. لەڕووی دیمۆکراسیشەوە ڕەوشەکە بۆ هەمووان ڕوونە کە چۆنە. هەرچەندە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە 2005، مافی بە هەرێمی کوردستان داوە دەستووری تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام دوای نزیکەی 11 ساڵ، لایەنەکان نەک هەر نەیانتوانی لەسەر دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان ڕێکبکەون، بەڵکوو لە زۆر ڕووەوە، گەمەی سیاسییان بۆ قۆناغێکی دواتر گەڕاندەوە. ئێمە باسی سەربەخۆیی دەکەین کەچی تائێستا هەرێمی کوردستان کێشەی لەسەر شەرعیەتی سەرۆکەکەی، سەرۆکی پارلەمانەکەی و حکومەتەکەی هەیە. دەبووایە، ئەو مەسەلانە دەمێکە لە ڕێگای دەستوورەوە یەکلابووبانەوە.

بۆ مەسەلەی سەربەخۆییش دیسان ناڕوونی بەدی دەکرێت. لەو ماوەیەدا قسە لەسەر ڕیفراندۆم دەکرێ، بەڵام دیار نییە کە کێ ڕیفراندۆم دەکا؟ لە کوێ دەکرێ؟ ڕۆڵی حکومەتی عێراقی چۆن دەبێ؟ مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لەسەر ئەو بابەتە چۆنە و بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئەمانە هەموویان پرسیارن و وەڵامەکانیان بۆ ئێمەمانان زۆر دیار نین.

لە کوردەواریدا گوتراوە کە "خوا هەموو نیعمەتەکان پێکەوە نادات"، بەو واتایەی زۆر زەحمەتە لە یەک کاتدا، هەموو شتە باشەکانت پێکەوە هەبێت. بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی ڕەسمیی هەرێم بە فەلسەفە و تێگەیشتنێکی دیار و چەسپاوەوە کار لەسەر باشکردنی ڕەوشی ئابووری، فەراهەمکردن و سەقامگیرکردنی سیستەمی دیمۆکراسی و لەگەڵیشیدا بەدیهاتنی سەربەخۆیی سیاسی بکاتەوە. ئەگەر تۆزێک سەرت بەرز بکەیەوە، نموونەی زۆر دەبینی لەو وڵاتانەی کە نیعمەتەکانیان پێکەوە دەستەبەر کردوون.

(1)- Linz، J. L. & Stepan، A.، 1996. Toward Consolidated Democracies. Journal of Democracy، 7 (2)، pp. 14-33.

(2) – هەڵۆ بەرزنجی، 2013. ژیان و جیهانبینی مەسعود محەممەد. هەولێر: چاپخانەی ئاراس، لا. 54.

(3)- Soderberg، N and Phillips، D. 2015. State Building in Iraqi Kurdistan. Columbia University: Institute for the Study of Human Rights. P. 9.



کامەران محەممەد عەزیز

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە 2016دا

دەمێکە هیچ بەشێکی جیهان هێندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی خوێنڕشتن نەبووە، جا هۆکارەکەی ململانێی شیعە و سوننە، ململانێی شاهێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان، توندڕۆیی ئیسلامی، دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی، دیکتاتۆریەت یان هەر شتێکی دیکە بێت. مەترسیی گەورە لە 2016 و ساڵەکانی دواتردا بریتی دەبێت لەوەی کە لەسەر سیستەمی دەوڵەت (state system) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بووە، لەسەر ئەو سیستەمەی کە دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەڕێگەیەوە هاتوونەتە دونیاوە، ئەو سیستەمەی سنوور و دەسەڵاتەکانی تێدا داڕێژراوە، حاڵی حازر لەبەردەم مەترسییەکی جددی و هەڕەشەی هێزە ناتەقلیدییەکاندایە، هەمیشەش مەترسی لەسەر سیستەم لە هەر شوێنێکدا بێت، مەترسییەکی وجودی و چارەنووسساز دەبێت. ڕەگوڕیشەی سیستەمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ کە تێیدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو سیستەمێک لە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەلایەن هێزە ئیمپریالییەکانی جیهانەوە پتر لەسەر بنەما و لێکدانەوە جیۆپۆلەتیکییەکان دامەزرا، لەوساوە تاکە فۆرمی شەرعیی حوکمڕانی بریتی بووە لە دەوڵەت و جەوهەری ئەو سیستەمەش بریتی بووە لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لەنێوان پێشبڕکێ جیۆپۆلەتیکییەکان.

ئایا هەرگیز ئەو سیستەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەباشی کاری کردووە یان نا؟ گونجاو بووە یان نا؟ لێرەدا ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئەوەی جێی مەترسییە ئەوەیە کە ئەو سیستەمە لەبەردەم هەڕەشەی گۆڕاندایە. داعش و هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ئێران گەورەترین هەڕەشەیان لەسەر سیستەمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە. ئایا داعش و هاوشێوەکانی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئێران چ جێگرەوەیەکیان بۆ سیستەمی دەوڵەت هەیە؟

## داعش

داعش و شێوازی کارکردنی و پەیامە سیاسییەکەی، هەروەها ئەو پاڵنەر و ژینگەیەی کە داعشی هێنایە دونیا، یەکێکن لەو هەڕەشانەی کە سیستەمی ناوچەکەیان هێناوەتە هەژان. لەڕاستیدا کارێکی یارمەتیدەر نابێت تێگەیشتن لە داعش تەنیا لە چوارچێوەی کارە نابەجێکان و کوشتارەکانی ئەو هێزەدا کورت بکرێتەوە، یان وەکو هاوکار و هاوڕێ و کۆپی پەیستی قاعیدە بناسرێت، بەڵکو یەکێک لە خەسڵەتە جەوهەرییەکانی داعش وەکو هێزێک بریتییە لە ڕەتکردنەوەی سیستەمی دەوڵەت لە ڕێگای شکاندنی سنوورەکان و دواتر بانگەشەکردنی ئایدیا و سیستەمی خەلافەت. خەلافەتیش بەر لە هەموو شتێک بریتی بووە لە سیستەمێکی سیاسی لە ناوچەکەدا. داعش بەتەنیا ناتوانێت ئەو سیستەمە بگۆڕێت ئەگەر ژینگەیەکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەبار بۆ ئەو مەبەستە نەیەتە کایەوە، ئەوەی ئەو کارەی داعشی نزیکتر لە دوا دێستینەیشنی خۆی کردووەتەوە، بریتییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەبواری شکاندنی ئەو سیستەمە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم ڕۆژی بەرپابوونی "شۆڕشی ئیسلامی".

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران

لەپاڵ هەڕەشەی داعش لەسەر سیستەم، سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە دروستکردنی میلیشیا و گرووپی چەکداری نانیزامی بۆ ئەنجامدانی جەنگی بەوەکالەت لە سووریا، عێراق، لوبنان، یەمەن و بەحرەین کە مێژوویەکی سی ساڵەیی هەیە، بووەتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەک تێیدا سیستەمی دەوڵەت و حکومەتە مەرکەزییەکانی ڕووبەڕووی ناسەقامگیرییەکی زۆر کردووەتەوە، جگە لەمەش بووەتە ڕێگر لەبەردەم هاوپەیمانێتی و پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان. بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆی گرتنەبەری هەمان سیاسەت لەلایەن نەیارەکانیەوە، ئاکامەکەشی لاوازکردنی سیستەم دەبێت لە ناوچەکەدا. هەڕەشەکانی ئێران و داعش بەیەکەوە لە 2016 دا ئەگەری ئەوەیان هەیە ببنە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ناکارا و شکستخواردووی زیاتر کە چیتر توانای کۆنترۆڵکردنی ململانێ و توندوتیژییان لە ناوخۆی وڵاتەکانیاندا نەبێت. مەترسییەکە لەوەدایە، تاچەند سیستەمی دەوڵەت لەبەردەم هەڕەشەدا بێت، ئەوەندە ئەگەری بەرشکستبوون و لاوازبوونی حکومەتەکانی لێ دەکەوێتەوە، لاوازبوونی حکومەتەکانیش، ئەگەری سەرهەڵدانی گرووپی توندڕەوی زیاتر دەکات و ئەگەری کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی گۆڕانکارییەکان لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە زیاتر دەبێت.

## کورد چی بکات؟

ڕاستە خەباتی کورد بە درێژایی سەدەیەک بریتی بووە لە وەستانەوە بەرامبەر سنوورەکانی سایکس-بیکۆ، بەڵام خەباتی کورد بۆ تێکدانی سیستەمی دەوڵەت لە ناوچەکەدا نەبووە، بەڵکو بۆ جێکردنەوەی خودی خۆی بووە لەنێو ئەو سیستەمەدا. گۆڕانکاری لە سیستەمی هەر ناوچەیەک هیچ کاتێک ئاسان و خێرا نابێت، بەڵام بەردەوامبوونی هەڕەشەکانی ئێران و داعش و گرتنەبەری هەمان سیاسەت لەلایەن هێزی دیکەوە، دەبنە هۆی لاوازکردن و ناواقیعیکردنی سیستەمی دەوڵەت. بۆیە یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی کورد لە 2016دا دەبێت تێگەیشتن بێت لە مەیل و دیدگا جیاوازەکان لەسەر سیستەمی دەوڵەت و پرسی سەربەخۆیی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و ئێران و سعودیە وابەستەی ئایندەی سیستەم دەبێت، بۆیە دەبێت "سیاسەتی کورد" وەکو هەڕەشە لەسەر سیستەم دیزاین نەکرێت، تەنیا بۆ جێکردنەوەی خۆی بێت.

## ئەمریکا چی دەکات؟

تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو سیناریۆیانەی پێشووتر ڕاست دەربچن، بێ گۆڕانکاریی جیهانی، زۆر بە زەحمەت گۆڕانکاری لە بەشێکی جیهاندا ڕوودەدات، بۆیە ئەمریکا چی دەکات و چی دەوێت یەکلاکەرەوەیە. ئەوەی ئەمریکا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کردوویەتی ڕاگرتنی سیستەمی دەوڵەت بووە لەڕێی پاراستنی دەوڵەتە هاوپەیمانە مێژووییەکانی وەکو میسر، سعودیە، تورکیا، ئوردن و وڵاتانی کەنداو. لەپاڵ ئەمەشدا نەیهێشتووە ئێران بە شێوەیەک لاواز ببێت بکەوێتە ژێر هەڕەشەی ئەو هێزانەوە، هەروەها نەشیویستووە هێندە بەهێز ببێت کە ببێتە هەڕەشە لەسەر ئەو دەوڵەتانە، بەڵام پاراستنی ئەو هاوسەنگییە لە جەنگی سووریادا ڕووبەڕووی هەڕەشە و کێشەی دووسەرە بووەتەوە. پێناچێت لە 2016دا ئەمریکا جێگرەوەی دیکەی هەبێت، باشیش تێگەیشتووە لەوەی هەڕەشەی جددی لەسەر سیستەمی دەوڵەت وادەکات سەقامگیری و هاوسەنگی تێکبچێت، بەڵام پاراستنی سیستەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو ئامانج و ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکا دەمێنێتەوە، ستراتیژیەتی ئەمریکاش بۆ بەدواداچوونی ئەو سیاسەتە، پاراستنی هێزە تەقلیدییەکانی ناوچەکە دەبێت. لەبەرئەوە 2016 ئەگەرچی ساڵێکی ئاڵۆز و ناڕۆشن دەردەکەوێت، پێناچێ زۆر جیاواز بێت لە 2015.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# مەلا بێخەبەرە!

**1**

شـادەماری ڕێککەوتـن و بەردەوامبوونی لە نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (باڵی دەستڕۆیشتوو) و پارتی دیموکراتی کوردستان، نە ستراتیژە و نە پرۆژەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییە، بگرە ڕێککەوتنە لەسەر نەوت و ئابووری. بە حوکمی ئەوەی بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە زۆنی سەوزن و لەژێر کۆنترۆڵی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتیدان (بە تایبەت کە لە ماوەی رابردوو کەرکووکیشی هاتووەتە سەر)، پارتی ناچارە وەک شەریکێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. هەر ئەوەش بوو وایکرد کە سەرباری ئەوەی یەکێتی تەنیا 18 کورسی لە پەرلەمان هەبوو، وەک هاوپەیمان بمێنێتەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان سەرباری ئەوەی کە حیزبی دووەمی هەڵبژاردنەکانە و سەرخانەکەی بەدەستە، بەڵام کۆنترۆڵی ژێرخانی ناوچەی نفوزی یەکێتی لە ڕووی سەروەت و سەرمایەوە، لەدەستی باڵی دەستڕۆیشتوودایە.

دوو بڕیاری جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کۆسرەت ڕەسوڵ، یەکیان پەیوەست بە دیاریکردنی مەحموود سەنگاوی وەک سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی گەرمیان و ئەوەی دیکەش پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک، قۆناغێکی نوێ لە ململانێکان دێنێتە ئاراوە و تەنانەت گۆڕانکاریی گەورەشیان بەدوادا دێت.

هەردوو بڕیارەکە بە شێوەیەکە کە ڕووی لە پارتی و لە باڵی دەستڕۆیشتووە. ڕووی لە پارتییە چونکە هەردوو جێگرەکە خۆیان پێ میراتگری ڕاستەقینەی تاڵەبانییە و پێیانوایە دەبێ پارتی هاوکارییان بکات لەوەی کە بتوانن ئەو ئۆتۆریتەیە لەناو یەکێتیدا جێگیر بکەن، بەڵام پارتی لە سۆنگەی نەوتەوە مامەڵە لەگەڵ باڵی دەستڕۆیشتوو دەکات و پێیوایە ئەوان هیچیان بەدەستەوە نییە (ئەوان لەو هەڵوێستەی پارتی تووڕەن و تا ڕاددەیەکیش دەیانەوێ تۆڵەی لێ بکەنەوە)! ڕووی لە باڵی دەستڕۆیشتووشە کە دەیەوێ پێیان بڵێ، وەک چۆن فەرماندە سەربازییەکانی پێشمەرگەی یەکێتی وەلائیان بۆ باڵی دەستڕۆیشتوو نەماوە، ئاوهاش ناوچەیەکی جوگرافیی بەرفراوان و زەنگین بە نەوت و سەرچاوەی مرۆیی، لە ئەگەری هەر جیابوونەوەیەکدا، لە باڵی دەستڕۆیشتوو جودا دەبنەوە و بە دیوێکی دیکەشدا کارتی نەوت لەژێر دەستی باڵی دەستڕۆیشتوو دەردێنن.

هەر بۆیەشە دوابەدوای ئەو بڕیارانە، بەپەلە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی بێ بەشداریی جێگرەکان و بەسەرپەرشتی باڵی دەستڕۆیشتوو کۆبووەوە! لە کۆبوونەوەکەشدا مەلا بەختیار ڕایگەیاند کە جگە لە گفتوگۆ ڕەسمییەکان، ئاگاداری هیچ شتێکی دیکە نین سەبارەت بە نەوت!

ئەم حەملەیەی کۆسرەت ڕەسوڵ، پارتی و یەکێتی غافڵگیر کردووە. ئەگەر ئاوا بچێتە پێشەوە، باڵی دەستڕۆیشتوو بۆ پارسەنگی هێز جارێکی دیکە لە دەرگای پارتی دەدەنەوە، بەڵام پارتی چیدی ناتوانێ، هێز و سەنگی باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی نادیدە بگرێت و دەبێ لە دەرەوەی بەرژەوەندیی نەوتی، مامەڵە لەگەڵ یەکێتیدا بکات.

# گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا

**2**

گرەوێکی زۆری لایەنگر و هەوادارانی بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێک خەڵکی دیکەش، لەسەر گەڕانەوەی کەسی یەکەمی بزووتنەوەکەیە کە لە مانگی ئەیلولەوە بۆ چارەسەری لە دەرەوەی وڵاتە و پێیانوایە لەگەڵ هاتنەوەی ئەو، شتێک ڕوودەدات.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بێدەنگیی ڕێکخەری گشتی لەو قەیرانەی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردووەوە سەری هەڵداوە، تەنیا پەیوەست نەبووە بە نەخۆشی و چوونە دەرەوەوە، بگرە لە مانگی حوزەیرانەوە خەڵکی کوردستان، تەنیا دوو وشەیان لە نەوشیروان مستەفا بیست، کاتێک پرسیاری لێکرا کە هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر قەیرانەکە چی دەبێ؟ بە زەردەخەنەوە گوتی: "دوایی دەیبیستن!"، بەڵام کەس نەیبیست!

بە درێژایی ئەو ماوەیەش کە ئەو لە کوردستان بوو، خەڵکێکی زۆر سەردانی ڕێکخەری گشتییان دەکرد و داوایان لێدەکرد کە لەو زرووفەدا، دەکرێت بە کەمێک سەودای سیاسی وا بکرێت بارودۆخەکە لێک نەترازێت. ئەڵبەتە هەموو ئەو خەڵکانە شاهیدیی ئەوە دەدەن کە نەوشیروان مستەفا لەگەڵ چارەسەرکردندا بووە، بەڵام هەمان ئەو شتە ڕووی دا کە نەدەبووایە ڕووبدات. ئێستا کە بیرۆکەی هەرێمی سلێمانی فەشەلی هێناوە (بە تایبەتیش دوای ئەوەی بەشێکی یەکێتی هەڕەشەیان کرد کە لە حاڵەتێکی ئاوادا گەرمیان و کەرکووک نابنە بەشێک لەو هەرێمە)، هێشتا دەرگای ڕێککەوتن لەسەر بنەمایەکی نوێ لەگەڵ پارتیدا هەیە و بۆ سیاسییەکی بە ئەزموونی وەک نەوشیروان مستەفا ئەستەم نییە بتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ و بارزانییش وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەبێ سینگفراوانەتر مامەڵە بکات. دڵۆپە خوێنێکیش نەڕژاوە تا کەس ناچار بێت بەسەریدا تێپەڕێت و کردنەوەی گرێکوێرەکان ئاسانە.

# ڕۆژی نیشتمانیی حەشدی شیعی

**3**

بەیاننامەکەی کۆمەڵی ئیسلامی و پشووەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژی شەشی کانوون (یادی دامەزراندنی سوپای وڵاتی بەناو عێراق) لەکاتێکدان کە شتێک بەناوی سوپا نەماوە و گۆڕاوە بۆ حەشدی شیعی و میلیشیاکانی!

پشووەکەی حکومەت لەسەر بنەمای بڕیاری پەرلەمانە و ڕێگەی تێدەچێت، بەڵام سەیر ئەوەیە کۆمەڵی ئیسلامی ئەو بۆنەیەی کردە دەرفەت بۆ لێدانی پێشمەرگە و تەنانەت ناوبردنی بە "میلیشیا".

هێزی پێشمەرگە، سەرباری ئەوەی کە ئەمڕۆ گەورەترین هێزی شەڕکەری داعشبەزێنە لە هەموو دنیا، لە مەسەلەی قەیرانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا سەلماندی کە نە داردەستی حیزبە و نە ڕۆژێکیش لە بەرگریکردن لە کوردستان سڵ دەکەنەوە. بانگەوازی فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە لە مانگی حوزەیراندا بۆ حیزبە سیاسییەکان ئەو خەونە نەزۆکەی ژێرگڵ کرد کە جارێکی دیکە براکوژی و دوو ئیدارەیی لە کوردستان ڕووبداتەوە. هەر ئەوەش بوو کە بەرەی ئێرانی تووشی شۆک کرد. قەت هێندەی ئەمڕۆ پێشمەرگەی کوردستان لە ململانێ سیاسییەکاندا بێلایەن نەبووە تا بەو شێوەیە تۆمەتبار بکرێت و بەسەرکەوتنەکانی (نەنازین)!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# هێلکەی کوردی بۆ سەبەتەی مام سام

بەرەو بەهار دەچین و دیسان باسی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان گەرمبووەتەوە. نوێترین شت لێدوانەکەی بەڕێز مەلا بەختیارە کە لە دیبەیتێکی ڕاستەوخۆدا لە ڕووداو بۆ ڕەنجی ئاشکرا کرد و گوتی جارێ پارتی و یەکێتی لەسەر شێوازی ڕیفراندۆمیش ڕێکنەکەوتوون نەک ڕاگەیاندنی دەوڵەت. پرسیاری یەکێک لە ئامادەبووان لە دیبەیتەکەدا سەرنجڕاکێش بوو کە گوتی: "ئەی ئەگەر پارتی ڕایگەیاند؟" وەڵامەکەی کاک مەلا بەختیاریش لەو سەرنجڕاکێشتر بوو کە گوتی: "دەوڵەت بە 38 کورسی ڕاناگەیەندرێت".

لە گوتاری سەرکردە باڵاکان و جەماوەری پارتیدا هەمیشە ئەوە دەخوێندرێتەوە کە ئەو قەیرانانەی لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبن، ژانی بەر لە جاڕدانی دەوڵەتن. بەپێچەوانەی ئەو گوتارەوە، لەم ڕۆژانەدا لە سلێمانی، کە پایتەختی شانشینییەکەی شێخ مەحموود و شاری دەستگرتن بە کوردایەتی و ڕەتکردنەوەی عێراقچێتی بووە، گوتاری ئومێدەواربوون بە ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە ئایندەیەکی نزیکدا بە دەنگی زوڵاڵ نابیسترێ. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە هەم ئومێدەواربوونە لە ڕادەبەدەرەکەی پارتییەکان و هەم ئومێدەوارنەبوونی یەکێتییەکان و گۆڕانەکان لە سلێمانی بە ڕاگەیاندنی دەوڵەت، هیچیان لەجێی خۆیاندا نین. هۆیەکەشی لە قسەکەی کاک مەلا بەختیاردا وەڵامی وەرگرتووە: مادام هێشتا لەسەر ڕیفراندۆمیش ڕێککەوتن نەکرابێت، چۆن دەکرێ ئومێدەواری یان نائومێدی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دروستببێت؟ شتێک بەجدی نەهاتبێتە سەر مێزی گفتوگۆ، ناکرێ پێی ئومێدەوار یان نائومێد بیت.

ئەگەر دابەزینی دراماتیکیی نرخی نەوتی لێدەرکەین، هەموو گۆڕانکارییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیش بە قازانجی زووتر وەدیهاتنی خەونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانن. بەڵام لە نێوخۆدا هێشتا بۆی ئامادە نین. خەڵکی تیموور و کۆسۆڤۆ و باشووری سوودان بەم دواییە تامی سەربەخۆییان چەشت، بەڵام هەرسێ دەوڵەتی تازە ڕاگەیەندراو وەکو دەوڵەتی شکستخواردوو (فێیڵد ستەیتس) ناویان دەهێنرێت. باشووری کوردستان بەو ڕەوشە نێوخۆییەوە کە ئێستا هەیەتی، زۆرتر ئەو پەندەمان بیردەهێنێتەوە کە دەڵێت: "منداڵی بە دەرمانان ناگاتە چ سەربانان".

شەڕی داعش و قەیرانی دارایی تاقیکردنەوەی گرنگن بۆ تێگەیشتن لەوەی کوردستان دەتوانێ ئەگەر بووە دەوڵەت لەسەر پێی خۆی بوەستێت یان وەکو سۆماڵ و ئەفغانستان و زۆر شوێنی دیکەی جیهانی لێدێت و سەروەریی خاک و هەبوونی ئاڵا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانن گەرەنتیی ئەوەی بۆ دروستبکەن کە چیدی خەڵکەکەی جینۆساید نەکرێت و بە سەری بڵندەوە بتوانێت بژیت. لەوانەش گرنگتر ئەوەیە لەم ماوەیەدا هۆشمان بێتەوە بەر و بزانین لەجیاتی ئەوەی بۆ گەرەنتیی پاراستنی وڵات و گەلەکەمان لە دەرگای ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بدەین، دەبێ یەکەمجار لە دەرگای ئەو دەوڵەتانە بدەین کە لە ناوچەکەدا لەگەڵیان دەژین و تەنیا ئەوان دەتوانن ئارامی یان نائارامی لە کوردستاندا دروستبکەن. چونکە ئەمجارە، بەپێچەوانەی ساڵانی حەفتاوە، نابێ بهێڵین هێلکەکانمان لە سەبەتەکەی مام سامدا مار بیانخوات.



عادل باخەوان

# چی لە ئیسلامییەکانی کوردستان بکەین؟

هێندەی من ئاگادار بم، بەلای کەمەوە لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، نوخبە جیاوازەکانی کوردستان، بەتایبەتی نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری، ئەم پرسیارەیان چەندبارە کردووەتەوە و بە چەندین شێوەی جیاوازیش وەڵامیان داوەتەوە. دووبارەبوونەوەی ئەم پرسیارە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان، ئامادەییان لەنێو چەندین ڕووبەری جیاوازدا هەیە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دادەنێن. لای هەندێک ئەم بزووتنەوانە وەک فریادڕەس و لای هەندێکی دیکە وەک "لێڤیەتان" وێنا دەکرێن. (لە ئەفسانە تەوراتییەکاندا، لێڤیەتان ئەو حەیوانە وەحشیە دەریاییەیە کە هەموو شتێک قووت دەدات). لەم بابەتە کورتەدا هەوڵ دەدەم چوارچێوەیەکی "مەفهومی/ کۆنسێپتیول"، بۆ ئەو پرسە بخەمەڕوو.

## ئیسلامیزم چییە؟

لە سادەترین پێناسەیدا، ئیسلامیزم بریتییە لە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت کە لەسەر مۆبیلیزەکردنی ئیسلام بۆ شەرعیەتدان بە پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بیناکراوە و بەردەوامیش بینادەکرێتەوە. واتە ئەم بیناکردنە لە ساڵی 1928 (دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر) یان لە ساڵی 1966دا (لەسێدارەدانی سەید قوتب) وەک بوونیەیەکی یەکجارەکی بینا نەکراوە و لەنێو زەمەن و جوگرافیا جیاوازەکاندا چەقی نەبەستووە. بەپێچەوانەوە، پەیوەندیی نێوان ئیسلامیزمی ئایدیۆلۆژیا و ئیسلامی ئاین پرۆسێسێکە کە بەردەوام لەبیناکردنەوەدایە و بەپێی گۆڕینی دۆخ و هەلومەرج و زەمەن و جوگرافیاکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. هەر ئەمەش وادەکات کە نەهزەی تونس و ئیخوانی میسر، بەقەدەر لێکچوونەکانیان لەیەکتریش جیاواز بن.

## ئیسلامییەکانی کوردستان کێن؟

لە خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییەکاندا، هەوڵێکی چڕ بۆ پێناسەکردنی ئیسلامییەکانی کوردستان وەک "نامۆ" بە کۆمەڵگای کوردی، "دوژمنی ناوخۆ"، "تابووری پێنجەم"، بەدرێژایی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوو لەئارادایە. لەبەرامبەر ئەم پێناسەیەدا، هەوڵێکی دیکەی ئایدیۆلۆژی پێچەوانەی توندتر لەئارادایە و پێمان دەڵێت: ئیسلامییەکانی کوردستان شەرعیترین گوزارشتن لە خەون و بەرژەوەندی و خواست و گرەوەکانی کۆمەڵگای کوردی، چونکە کۆمەڵگایەکی موسوڵمانە و ئیسلامییەکانیش بەتەنیا نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئیسلام دەکەن.

من پێموایە ئەم دوو خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییە، خۆیان لەخۆیاندا یەکێک لەو گرفتە ئیپستیمۆلۆژیانە پێکدەهێنن کە ڕێگامان لێدەگرن بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان وەک ئەوەی کە هەن ببینین، بۆیە من هەردوو هەوڵەکە دەخەمە نێوان دوو کەوانەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی ئیسلامییەکانی کوردستان دەکەم.

وەک ئەندامانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان، ئەندامانی بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش منداڵانی هەمان ئەو کۆمەڵگا کوردستانیەن کە نوقمی چەندین قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە و دروست وەک بزووتنەوەکانی چەپ و ناسیۆنالیزمی کوردی، بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستانیش، لەنێو هەمان ئەو قەیرانە گەورانەدا دروستبوون و هاتوونەتە دەرەوە.

وەک چۆن ئەندامانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان لە سوێد و نەرویج و ئەڵمانیاوە نەهاتوون، ئاوا ئەندامانی یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوەش لە ئەفغانستان و سۆماڵ و عەرەبی سعودییەوە نەهاتوون. لەهەمانکاتدا، وەک چۆن بزووتنەوەکانی ناسیۆنالیزم و چەپ، بۆ شەرعیەتدان بە پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان، دین و چەندین سەرچاوەی جیاواز، هەر لە کارڵ مارکسەوە تا دەگاتە ئەلێکسی دوو تۆکڤیل، مۆبیلیزە دەکەن، ئاواش بزووتنەوەکانی ئیسلامیزم دین و ئیسلامی ئاین بۆ هەمان پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی مۆبیلیزە دەکەن. واتە هەموویان لەنێو یەک پرۆسێسدان، بەڵام بە ئاراستەی جیاواز!

لەم ڕوانینەدا، چیدی جێگایەک بۆ کوردی پاک و کوردی ناپاک، کوردی خاوێن و کوردی پیس، کوردی شەرعی و کوردی ناشەرعی نامێنێتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا ئامادەیی چەند ئەکتەرێکی سیاسیی جیاوازە بە پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە و هیچی دیکە.

## هاوڕێیەتی یان پەراوێزخستن؟

ئێمە گەر لەسەر هەر شتێک هاوبۆچوون نەبین، لەسەر ئەوە یەکدەنگین کە بوونیەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستانی لەنێو زەبروزەنگدا بیناکراوە و تەواوی ئەکتەرە سیاسییە کوردستانییەکان، هەر لە پارتییەوە تا دەگاتە یەکێتی و گۆڕان و بە ئیسلامییەکانیشەوە، منداڵی شەرعیی ئەم مێژووەن و خەیاڵدانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان لیوانلێوە لەم مێژووە. لێرەوە، سیستمی ئامادەباشییان هەمیشە لەسەر پێیە بۆ پەڕینەوە بەرەو زەبروزەنگ و تەنانەت زەبروزەنگی ڕادیکاڵیش.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، چەند پارتی و یەکێتی و گۆڕان، چەند نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری و تەنانەت ئابووریش، هاوڕێیەتی بزووتنەوە ئیسلامییەکان بکەن بۆ تێکەڵکردنیان بە بەرژەوەندی و ستراتیژ و خەون و خواست و گرەوە نیشتمانییەکان، هێندەش تارمایی گریمانەی پەڕینەوەیان بەرەو زەبروزەنگی "ئیسلامیزەکراو" لە کۆمەڵگای کوردستانی دووردەخەنەوە.

هەر ستراتیژیەتێکی پێچەوانە، بەتایبەتی ستراتیژیەتی سەرکوتکردن و کەبتکردنیان، گریمانەی تەقینەوە و پەڕینەوە بەرەو زەبروزەنگ بەهێز دەکات و لەکۆتاییشدا ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پرسی پێکەوەژیان بە جیاوازییەکانمانەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی توندەوە.

بۆ باشتر تێگەیشتن لەم بۆچوونە، دەکرێت لە بابەتێکی دیکەدا ئێمە باس لە هەردوو ئەزموونی نەهزە لە تونس و داعش لە عێراق بکەین: چۆن یەکەمیان کار بۆ کۆمەڵگای لێبووردەیی دەکات و دووەمیشیان شێتانە پەلاماری دنیا دەدات.



بەختیار کەریم

# کوردستان و جەنگی درێژ

ساڵی 2004 بۆ یەکەم جار جێنراڵی ئەمریکی (جۆن ئەبیزەید) چەمکی "جەنگی درێژ"ی بەکارهێنا و دواتر بووە بەشێک لە ئەدەبیاتی سەربازی و ئاسایش لە ئەمریکا. جەنگی درێژ، ئاماژەیە بۆ ئەو جەنگەی لە سەدەی بیست و یەکدا ڕووبەڕووی ئەمریکا بووەتەوە. بەپێچەوانەی جەنگی نەریتییەوە، جەنگی درێژ لەیەک کاتدا، لە چەندین گۆڕەپان، بەرامبەر چەندین دوژمن و بە چەندین میتۆد و شێواز بەرپایە. جەنگی درێژ، شوێنکاتی نادیارە، لەبەرئەوە چاوەڕوان دەکرێت تا ئایندەیەکی دوور، ئەمریکا سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی بێت لە جەنگی درێژدا.

بەپێی توێژینەوەیەکی دامەزراوەی ڕاند (Rand Corporation)ی ئەمریکی، هەڕەشەی جەنگی درێژ بۆ سەر ئەمریکا سێ ڕەهەندی پێکەوەبەستراوی هەیە: یەکەم ڕەهەندی ئایدیۆلۆجیی نەیارەکان، دووەم بەکارهێنانی تیرۆریزم و سێیەم، ڕەهەندی حوکمڕانی. لەم جەنگەدا ئەمریکا پێویستی بە بەکارهێنانی بەستەیەک لە ڕێکاری یاسایی، سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و سەربازیی دیاریکراو هەیە بۆ بردنەوەی جەنگەکە، یان سنووردارکردنی هەڕەشەکانی.

ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر هەر یەکێک لەم ڕەهەندانە ڕوون نییە، زیاتر لەسەر بنەمای سیناریۆ و گریمانەی جیاواز دانراون. بۆ هەر گریمانەیەک، ڕێکاری جیاواز پێشنیارکراون. هۆکارێکی ناڕوونی ستراتیژیی ئەمریکا لە جەنگی درێژدا، ئەوەیە کە ئەم جەنگە فرەڕەهەند، فرەئەکتەر و نانەریتییە و ژمارەی گۆڕاوەکان زیاترن لە نەگۆڕەکان. لە جەنگی درێژدا، هیچ شتێک ڕوون نییە تەنیا درێژیی جەنگەکە نەبێت. لێرەوە ناکرێت ئەمریکا خۆی بە ستراتیژێکی جێگیرەوە پابەند بکات و لەکاتی ڕووداوی لەناکاودا نەتوانێت کاردانەوەی پێویستی هەبێت.

یەکێک لەو هەڵانەی شرۆڤەکارانی ئێمە بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە، ئەوەیە کە ئەمریکا ستراتیژی درێژخایەنی هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوەی و هاوپەیمانەکانی هەمیشەیین! لەڕاستیدا نموونەی زۆر هەیە کە ئەمریکا، لەناکاو ستراتیژی خۆی هەموارکردووەتەوە و پشتی کردووەتە لایەنێک لەسەر حسابی لایەنێکی دیکە. باشترین نموونە، هێورکردنەوەی گرژییەکانە لەگەڵ ئێراندا کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا، هاوپەیمانی ڕەهای بەرەی سوننە نییە، بەڵکو زیاتر هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی دەدات لەنێوان شیعە و سوننەدا. هۆکارەکەش ئەوەیە کە لە جەنگی درێژدا، سوننە مەترسییەکی ئایدیۆلۆجیی گەورەترە لەسەر ئەمریکا، چونکە ئایدیۆلۆجیای تیرۆری گەردوونی، سەرچاوەکەی سەلەفیەتە. ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەمریکا بخوازێت هەموو دەوڵەتە سوننەکان لەیەک چوارچێوەدا دابنێت، بەڵام ئەگەری باڵادەستبوونی گرووپی وەک داعش لەهەر یەکێک لەو دەوڵەتانە، ئەگەرێکی کراوەیە. لەم ناوکۆییەدا سێ ڕەهەندەکەی جەنگی درێژ: ئایدیۆلۆجی، تیرۆر و حوکمڕانی، پێکەوەبەستراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

ڕەهەندی پێکدادانی ئایدیۆلۆجی کە زیاتر ڕەهەندێکی ئایینیی هەیە، بە سروشتی خۆی ئاراستەکانی ڕوون نییە: پێکدادانی سوننە-سوننە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟ پێکدادانی ئایدیۆلۆجیی سوننە-شیعە ئاکام و دەرهاویشتەکانی چی دەبن؟ لەم ڕووەوە کوردستان بەشدارە لە جەنگی دژەتیرۆردا، کە ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆجیی ڕوونی هەیە. بەڵام مەترسی گەورە خودی جەنگە فیزیکییەکە نییە، بەڵکو جەنگە ئایدیۆلۆجییەکەیە. کورد ئەو کاتە ئەم جەنگە دەدۆڕێنێ کە ببێتە لایەنێکی دابەشبوونە ئایدیۆلۆجییەکان، واتا جەنگەکە لە جەنگی نەتەوەیەکەوە بۆ مانەوە و سەربەخۆیی، بگۆڕێت بۆ جەنگێکی ئایینی کە کورد لە یەکێک لە بەرەکاندا بێت.

ڕەهەندی حوکمڕانی گرنگییەکەی لە ڕەهەندە ئایدیۆلۆجییەکەی کەمتر نییە و پێکەوە گرێدراون. هەموو ئەو وڵاتانەی بەشێوەیەک لەشێوەکان چوونەتە بەرەیەک لە بەرەکانی جەنگی ئایدیۆلۆجیی ئیسلامییەوە، سیستەمی حوکمڕانییان تووشی قەیرانی ناوخۆیی بووە و هەمیشە لەبەردەم ئەگەری گۆڕاندان بەرەو دەوڵەتی ئیسلامیی توندڕەوی شکستخواردوو، یان فۆرمێک لە ستەمکاری کە دواجار دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئەمریکا. لەبەرئەوە ئەمریکا نیشانەی پرسیاری هەمیشەیی لەسەر ئەم دەوڵەتانە داناوە و وەک بەشێک لە کێشەکە سەیریان دەکات، نەک بەشێک لە چارەسەر. لەم ناوکۆییەدایە کە پەیوەندی ستراتیژیی ئەمریکا لەگەڵ سعودیە، ئاراستەیەکی پێشبینی نەکراوی وەرگرت. ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئەمریکا و ئێران، شۆکێکی گەورە بوو بۆ سعودیە (هەروەها ئیسرائیل). سعودیە ئێستا هەست بەوە دەکات کە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ ئەمریکا درێژخایەن و بێمەرج نییە، لەبەرئەوە سەرەتاکانی گۆڕانکاری ناوخۆیی و دەرەکی لە سیاسەتی سعودیەدا بەدیدەکرێت.

ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، گرژییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان، گومانە گەورەکان لەسەر ئایندەی ئاراستەی حوکمڕانی لە کوردستان، جێگەی نیگەرانیی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەن کە ئێستا هاوکاری کوردن لە جەنگی دژەتیرۆردا. لەوانەیە ئەم دەوڵەتانە لە ئێستادا نیگەرانییەکان بەئاشکرا وەک ڕەخنە ئاراستەی هەرێمی کوردستان نەکەن، لەبەر گرنگیی هەرێمی کوردستان لە جەنگی دژەتیرۆردا، بەڵام ئەم نیگەرانییانە لە ئایندەدا دەبنە فاکتەری یەکلاکەرەوە بۆ بڕیاردان لەسەر ئاراستەی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانییەکان. بەکورتی هەندێک لە مەرجەکانی هاوپەیمانەکانی کوردستان ڕانەگەیەندراون و پەیوەندییان هەیە بە سیستەمی حوکمڕانی، یەکگرتنەوەی هێزە چەکدارەکان و دۆخی مافەکانی مرۆڤەوە. سەرکردایەتی ژێر دەبێت ئەم مەرجە ڕانەگەیەندراوانە بخوێنێتەوە و کاریان لەسەر بکات.

کوردستان بەشێکە لە جەنگی درێژ، بەڵام تواناکانی سنووردارن. بۆ دەرچوون لەم جەنگە بە کۆمەڵێک دەستکەوتی نەتەوەییەوە، پێویستە کوردستان بەهیچ شێوەیەک نەبێتە بەشێک لە دابەشبوونە ئایدیۆلۆجییەکەی جەنگی درێژ. هاوکات ئەو بلۆکبەندییە وێناکراوەی ئەمڕۆ لە کوردستان وەک بلۆکبەندییەکی هەمیشەیی ئاماژەی پێدەکرێت، هیچ نییە جگە لە هاوپەیمانێتییەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی.

هێشتا بەشێک لە شرۆڤەکارانی ئێمە، شەختەی جەنگی سارد هزری بەستووی بەرنەداون و بەردەوام باس لە چوونی کورد دەکەن بۆ کەمپی ئەمریکی یان ڕووسی! تەنیا شتێک کە لای ئەم شرۆڤەکارانە جێی بایەخ نەبێت، کورد و ئیرادەی خۆماڵییە! ئەم جۆرە بانگەشانە ئەوەندە کورتبین و ڕووکەشانەن، کە هەندێک جار ئەمریکا وەک دەوڵەتێکی سوننی و ڕووسیا وەک دەوڵەتێکی شیعی وێنادەکەن. بەشێوەیەکی ئەوەندە ڕۆمانسی و شاعیرانە باسی هاوپەیمانێتی نێوان (تورکیا و سعودیە و ئەمریکا) یان (ئێران و سووریا و ڕووسیا) دەکەن، کە هیچ ئەگەرێک بۆ ناپاکی لەنێوان ئەم عاشقانەدا ناهێڵنەوە!

لە جەنگی درێژدا هیچ کام لەم بلۆکبەندیانە هەمیشەیی نین. جەنگەکە ئەوەندە بەرفراوان و ئەوەندە درێژە، کە هاوپەیمانێتییەکان لە گۆڕانی بەردەوامدا دەبن. لە جەنگی درێژدا لە هیچ شتێک دڵنیانین، تەنها لە درێژیی جەنگە نەبێت! لێرەوە کوردستان پێویستە "ڕاگرتنی هاوسەنگی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی" بکاتە پێوەری پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە سەرەکییەکانی جەنگی درێژ، نەک بوون بە پاشکۆ یان دەستکەلایەک کە فڕێدانی ئاسانتر بێت لە بەکارهێنانی. لەڕاستیدا تاکە بلۆکبەندییەکی ڕاستەقینە کە پێویستە هێزە سیاسییەکانی ئێمە ببنە پاشکۆی، بلۆکبەندیی کوردانە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




## ئەكتەرێكی بۆلیوود دێتە كوردستان

« 11

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەكی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەكات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پاركی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناكی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

Empire
Building the Future World




Call:
0750 640 8811
0750 640 8822
0750 640 8833

www.empireiraq.com